دامەزرانی کۆماری کوردستان لە چوارچێوەی ئێرانێکی دیمۆکراتیکی فیدراڵ دا

# کوردستان

www.kurdistanukurd.com

چوارشەممە١٦ی خاکەلێوەی١٣٩١ _٤ی ئاوریلی٢٠١٢ | ئۆرگانی حیزبی دیموکراتی کوردستان | ژمارە: ٥٨٠ | نرخ: ١٥٠ تمەن

### «دۆستانی سووریە» کوردی ڕۆژئاوای نەخوێندەوە

دوویەمین کۆنگرەی «دۆستانی سووریە« کە ڕۆژی یەکشەمە ١٣ی خالەکێوە لە ئیستامبولی تورکیە بەڕێوە چوو ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردی سووریەی بانگێشت نەکرد.

سەرۆکی شاندی کوردی ڕایگەیاند ئەنجومەنی کوردی بەهۆی ڕازی نەبوون لە هەڵوێستی ئەنجومەنی نیشتمانیی کاتیی سووریە لە سەر مافەکانی کورد پاش قۆناخی ڕووخانی ئەسەد لە کۆبوونەوەی ڕۆژی ٨ی خاکەلێوەی ئۆپۆزیسیۆن لە ئیستامبول کشایەوە.

### بەڕێوەچوونی ڕێوڕەسمی نەورۆز لە شارو ناوچەکانی کوردستان

خەڵکی شارو ناوچەکانی کوردستان ئەمساڵیش بە شکۆیەکی زیاترەوە جێژنی نەورۆزیان پیرۆز ڕاگرت. ڕۆژی سێ شەممە یەکەم ڕۆژی نەورۆز لە شارو ناوچە جیاجیاکانی کوردستان وەک ڕەبەت و ئاواییەکانی سیسێر و گۆڵێی سەر بەو شارە، سەردەشت، مەهاباد، پیرانشار، شنۆ، مەریوان و ئاواییەکانی چووڕو نێ سەر بەو شارە، سنە، کرماشان و کرێند ڕێوڕەسمی گەورەو بە شکۆ بەڕێوچوون کە تێیدا بە هەزاران کەس بەشداری کردبوون.

ئەو هەواڵە هەروەها باسی ئەوە دەکا کە لە کارناڤاڵی نەورۆزیی ئەوساڵی شاری ڕەبەت سەرەڕای خەڵکی شارەکانی ڕەبەت و سەردەشت، خەڵکی شار و ناوچەکانی دیکەش خۆیان گەیاندبوە ئەو ڕێوڕەسمە و ئەو ساڵیش وەک سالانی پێشوو خەڵک لە نەورۆزدا یەکگرتوویی خۆیان بە دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی پیشان دا.

## به ئاگری نەورۆز و یادی پێشەوا و سەرجەم شەهیدان

# گیانی نەتەوەیی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بووژایەوە



نەورۆزی ١٣٩١ _ ڕەبەت

خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، جارێکی دیکە و ئەم ساڵ بەشکۆتر لە ساڵی ڕابردوو بە پێشوازی نەورۆزەوە چوون. لە سەرانسەری ڕۆژهەڵاتی کوردستان ڕێوڕەسمی تایبەتی بە ڕوخسار و دروشم و ئامانجی نەتەوەیی و خەباتگێرانەوە بەڕێوە چوون. توێژە جۆراوجۆرەکانی خەڵک بە کۆبوونەوە لە دەوری ئاگری نەورۆز و شانازی کردن بە مێژو و کولتوور و ڕابردووی خەباتگێرانەیان، زیندوو بوون و یەکیەتیی خۆیان پێشاندا و شێلگیر بوونی خۆیان لە سەرخەبات بۆ نەهێشتنی ستەم و چەوسانەوە دووپات کردەوە.

بە بۆنەی ١٠ خاکەلێوە ڕۆژی شەهیدانی کوردستان و لە ٦٥ ساڵەی شەهید بوونی پێشەوا قازی سەرکۆماری کوردستان و هاوڕێیانیی، خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بەتایبەتی تێکۆشەرانی درێژەدەری ڕێگای شەهیدەکان، بە شێوەی جۆراوجۆر، وەفاداریی خۆیان بە ئامانجی پێشەوا و شەهیدانی کوردستان نیشان دایەوە. لە شار و ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی جەهەننەمیی کۆماری ئیسلامی، لە هەرێمی کوردستان و لە دەرەوەی کوردستان، چالاکی و ڕێوڕەسمی تایبەت بەڕێوە چوون کە پەیامی هەرهەموویان پێداگرتنەوە لە سەر خەبات تاگەیشتن بە ڕزگاریی نەتەوەیی بوو.

### ئازەربایجان تۆڕێکی سیخوڕیی سەر بە ئێرانی لەبەر یەک هەڵتەکاند



دەزگای هەواڵگریی ئازەربایجان ٢٢ کەسی بە تۆمەتی سیخوڕی بۆ ڕێژیمی ئێران و ئامانجی کاری تیرۆریستی دژی سەفارەتی ئەمریکا، ئسرائیل و وڵاتانی ڕۆژئاوا قۆڵبەست کرد.

بەڕێوەبەرایەتیی دەزگای ئەمنیەتی نەتەوەیی لە ئازەربایجان ڕایگەیاند ئەو گرووپە هەموویان هەڵگری ڕەگەزنامەی ئازەربایجانن و لە لایەن گاردی شۆڕشی ئێرانەوە ڕاهێنراون.

ئاشکرابوونی ئەو گرووپە تێرۆریستییە لە کاتێک دایە کە مانگێک لەمەوبەر گرووپێکی دیکەی تێرۆریستی لە ئازەربایجان ئاشکرا بوون و گیران کە ئەوانیش گرووپێکی سیخوڕی سەر بە کۆماری ئیسلامیی ئێران بوون.

بەپێی ڕاپۆرتی ناوەندی هەواڵگریی ئازەربایجان ئامانجی ئەم گرووپە بەرنامە بۆ داڕێژراوانە زەربەلێدان لە ئۆفیس و بنکەی ڕێکخراوە جوولەکەکان، بنکەی سەرەکی BP و ڕێستورانتە ئەمریکاییەکان بووە

هەر لەم پێوەندییەدا کاناڵێکی بە ناوبانگی تەلەڤیزیۆنی ئاشکرای کرد تۆڕێکی سەدان کەسی لە تیرۆریستەکانی ئەو وڵاتە لە تورکیە جێگیر بوون و چاوەڕوانی فەرمانی عەلی خامنەیی، ڕێبەری ئایینی و سیاسیی ئەو وڵاتە دەکەن تا چالاکییە تیرۆریستیەکانیان دەست پێ بکەن.

### کۆڕێک بۆ یادی ٦٥ ساڵەی شەهید بوونی پێشەواو هاوڕێیانی لە سلێمانی



حیزبی دێموکراتی کوردستان ڕۆژی شەممە، ١٢ی خاکەلێوە، بە بۆنەی شەست و پێنجەمین ساڵڕۆژی لە سێدارەدانی پێشەوا قازی محەممەد و هاوڕێیانی سمینارێکی لە هۆڵی تەواری شاری سلێمانی بە بەشداریی کۆمەڵێکی زۆر لە کەسایەتیە سیاسی، ئەدەبی و ئایینیەکانی کوردستان پێک هێنا.

لەو سمینارەدا هەر کام لە بەڕێزان دوکتور یاسین سەردەشتی، پرۆفیسۆر عیزەدین مستەفا ڕەسووڵ و سمایل بازیار لە چەند تەوەری جیاوازدا ڕۆڵی پێشەوا قازی محەممەد و جێگە و پێگەی کۆماری کوردستانیان هەڵسەنگاند.

ئەو سمینارە بە خولەکێک بێدەنگی بۆ گیانی پاکی شەهیدانی ١٠ی خاکەلێوە و سەرجەم شەهیدانی کوردستان دەستی پێ کرد. پاشان حەسەن شێخانی بەڕێوەبەری سمینارەکە پێشەکیەکی کورتی لە سەر ئەم ڕۆژە و کەسایەتی و تایبەتمەندییەکانی پێشەوا قازی محەممەد پێشکەشی بەشداران کرد.

پێش لە دەست پێکردنی باسەکانی کۆڕگێڕەکان شاعیری

ل ٣

هەڵوێستمان

## پەیامی دەفتەری سیاسی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە ٦٥ ساڵەی شەهیدکرانی پێشەوا قازی محەممەد دا

**خەڵکی خەباتگێڕو ئازادیخوازی کوردستان!**

**گەلانی ستەملێکراو و لایەنگرانی مافی ڕەوای کورد!**

شێستو پێنج ساڵ لەمەوبەر لە ڕۆژی ١٠ی خاکەلێوەی ١٣٢٦ ( ٣٠ مارسی ١٩٤٧)دا پێشەوا قازی محەممەد سەرۆک کۆماری کوردستان، حەمە حوسێن خانی سەیفی قازی وەزیری دیفاعی کۆمارو ئەبولقاسمی سەدری قازی برای پێشەوا قازی لە مەیدانی چوارچرای شاری مەهاباد لە سێدارە دران. بە ئێعدامی پێشەواو هاوڕێیانی قۆناغێکی زێڕینو پڕ لە دەسکەوتی نەتەوەی کورد ـ کە تا ئەو کاتە کورد بە خۆیەوە نەدیتبوو ـ کۆتایی هات. پاش ئێعدامی پێشەواو هاوڕێیانی ژمارەیەکی دیکە لە وەفادارترین ڕێبوارانی کۆماری کوردستان بە تایبەتی لە فەیزوڵلابەگییەکانی ناوچەی سەقز لە دار دران‌و ژمارەیەکی زۆریش لە تێکۆشەرانی بزووتنەوەی ١٣٢٤ ـ ٢٥ زیندانی کران‌و ژمارەیەکی زۆریش لە تێکۆشەرانی کورد پەڕیوەی وڵاتانی دەرەوە بوون.

چاوخشاندنێک بەسەر کەسایەتیی پێشەواو کاروکردەوەکانی دا قووڵایی کارەساتی ١٠ی خاکەلێوەو کاریگەریی ئەو ڕووداوە تاڵەمان لەسەر مێژووی دوای خۆی زیاتر بۆ ڕوون دەکاتەوە، پێشەوا جگە لەوەی کە لە بنەماڵەیەکی خوێندەوارو بە فەرهەنگی شاری مەهابادا پێگەیشتبوو باوکی قازیی ئەو ناوچەیە بوو، بۆخۆشی لە خوێندن‌و خۆپێگەیاندندا زۆر سەرکەوتوو بوو. جگە لە خوێندنی ئایینی، لە بواری ئەدەبیات‌و فێربوونی زمانی بێگانەشدا توانایی خۆی نیشان دا. پێشەوا جگە لە زمانی فارسی، عەرەبی‌و تورکی، زمانی ئینگلیسی‌و فەڕانسەیی‌و ڕووسییشی زانیوە، گرنگیی ئاستی خوێندن‌و زانیاریی پێشەوا ئەو کاتە زیاتر دەردەکەوێ کە بزانین بەهۆی پشتگوێخرانی خرانی کوردستان لەلایەن ڕێژیمی پاشایەتییەوە تەنیا ڕێژەیەکی کەم لە پیاوان خوێندەوارییان هەبوو و خوێندەواری لە نێو ژنانیش دا یان هەر نەبوو یان دەگمەن بوو. قازی محەممەدی نەمر هێشتا لاوێکی ٢٤ ساڵە بوو کە بەرپرسایەتیی ئیدارەی ئەوقاف‌و کاروباری ئیسلامیی لە شاری مەهاباد پێ ئەسپێردرا و پاشان کرا بە بەرپرسی ئیدارەی فەرهەنگی شاری مەهاباد. قازی لە تەمەنی ٣١ ساڵیدا پاش مەرگی باوکی، قازی عەلی، بوو بە قازیی ناوچەی مەهاباد، بەڵام ڕێژیمی ڕەزا شا بە هۆی ئەوەی قازی محەممەد بە زمانی کوردی قسەی بۆ ژمارەیەک سەرباز لە مەهاباد کردبوو، ئەو پۆستەی لێ وەرگرتەوەو لە ساڵی ١٩٤١دا کە هێزەکانی هاوپەیمانان ئێرانیان داگیر کرد ئەو پۆستەی وەرگرتەوە.

ل ٤



وتاری دەفتەری سیاسیی حیزب بە بۆنەی نەورۆزی ١٣٩١ەوە

٤



با قازی محەممەد بکەینە سەرمەشقی هزری نەتەوەیی و مرۆییمان

٦



گەشە سەندن و پێشکەوتن، کوردستان لە عێراق جیا دەکاتەوە

٧



عێراق، بەرەو باڵکانیزەبوون

٩

### بەبۆنەی ٦٥ ساڵەی شەهیدکرانی پێشەوا قازی محەممەدەوە

لە ٦٥ ساڵەی شەهید بوونی پێشەوا قازی محەممەد سەرکۆماری کوردستان و هاوڕێیانی دا و بە بۆنەی ١٠ خاکەلێوە، ڕۆژی شەهیدانی کوردستان، چەندین ڕێوڕەسمی تایبەتی لە کوردستان و وڵاتانی سوئێد، فینلاند، نۆرویژ و سویس و ئاڵمان بەڕێوە چوون. لەم ژمارەیەی «کوردستان»دا ڕاپۆرتی تایبەت بەم ڕێوڕەسمانە بخوێننەوە.



# له‌ بنکه‌ی ده‌فته‌ری سیاسیی حدک له‌ ڕێوڕه‌سمێکی تایبه‌تی دا پێشوازی له‌ نوێبوونه‌وه‌ی ساڵ کرا

ده‌فته‌ری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان به‌ بۆنه‌ی هاتنی ساڵی نوێ و نه‌وڕۆزی ٢٧١٢ ی کوردی ڕێوڕه‌سمێکی تایبه‌تیی به‌ڕێوه‌ برد.

له‌و ڕێوڕه‌سمه‌دا که‌ به‌یانیی ڕۆژی سێشه‌ممه‌، ١ ی خاکه‌لێوه‌ی ١٣٩١ ی هه‌تاوی و هاوکات له‌گه‌ڵ نوێبوونه‌وه‌ی ساڵی نوێ و به‌به‌شداریی سه‌دان که‌س له‌ تێکۆشه‌رانی حیزبی دێموکرات و ئه‌ندامانی بنه‌ماڵه‌کانیان به‌ڕێوه‌ چوو، مۆمی ساڵی ٢٧١٢ ی کوردی داگیرسا.

له‌ سه‌ره‌تای ئه‌و ڕێوڕه‌سمه‌دا مامۆستا عه‌بدوڵڵا حه‌سه‌نزاده‌ وتاری ده‌فته‌ری سیاسیی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی به‌م بۆنه‌یه‌وه‌ پێشکه‌ش کرد که‌ ده‌قی وتاره‌که‌ له‌م ژماره‌یه‌ی ڕۆژنامه‌ی «کوردستان» دایه‌.

له‌ درێژه‌ی ئه‌و ریوڕه‌سمه‌دا مۆمی ساڵی ٢٧١٢ ی کوردی له‌ لایه‌ن کۆمه‌ڵێک له‌ ئه‌ندامانی بنه‌ماڵه‌ شه‌هیده‌کانی حیزبه‌وه‌ داگیرسا و پێشکه‌ش کردنی چه‌ند سرووود و گۆرانییه‌ک به‌ ده‌نگی هونه‌رمه‌ندان سه‌رکه‌وت مرادی و کۆڕسی کوڕان و کچانی دێموکڕات بڕگه‌کانی دیکه‌ی ئه‌و ڕێوڕه‌سمه‌ بوون.



# پێکهاتنی سمینارێکی سیاسی بۆ سکرتێری گشتیی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان له‌ وڵاتی فینلاند

ڕۆژی، یه‌کشه‌ممه‌، ٢٨ ی ڕه‌شه‌مه‌ له‌ شاری تۆرکۆی وڵاتی فینلاند، سمینارێکی سیاسی بۆ کاک خالید عه‌زیزی، سکرتێری گشتی حیزبی دێموکراتی کوردستان پێک هات.

له‌و سمیناره‌دا که‌ به‌شداریی ژماره‌یه‌کی به‌رچاو له‌ ئه‌ندامانی حیزب و کۆمه‌ڵێک میوان و که‌سایه‌تی و چالاکی سیاسیی کورد به‌ڕێوه‌ چوو، سه‌ره‌تا ساتێک بێده‌نگی بۆ شه‌هیدانی کوردستان به‌ گشتی و قوربانیانی کاره‌ساتی هه‌ڵه‌بجه‌ به‌ تایبه‌تی ڕاگه‌یه‌ندرا و پاشان کاک خالید باسێکی سیاسیی پێشکێش کرد.

سکرتێری گشتیی حیزب به‌ ئاوڕدانه‌وه‌ له‌ گوڕان و ئاڵوگۆڕه‌کان له‌ ناوچه‌ و جیهان ڕایگه‌یاند که‌ کورد ده‌بێ بزانێ چۆن ئه‌و ئه‌و ئاڵوگۆڕانه‌ به‌کار دێنێ و له‌ گۆڕانه‌کانی پێوه‌ندیدار به‌ کوردستان که‌ڵکیان لێ وه‌رده‌گرێ.

خالید عه‌زیزی له‌ به‌شێک له‌ قسه‌کانیدا ڕایگه‌یاند که‌ له‌سه‌رده‌می که‌مبوونه‌وه‌ی دیکتاتورییه‌کاندا هیوادارم که‌ دێموکراسی نه‌هادینه‌ بێ و نه‌ته‌وه‌بنده‌سته‌کان به‌ مافه‌کانی خۆیان بگه‌ن. بۆ ئێمه‌ که‌ ساڵانێکه‌ بۆ دێمۆکراسی و ئازادی خه‌بات ده‌که‌ین و له‌ کاتێکدا حکوومه‌ته‌ دیکتاتۆره‌کان ده‌گۆڕێن، شێوازی گۆڕانان جێگای باس و پرسیاره‌، ئێمه‌ له‌ بایه‌خی ئه‌و گۆرانکارییانه‌ که‌م ناکه‌ینه‌وه‌، ئێمه‌ له‌ ناوچه‌یه‌کدا شاهیدی ئاڵوگۆڕه‌کانین که‌ دێمۆکراسی به‌ خۆیه‌وه‌ نه‌بینیوه‌، بۆیه‌ شایه‌د له‌سه‌ره‌تای هه‌ر شۆڕشێکدا کێشه‌ی خۆیشی لێ بکه‌وێته‌وه‌.

سکرتێری گشتیی حیزب له‌ به‌شێکی دیکه‌ باسه‌که‌یدا گوتی که‌ ئێران ده‌یهه‌وێ وا له‌ خه‌ڵک بگه‌یه‌نێ که‌ به‌هۆی ئه‌وه‌ی خۆی به‌رهه‌می ئینقلابه‌ ،خالی هاوبه‌شی له‌ گه‌ڵ ئینقلابه‌کانی ناوچه‌ هه‌یه‌، به‌ڵام به‌رای ئێمه‌ ئه‌وه‌ هه‌ڵه‌یه‌ و وانییه‌. ئه‌وه‌ی له‌ سوریه‌ هاتۆته‌ گۆڕێ، به‌ دڵنیایه‌وه‌ ده‌سه‌ڵاتی بنه‌ماڵه‌ی ئه‌سه‌د نامێنێ و چاوه‌ڕوانی هاتنه‌ سه‌رکاری ده‌سه‌ڵاتێکی دێمۆکراتیک له‌ ناوچه‌که‌دا ده‌کرێ.

به‌ڕێزیان له‌ درێژه‌ی باسه‌که‌یدا ڕایگه‌یاند که‌ له‌ دونیایه‌ک دا ده‌ژین که‌ کێشه‌ی ئێران له‌گه‌ڵ دنیای ده‌ره‌وه‌ و، ئه‌و کێشانه‌ی که‌ به‌رده‌وام له‌گه‌ڵ دنیای ده‌ره‌وه‌ درێژ ده‌بێته‌وه‌، به‌ پێی ئه‌و گۆرانانه‌ ٢ سێناریو بۆ کورد ده‌بینین. له‌ وڵاتێکی وه‌ک سوریه‌ که‌ کورد به‌ بێ ناسنامه‌ مابووه‌وه‌ ئێستا گۆڕانی به‌سه‌ردا هاتوه‌ ئه‌مه‌ش به‌رهه‌می ئه‌و شه‌پۆله‌ گه‌ورانه‌یه‌ له‌ ناوچه‌دا، ئه‌وه‌ی له‌ تورکیه‌ له‌ ئارادایه‌ به‌ باوه‌ری ئێمه‌ یه‌کێک له‌ هونه‌ری کورد هێنانه‌ ئارای ئاڵترناتیڤه‌ ئه‌وه‌ی تورکیه‌ سه‌ره‌رای ئاسته‌نگه‌کانی به‌ شتێکی باش ده‌زانین، به‌رای ئێمه‌ ئه‌وه‌ی له‌ عێراق له‌ ئارادایه‌ دوای ڕووخانی ده‌سه‌ڵاتی به‌عس فرسه‌تێک بووه‌ بۆ مه‌سه‌له‌ی کورد، به‌رده‌وام له‌لایه‌ن حکوومه‌ته‌کان به‌ چاوی ئه‌منیه‌تی له‌ دۆزی کوردیان ڕوانیوه‌. به‌ خۆشیه‌وه‌ ئه‌زموونی کوردی عێراق ئه‌وه‌ی سه‌لماند که‌ کوردستان وه‌ک فورسه‌ت چاو لێبکرێ بۆ چاره‌سه‌ری مه‌سه‌له‌ی کورد له‌ به‌شه‌کانی دیکه‌، بۆیه‌ له‌ ته‌عامولمان ده‌بێ ئه‌وه‌ له‌به‌ر چاو بگرین له‌به‌ر ئه‌وه‌ی ئه‌وان زۆر به‌ مه‌سه‌له‌ی کورد ئاشنا نین.

کاک خالید له‌ به‌شێکی دیکه‌ی باسه‌که‌یدا باسی له‌وه‌ کرد که‌،٣٢ ساڵ خه‌باتی کورد به‌پێی ئه‌زموونه‌کانمان ده‌توانێ له‌ داهاتوی ئێران و له‌ چۆنیه‌تیی دروست کردنه‌وه‌ی ئێرانی داهاتوودا ده‌وری به‌رچاوی هه‌بێ. ئاڵوگۆڕه‌کانی دونیا به‌ نه‌هادینه‌ بوونی ماف و دقیقیه‌ن ڕێگا چاره‌ی حیزبی دێمۆکراته‌ بۆ داهاتووی ئێران که‌ واحیدێکی سیاسی جوغرافیایی که‌ چه‌ندین نه‌ته‌وه‌ی تێدا ده‌ژین یه‌ک له‌وان فارسه‌.

سکرتێری گشتیی حیزب ڕوونی کردوه‌وه‌ که‌ ئیحتمالێک هه‌یه‌ که‌ له‌به‌رانبه‌ر سیاسه‌تی نامه‌سئولانه‌ی ڕێژیم که‌ له‌ ئاستی جیهانیدا هه‌یه‌تی، ئه‌گه‌ری ئه‌وه‌ بێته‌ گۆڕێ که‌ ئێران په‌لاماری بکرێته‌ سه‌ر و ئه‌گه‌ر ئه‌و سێناریۆیه‌ بێته‌ گۆڕێ و شه‌ڕ له‌ ئێران روو بدا، کورد به‌شێک نییه‌ له‌ شه‌ر، بۆیه‌ له‌و حاڵه‌تانه‌دا ئێمه‌ له‌دوای به‌رژه‌وه‌ندی نه‌ته‌وه‌یی خۆمان ده‌گه‌ڕێن.



خالید عه‌زیزی به‌ ئاوڕدانه‌وه‌ له‌ بارودۆخی سیاسی و ته‌شکیلاتیی نێو ڕیزه‌کانی ئۆپۆزیسیۆنی کورد ڕایگه‌یاند که‌ ئێمه‌ له‌ حیزبی دێمۆکراتی کوردستان که‌ باس له‌ یه‌کگرتوویی ده‌که‌ین باسی به‌رژه‌وه‌ندی گشتی ده‌که‌ین، مادام له‌ پرسه‌ی ڕزگاری نه‌ته‌وه‌ییدا بین زه‌رووره‌ته‌کان دێنه‌ پێشێ، ئێمه‌ له‌ نێوخۆی خۆمان پێویستیمان به‌ ڕێککه‌وتنێکی نه‌ته‌وه‌یی هه‌یه‌، بۆ نه‌ته‌وه‌یه‌ک که‌ کێشه‌ی هه‌ڵواسراوی نه‌ته‌وه‌یی هه‌یه‌ ده‌بێ ئیلزاماتی نه‌ته‌وه‌یی قه‌راردادێکی نه‌ته‌وه‌یی هه‌بێ. هه‌ر که‌س به‌ هه‌ر ئیدئولۆژی و باوه‌ڕێک کار ده‌کا هیچ کێشه‌مان له‌گه‌ڵی نییه‌ مادام باوه‌ڕی به‌ مافی نه‌ته‌وه‌ی کورد و ڕه‌مزه‌کانی هه‌یه‌.

شایانی باسه‌ که‌ ئه‌و سمیناره‌ به‌ پرسیار و تێبینیی به‌شدار بووان و وڵامه‌کانی کاک خالید کۆتایی پێ هات و دواتر له‌ لایه‌ن کۆڕی سرووودی یه‌کیه‌تیی لاوانی دێمۆکراته‌وه‌ چه‌ند سرووودێکی شۆڕشگێری پێشکه‌ش کرا.

# به‌ڕێوه‌چوونی ڕێوره‌سمی ١٠ ی خاکه‌لێوه‌، ڕۆژی شه‌هیدانی کوردستان له‌ بنکه‌ی ده‌فته‌ری سیاسیی حیزب

کۆمیسیۆنی کۆمه‌ڵایه‌تیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان ڕۆژی ١٠ ی خاکه‌لێوه‌، ڕۆژی شه‌هیدانی کوردستان به‌ به‌ڕێوه‌بردنی ڕێوڕه‌سمێک که‌ به‌به‌شداریی سه‌دان که‌س له‌ تێکۆشه‌رانی حیزبی دێموکڕات و ئه‌ندامانی بنه‌ماڵه‌ی شه‌هیدان به‌ڕێوه‌ چوو، ڕێزی له‌ یاد و بیره‌وه‌ریی شه‌هیدانی کوردستان و له‌ سه‌رووی هه‌مووان، پێشه‌وا قازی محه‌ممه‌د و هاورێیانی گرت.

له‌ بڕگه‌ی یه‌که‌می ئه‌و ڕێوڕه‌سمه‌دا که‌ له‌ سه‌ر مه‌زاری به‌شێک له‌ شه‌هیدانی حیزبی دێموکڕات به‌ڕێوه‌ چوو، به‌شداران به‌ دانانی چه‌پکه‌ گوڵ له‌ سه‌ر مه‌زاری شه‌هیدان و وه‌ستان به‌ بێده‌نگی ڕێزیان له‌ یاد و بیره‌وه‌ریی شه‌هیدان گرت و له‌ گه‌ڵ ئامانج و ڕێبازی شه‌هیدان به‌ڵێن و په‌یمانی وه‌فایان نوێ کرده‌وه‌.

له‌ به‌شێکی دیکه‌ی ئه‌و ڕێوڕه‌سمه‌دا که‌ له‌ ساڵۆنی بۆنه‌ و ڕێوڕه‌سمه‌کانی حیزبدا به‌ڕێوه‌ چوو، کۆڕیاده‌که‌ به‌ خوێندنه‌وه‌ی سرووودی «ئه‌ی شه‌هیدان» درێژه‌ی پێ درا و دواتر په‌یامی ده‌فته‌ری سیاسیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان به‌و بۆنه‌یه‌ له‌لایه‌ن کاک حه‌سه‌ن قادرزاده‌، ئه‌ندامی ده‌فته‌ری سیاسیی حیزبه‌وه‌ خوێندرایه‌وه‌. دواتر په‌یامی کۆمیسیۆنی کۆمه‌ڵایه‌تیی حدک به‌م بۆنه‌یه‌ له‌لایه‌ن خه‌دیجه‌ مه‌عزوور، به‌رپرسی ئه‌و کۆمیسیۆنه‌ خوێندرایه‌وه‌. خوێندنه‌وه‌ی په‌یامی ناوه‌ندی ٢ ی کوردستان له‌ لایه‌ن محه‌ممه‌د مام ئاغا، خوێنده‌وه‌ی شێعری «رووحی پێشه‌وا»ی مه‌مه‌ند ئاغا له‌ لایه‌ن شه‌ونم هه‌مزه‌یی، خوێندنه‌وه‌ی شێعری «ماڵاوایی» ی شێرکۆ بێکه‌س له‌ لایه‌ن خه‌دیجه‌ مه‌عزوور چه‌ند بڕگه‌یه‌کی دیکه‌ی ئه‌و ڕێوڕه‌سمه‌یان پێک دێنا و هه‌روه‌ها کۆڕسی کۆڕی هونه‌ریی حدک به‌ چه‌ند سرووودی شۆڕشگێڕی و ئاوات بۆکانی به‌ دوو مه‌قام گوڕ و تینێکی دیکه‌یان به‌و ڕێوڕه‌سمه‌ به‌خشی.







دوایین به‌شی به‌رنامه‌کانی ڕێوره‌سمی ١٠ ی خاکه‌لێوه‌، ڕۆژی شه‌هیدانی کوردستان کردنه‌وه‌ی پێشانگای وێنه‌ی شه‌هیدانی حیزب بوو که‌ تێیدا به‌شداران به‌ سه‌ردانی ئه‌و پێشانگایه‌ که‌ به‌ وێنه‌ی زیاتر له‌ ٤٠٠٠ شه‌هیدی حیزب ڕازابۆوه‌، په‌یمانیان له‌ گه‌ڵ شه‌هیدانی حیزب و گه‌ل نوێ کرده‌وه‌.

# به‌ڕێوه‌چوونی کۆبوونه‌وه‌یه‌کی به‌رینی ته‌شکیلاتیی حیزب له‌ ده‌ره‌وه‌ی وڵات

کۆمیسیۆنی ته‌شکیلاتی ده‌ره‌وه‌ی وڵات ڕۆژی شه‌ممه‌، ٢٧ ی ڕه‌شه‌مه‌ کۆبوونه‌وه‌یه‌کی به‌رینی بۆ به‌رپرسان و ئه‌ندامانی کومیته‌کانی ده‌ره‌وه‌ی حیزبی دیموکراتی کوردستان له‌ ئورووپا و ئه‌مریکا و کانادا و ئوسترالیا و نیوزله‌ند به‌ شێوه‌ی حوزوری و به‌شێکیشیان له‌ ڕێگه‌ی ئینتێرنێته‌وه‌ له‌ شاری تۆرکۆی وڵاتی فینلاند پێک هێنا. له‌به‌ر گرینگیی کۆبوونه‌وه‌که‌، به‌ریز خالید عه‌زیزی سکرتێری گشتیی حیزب تێیدا به‌شدار بوو.

له‌ سه‌ره‌تای ئه‌و کۆبوونه‌وه‌یه‌دا کاک سه‌عید به‌یگزاده‌، ئه‌ندامی کۆمیته‌ی ناوه‌ندیی حیزب وته‌یه‌کی کورتی سه‌باره‌ت به‌ مه‌به‌ست و ئامانجه‌کانی ئه‌و کۆبوونه‌وه‌یه‌ پێشکه‌ش کرد وباسی له‌وه‌ کرد که‌ کۆبوونه‌وه‌که‌ کۆبوونه‌وه‌یه‌کی ته‌شکیلاتییه‌ و به‌ مه‌به‌ستی هه‌رچی زیاتر به‌شدار کردنی به‌رپرسانی حیزب له‌ چاره‌نووسی سیاسیی حیزبه‌که‌مان پێک هاتوه‌ و هه‌روه‌ها بۆ باس وخواس له‌سه‌ر کارو چالاکییه‌ حیزبییه‌کاندا و هه‌وڵدان بۆ به‌شداری کردنی چرو پڕی ئه‌ندامانی کۆبوونه‌وه‌که‌ بۆ باشتر و هه‌ماهه‌نگیی زیاتری کاری و چالاکییه‌کان و به‌ڕێوه‌چوونی کاره‌ حیزبییه‌کان له‌ ده‌ره‌وه‌ی وڵات و چۆنیه‌تیی کار کردنمان له‌ داهاتوو دایه‌.

له‌ درێژه‌ی کۆبوونه‌وه‌که‌دا خالید عه‌زیزی، سکرتێری گشتیی حدک باسێکی پێشکه‌ش کرد و وێڕای یادکردنه‌وه‌ له‌ هه‌ڵه‌بجه‌ و ڕێزگرتن له‌ قوربانییه‌کانی خه‌ڵکی کوردستان و هه‌روه‌ها پیرۆزبایی به‌ بۆنه‌ی ساڵی نوێی کوردییه‌وه‌ هیوای خواست که‌ چالاکییه‌کانمان له‌ ساڵی نویدا به‌رینترو به‌ربڵاوتر بێ.

کاک خالید ئاماژه‌ی به‌وه‌دا که‌ به‌هوی ئه‌و مه‌وقعیه‌ته‌ی حیزب هه‌یه‌تی توانیویه‌تی که‌ ده‌ور و ڕۆڵی کاریگه‌ری هه‌بێت له‌ ئاڵوگۆڕه‌ سیاسییه‌کاندا و هه‌روه‌ها باسی له‌وه‌ کرد که‌ سنووری کاری حیزبیی ئێمه‌ زۆر به‌رفراوانه‌ و ده‌بێ هه‌وڵ بده‌ین که‌ له‌ گشت ئامرازه‌کان بۆ به‌ره‌وپێش بردنی کاره‌کان که‌ڵکی پیویست وه‌رگرین.

له‌ به‌شێکی دیکه‌ی ئه‌و کۆبوونه‌وه‌یه‌دا به‌ڕێز مسته‌فا شه‌ڵماشی، به‌رپرسی کومیته‌ی ده‌ره‌وه‌ی وڵاتی حدک، باسێکی سه‌باره‌ت به‌ کاروچالاکییه‌کانی چه‌ند ساڵی ڕابردووی کومیته‌ و ئۆرگانه‌ حیزبییه‌کان له‌ ده‌ره‌وه‌ی وڵات پێشکه‌شی به‌شداران کرد. به‌ڕیزی به‌ ئاوڕدانه‌یه‌ک له‌ کاروچالاکییه‌کان له‌ چه‌ند ساڵی ڕابردوو دا، سپاسی هه‌موو کۆمیته‌کانی ده‌ره‌وه‌ی وڵاتی کرد که‌ به‌ پیر هه‌موو بانگه‌واز و داواکارییه‌کانی حیزبه‌وه‌ هاتوون و داوای کرد که‌ له‌ داهاتووش دا هه‌روا چالاکانه‌ کار و ئه‌رکه‌ حیزبییه‌کان ڕاپه‌ڕێنن.

پاشان باسێکی تێروته‌سه‌ل سه‌باره‌ت به‌ ئۆرگان و کومیته‌ حیزبییه‌کان له‌ لایه‌ن به‌رپرسانی ئه‌و به‌شانه‌ پێشکه‌ش کران و به‌رپرسان خاله‌ لاواز و گرفته‌کانیان ده‌ست نیشان کردن و داوای ڕاو بۆ چوونونی هاوڕێیانیان کرد و هاوڕێیانیش زۆر چالاکانه‌ له‌ باس و خواسه‌کان دا به‌شداربوون کرد و ڕاوبۆچوونه‌کانی خۆیان له‌سه‌ر ڕاپۆرتی ئه‌و به‌شانه‌ ده‌ربڕی.

به‌شه‌کانی ڕاگه‌یاندن، په‌یوه‌ندی‌یه‌ بیانی، ئێرانی و کوردستانی‌یه‌کان، ژنان و لاوان و به‌شی دارایی و ته‌شکیلات ته‌وه‌ری سه‌ره‌کیی کۆبوونه‌کانی پێک ده‌هێنا، که‌ هه‌موو به‌شداران به‌ شێوه‌یه‌کی زۆر کراوه‌ و زۆر چالاکانه‌ ڕاوبۆچوونه‌کانی خۆیان هێنایه‌ به‌رباس و پێشنیاره‌کانی خۆیان سه‌باره‌ت به‌ هه‌رچی باشتر به‌ڕێوه‌بردنی کاره‌کان له‌ داهاتوو دا خسته‌ڕوو.

له‌و کۆبوونه‌وه‌یه‌دا به‌رپرسانی حیزبی له‌ هه‌موو ته‌وه‌ره‌و بابه‌ته‌کاندا بۆچوون و به‌رچاو ڕوونییان به‌ کۆمیته‌ی به‌ریوه‌به‌ری حیزب له‌ ده‌ره‌وه‌ی وڵاتدا. له‌لایه‌کی دیکه‌ش هاورێیان زۆر چالاکانه‌ له‌ باسه‌ سیاسیه‌کاندا ڕاو نه‌زه‌ری خۆیان ده‌گه‌ڵ سکرتیر و به‌رپرسانی دیکه‌ هێنایه‌ گۆڕێ و داواکرا که‌ ئه‌م چه‌شنه‌ کۆبوونه‌وانه‌ ساڵانه‌ به‌ پێی ئیمکان پێک بێن.

ئه‌و کۆبوونه‌وه‌یه‌ پاش زیاتر له‌ ١٧ کاتژمێر کاری به‌رده‌وام، کاتژمێر ٢ی پاش نیوه‌شه‌و کۆتایی به‌ کاره‌کانی هێنا و هاوڕێیان به‌ره‌و وڵات و جێگه‌ی کاری خۆیان گه‌ڕانه‌وه‌.



# به‌شداریی کومیته‌ی حیزب له‌ ڕێوڕه‌سمێکی نه‌وڕۆزی له‌ ساڵۆنی کۆنگره‌ی ئه‌مریکادا

هه‌یئه‌تێکی کومیته‌ی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان له‌ ئه‌مریکا له‌ ڕێوڕه‌سمێکی نه‌وڕۆزی له‌و وڵاته‌دا به‌شدار بوو که‌ له‌ یه‌کێک له‌ ساڵۆنه‌کانی گۆنگره‌ی ئه‌مریکادا به‌ڕێوه‌چوو.

له‌و ڕێوڕه‌سمه‌دا که‌ ڕۆژی پێنچ شه‌ممه‌، ٣ ی خاکه‌لێوه‌ به‌ ئیبتکاری ڕێکخراوی موجاهیدینی خه‌ڵکی ئێران به‌ڕێوه‌ چوو، چه‌ندین کاربه‌ده‌ست و که‌سایه‌تیی پایه‌به‌رزی نێو ده‌زگا ده‌وڵه‌تی و مه‌ده‌نییه‌کانی ئه‌مریکا وێڕای پیرۆزبایی ساڵی نوێ له‌ خه‌ڵکی ئێران، پشتیوانیی خۆیان له‌ خه‌باتی ڕه‌وای خه‌ڵکی ئێران تا گه‌یشتن



به‌ ئازادی وسه‌قامگیر کردنی دیموکراسی ده‌ربڕی.

شایانی باسه‌ که‌ هه‌یئه‌تی کومیته‌ی حدک له‌ ئامریکا بۆ به‌شداری له‌و ڕێوره‌سمه‌ له‌ سیامه‌ند خوسره‌وی، کامران باڵنور و نه‌سرین کریمی پێک هاتبوو.

## بەشداریی کومیتەکانی حدک لە ئاڵمان و سویس لە بۆنە نەورۆزییەکانی ئەو دوو وڵاتەدا

**ئاڵمان:**
بە هاوکاری چوار حیزبی کوردستانی لە «کۆڵن»ی ئاڵمان ڕێورەسمێک بە بۆنەی نەورۆزەوە بەڕێوە چوو.

ڕۆژی شەممە ٥ی خاکەلێوە چوار حیزبی کوردی، ڕێوڕەسمێکی پڕشکۆیان بە بۆنەی نەورۆز و هاتنی ساڵی نوێی کوردییەوە بۆ کوردستانیانی دانیشتووی شاری کوڵن پێک هێنا. ئەو جێژنە کە کوردانی هەر چوار پارچەی کوردستان تێیدا بەشدار بوون، بە وتاری هاوبەشی هەر چوار حیزبی پێکهێنەری ڕێورەسمەکە دەستی پێ کرد کە لە لایەن سوڵتان گوڵاوییەوە پێشکەش کرا.



خوێندنەوەی وتارێک بە زمانی ئاڵمانی، پێشکێش کردنی چەندین پارچە هونراوە و پەخشانی بەهاری و تایبەت بە نەورۆز و شایی و هەڵپەڕکێی گشتیی کوردانی بەشداربوو، چەند برگەیەکی دیکەی ئەو ڕیورەسمە بوون.

شایانی باسە کە حیزبەکان پێکهێنەری ئەو ڕێوڕەسمە لە: پارتی دیموکراتی کوردستان، یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان، پارتی دیموکراتی کوردستان باکوور و حیزبی دیموکراتی کوردستان پێک هاتبوو.

**سویس:**
لە لایەکی دیکەشەوە و هەر هەمان ڕۆژ لە سەر بانگهێشتنی لیژنەی ناوچەی سویسی پارتی دیموکراتی کوردستان، هەیئەتێکی کۆمیتەی سویسی حیزبی دیموکراتی کوردستان بەشدارییان لە ئاهەنگی نەورۆز و سەری ساڵی نوێی کوردی کرد کە لە لایەن لیژنەی ناوچەی پارتی دێموکراتی کوردستان لە وڵاتی سویسەوە ڕێک خرابوو.

لەو ڕێورەسمەدا هەیئەتی کۆمیتەی سویسی حیزبی دێموکراتی کوردستان کە لە کەماڵ بەروەندی و یاسین مەولوودی پێک هاتبوو، چەپکە گوڵێکی بەهارییان پێشکەشی هەیئەتی خانەخوێ کرد.

## لە وڵاتی دانمارک ڕێوڕەسمێک بە بۆنەی ١٠ی خاکەلێوە بەڕێوەچوو

کۆمەڵێک لە ئەندامانی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان لە وڵاتی دانمارک بە بۆنەی ١٠ی خاکەلێوە، ڕۆژی شەهیدانی کوردستان سەردانی مەزاری نەمران کاک نەبی قادری، عەبدوڵڵا حەسەنی، عەلی حەسەنیانی و خوسرەوی موزەفەرییان لە شاری کۆپێنهاک کرد.

لەو دیدارەدا چەند وتەیەک لە سەر مەزاری ئەو شەهیدانە پێشکێش کرا پاشان هەریەک لە بەڕێزان خاتوو خەیاڵ قادری، هاوسەری نەبی قادری و عەباسی شەریفی ئەندامی کۆمیتەی حیزب لە سەر ڕۆڵ و کەسایەتیی کاک نەبی قادری و چەند کەسایەتییەکی دیکەی خەباتکاری حیزبی دێموکرات چەند وتەیەکیان پێشکێش کرد.

لە بەشێکی دیکەی ئەو سەردانەدا ئەندامانی حیزب بە دانانی چەپکە گوڵ و هەڵکردنی مۆم لە سەر گۆڕی نەمران، وێڕای پەیمان نوێکردنەوە لەگەل



هاوسەنگەرانیان، بەڵێنیان دا تا سەر درێژەدری ڕێبازی شەهیدان بن.

دریژەی:

## کۆڕێک بۆ یادی ٦٥ ساڵەی شەهید بوونی پێشەواو هاوڕێیانی لە سلێمانی

ناوداری کورد، مامۆستا شێرکۆ بێکەس بەم بۆنەیەوە پەخشانە شێعرێکی خوێندەوە و دوابەدوای ئەو یەکەم کۆرگێڕی سمینارەکە چەند سەرنجێکی لە ڕێبەرایەتی و هێژمۆنیی ڕۆحی وئەخلاقیی پێشەوا هێنایە بەر باس.

دوکتور یاسین سەردەشتی بەو قسەیەی پێشەوا کە دەڵێ «دوژمنی ڕاستەقینەی کورد نە تورک و نە فارس و نە عەرەبە، بەڵکوو بێ فەرهەنگی و نەبوونی زانست لە نێو کۆمەڵگایە»، باسەکەی خۆی دەست پێ کرد. ناوبراو گوتی کە لە کاتی کۆماری کوردستاندا وەرچەرخانێک لە ڕێبەرایەتیی سیاسی کورد پێک هات و ئەویش دوای ئەوەی ساڵیانێکی زۆر میرەکان، سەرۆک خێڵەکان و شێخ و ئاغاکان ڕێبەرایەتی کورد دژی داگیرکەرانیان دەکرد، ئەمجارە ڕێبەرایەتی کورد بە هاوکاریی عەشیرەتەکان کەوتە دەست چینی ڕووناکبیری کۆمەڵگا. بەڕێزیان لە بەشێکی دیکەی باسەکەیدا هاتە بەر باسی جیاوازییەکانی نێوان دوو کۆماری ئازەربایجان و کۆماری کوردستان کە لە یەک قۆناغی زەمەنیدا دامەزران و گوتی کە کۆماری ئازەربایجان وێڕای پێشکەوتن لە بوارە جۆراوجۆرەکاندا، کەچی مافی مرۆڤ و ئازادیی خەڵکی پێشێل دەکردبەلام لە کوماری کوردستاندا جیا لە هەموو پێشکەوتنەکان ئازادی پارێزراو بوو. لە کۆماری ئازەربایجاندا لە بەرانبەر عەشیرەتەکاندا توندوتیژییان دەنواند، لە حاڵێکدا لە کۆماری کوردستاندا زۆربەی عەشیرەتەکان پاڵپشتی کۆمار بوون و ئەوەش لە کاتێکدا بوو کە زۆربەی عەشیرەتەکانی کوردستان چەکدار بوون و فەرهەنگی کوردستانی ئەو کاتێش لە ئازەربایجان لە دواتر بوو. ناوبرا هەمووی ئەوانەی گەڕاندەوە بۆ هێژمۆنی پێشەوا بە سەر کۆمەڵگا و گوتی کە پێشەوا جیا لەوەی کەسێکی ئایینی و زانا بوو ،خاوەن ئەخلاقێکی بەرزی کۆمەڵایەتیش بوو.

دوکتور یاسین سەردەشتی لە کۆتاییدا گوتیشی کە پێشەوا بە مۆدێلی توندوتیژی و هاڕینی چینەکانی پێش خۆی و لێ ئەستاندنەوەی مەودا نەهاتە سەر دەسەڵاتی سیاسی، بەڵکوو ئەوە زەرووڕەتێکی مێژوویی بوو، ناوبراو ئاماژەی بەوەش کرد کە هەنگاوەکانی پێشەوا سەرەتایەک بوو بۆ ورچەرخان لە هەموو بوارەکان دا.

لە بەشێکی دیکەی ئەو سمینارەدا پرۆفیسۆر عیزەدین مستەفا ڕەسووڵ وەک دووهەمین کۆرگێڕی سمینارەکە باسی لە پێوەندیی نێوان ناوەندەکانی سلێمانی و مەهاباد لەو سەردەمەدا کرد و لەم بارەیەوە هاتە سەر گێڕانەوەی چەند بیرەوەرییەکی خۆی.

ناوبراو لە سەرەتای قسەکانی دا گوتی کە هیوا دەخوازم ساڵێکی دیکە لە کۆڕێ یەکگرتووی دوو لایەنی حیزبی دێموکراتدا ئەو یادە بکەینەوە. پرۆفیسۆر عیزەدین مستەفا ڕەسووڵ گوتی کە کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد لە مەهاباد دروست بووە و لە سلێمانیش لقی هەبووە کە مامۆستا برایم ئەحمەد و کۆمەڵێکی دیکە لەو لقە کاریان دەکرد. ئەو باسی ئەوەی کرد کە پێشەوا قازی محەممەد دوای دەیان ساڵ شوێن پێی بەسەر جووڵانەوەی کورد دا دیارە و هەر دەمێنێ و ئەوەی کە سەرەڕای ئەوەی لە ئێران خوێندنی کوردی بە ڕەسمی نیە و خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە زمانی کوردی ئاشناییان هەیە، ئەو بابەتە بە باشی دەسەلمێنێ. بەڕێزیان هەروەها گوتی کە پێشەوا بە جوانی لەو سەردەمەدا چەند زمانی دەزانی و ئەوی وەک کەسایەتیەکی ئایینی بێ وێنە نرخاند و گوتیشی کە هەر وەک دوکتور قاسملوو لە چل ساڵ خەبات دا دەڵێ، پێشەوا گوڵێک بوو لە سەحرا ڕوا بوو.

پرۆفیسۆر عیزەدین مستەفا ڕەسووڵ گوتی کە بۆ ئەوەی زیاتر ئەو کەسایەتیە نەتەوەییەمان بۆ دەر بکەوێ دەبێ بە شوێن ئەو شتانەدا بگەڕێین کە بڵاو بوونەتەوە و بیاندۆزینەوە، لە کۆتایی قسەکانیدا ناوبراو یادێکی لە ڕێبەرانی شەهیدی دیکەی حیزبی دێموکرات وەک دوکتور قاسملوو و د. شەرەفکەندی کرد و گوتی کە حیزبی دێموکرات کە پێشەوا دایمەزراندوە هەر دەمێنێ و هیواشی خواست کە لە کەشێکی دیکەدا کە نزیکە لە مەهاباد ئەو یادە بکرێتەوە.

دوایین کۆرگێڕی ئەو سمینارە بەڕێز سمایل بازیار، مامۆستای زانکۆ و سیمای ناسراوی نێو ریزەکانی حیزبی دێموکرات بوو. کاک سمایل باسەکەی خۆی لە ژێر ناوی «ڕۆڵی پێشەوا لە چارەسەریی تەزادەکانی کۆمەڵگای کوردستان» بە گێڕانەوەی بیرەوەریی یەکێک لە سیما ناسراوەکانی ڕێژیمی حەمەڕەزا شا دەست پێ کرد کە دەڵێ: دوای ڕووخانی دوو کۆماری ئازەربایجان و کوردستان حەمەڕەزا شا سەفەری بۆ مەهاباد و تەورێز کرد کە لە سەفەری مەهاباد دا کەس پێشووازی لێ ناکا، خەڵک لە پشت پەنجەرەی ماڵەکانیان تەماشای دەکەن، لە گەڕانەوە دەبینن کە دارێک لە عەرز چەقاوە کە لە چوونیان ئەو دارەی لێ نەبووە و زانیان ئەو جێگایە شوێنی لە سێدارەدانی پێشەوا و هاوڕێیانی ئەوە. خەڵکی کوردستان بەم جۆرە پێشوازییان لە شای ئێران کرد لە کاتێکدا خەڵکی ئازەربایجان بە گەرموگوڕی بۆ پێشوازی حەمەڕەزا شا ڕۆیشتن. ناوبراو گوتی کە ئەو جیاوازییانەی کوردستان و ئازەربایجان دوای کۆمار لە پلەی یەکەمدا بۆ حیکمەت و دووربینی و وشیاری پێشەوا دەگەڕانەوە. پێشەوا تەوازونی ڕەعایەت دەکرد و تەزادەکانی بە فۆرمۆڵی خۆی چارەسەر دەکرد کە لە ئازەربایجان ئەو خاڵە گرینگە لە بەرچاو نەگیراوە.

کاک سمایل گوتی کە یەکەم تەزاد، تەزادی نێوان عەشایر و شار بوو کە عەشایر دژی نیزامی ناوەندگەرا بوون و لە هەموو شوێنێکیش وا بووە. بەڵام لە کۆماردا عەشیرەکان هێزی چەکدار بوون و شارەکان پێگەی سەرەکیی کۆمار بوون. ئەو لە ڕێبەریی کۆماردا هەر دوو لای بەشدار کرد و لە چوار ژنێراڵ دوو کەسی لە سەرۆک عەشیرەتەکان هەڵبژارد. تەزادی نێوان خاوەن موڵک و ڕەعیەتەکان یەکێکی دیکە لەو تەزادانە بوو کە سمایل بازیار باسی لە فۆرمۆڵی پێشەوا بۆ چارەسەریی ئەو تەزادەش کرد. سمایل بازیار تەزادی نێوان کۆمەڵگای سوننەتی و مۆدێرنیزەی بە تەزادێکی ئەو کاتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان هێنایە ئەژمار و گوتی پێشەوا ئەو تەزادەشی چارەسەر کردبوو و بۆ وێنە لە ڕاگەیاندنی مەوجوودیەت بە ناوی خودا دەست پێ دەکا و لە ڕۆژی ڕاگەیاندنی کۆماردا بە مێزەری مەلایەتیەوە وتاری خۆی پێشکەش دەکا. لە لایەکی دیکەشەوە داوا لە ژن و کچی خۆی دەکا بێنە نێو تێکۆشانی سیاسی و فەرهەنگیەوە. پێشەوا چون کۆمەڵگاکەی خۆی دەناسی هیچ کات باسی ستالینی نەکرد و ئاڵای سووریشی هەڵ نەکرد.

سیمای ناسراوی ڕیزەکانی دێموکرات گوتی کە تەزادی ئێتنیکی تەزادێکی دیکە بوو کە پێشەوا ڕێگە چارەی بۆ دۆزیبۆوە. سەرەڕای ئازادی لە کۆماری کوردستان دا ئاشووری و ئەرمانیەکانی کوردستان لە سەردەمێک دا کە لە ئوروپای مۆدێرن هۆلۆکاست ڕووی دەدا کلاسی تایبەتیان بۆ دانرابوو.

سمایل بازیار دوور نەکەوتنەوە لە خەڵک و هەموو کات لەگەڵ خەڵک و ئازار و کێشەکانی ئەوان بوونی بە خاڵێکی گرینگی خسڵەت و مەنشی پێشەوا زانی. ناوبراو گوتی کە پێشەوا لە نێو ئەو هەموو تەزادەدا ئیرادەیەکی نەتەوەیی پێک هێناوە و لە دەوری بەرنامەیەک کۆی کردوونەتەوە کە ئەوە دەتوانێ دەرس و ئەزموونێکی باش بێت.

کاک سمایل بازیار لە کۆتایی قسەکانی خۆیدا باسی ئەوەی کرد کە پێش بە شکست هێنانی کۆمار لە ئیرادەی پێشەوا بەدەر بوو و هیواشی خواست کە ئەو مێژوویە ئەزموونێک بۆ قۆناغی ئێستای نەتەوەی کورد بێ.

# بەڕێوەچوونی سمینارێک بۆ هەڵسەنگاندنی گۆڤاری «ژنان» لە ١٠ ساڵەی بڵاوبوونەوەی دا

سەرلەبەیانیی ڕۆژی چوارشەمە ٩ی خاکەلیوەی١٣٩١(٢٨ی مارسی ٢٠١٢)کاتژمێر ٩ی بەیانی لە ساڵۆنی کۆمیسیۆنی فێرکردنی حیزبی دیموکراتی کوردستان سمینارێک بۆ هەڵسەنگاندنی گۆڤاری «ژنان» پێک



هات.

لە دەیەمین ساڵی دەرچوونی گۆڤاری «ژنان»دا دەستەی نووسەرانی ئەو گۆڤارە سمینارێکی بۆ پێداچوونەوە و هەڵسەنگاندنی زیاترلە٣٠ ژمارەی ئەو گۆڤارە کە لە ماوەی ئەو ١٠ساڵەدا چاپ و بڵاو بۆتەوە پێک هێنا. ژمارەیەکی بەرچاو لە ئۆگران،هاوکاران و خوێنەرانی گۆڤاری «ژنان» لەو سمینارە دابەشدار بوون. لەسەرەتای سمینارەکەدا حەلیمە ڕەسووڵی سەرنووسەری ئێستای گۆڤاری «ژنان» کە بەڕێوەبەری سمینارەکە بوو، بەخێرهاتنی بەشدارانی کرد و هیوای خواست سمینارێکی بە نێوەرۆک و و بەسوودیان هەبێ. پاشان داوای لە کوێستان فتووحی ئەندامی لەمێژینەی دەستەی نووسەرانی گۆڤاری «ژنان» کرد کە زیاتر مەبەستی سمینارەکە ڕوون بکاتەوە.

کوێستان فتووحی لە وتەی دەسپێکی سمینارەکەدا گوتی: « بۆ گۆڤارێکی وەک گۆڤاری «ژنان» ١٠ ساڵ دەرچوونی بەبەردەوامی کەم نییە و گرنگە. بەتایبەتی بۆ ئێمە کە لە هەلومەرجێکی تایبەتدا بووین، واتە دوور لە وڵات و خەڵکی خۆمان». کوێستان لە بەشێکی دیکەی قسەکانیدا گوتی: ئەم گۆڤارە لە گەل ئەوەی کەموکووڕییشی هەبووە، کۆمەڵێک تایبەتمەندیی باشیشی هەبووە، بۆ نموونە ژمارەیەک لە ژنانی نێو ڕیزەکانی حیزبی دیموکراتی هێنایە نێو بواری نووسین و وەرگێڕان، چەندین ئێستعدادی شاراوەی ژنان و پیاوانی دێموکراتی لە بواری نووسین و وەرگێران و شێعر و ئەدەبیات و کاری میدیاییدا دەرخست. زۆر کەسی لە نێو حیزبی دێمۆکراتدا عەلاقەمەند کرد کە بیر لە کێشە و پرسەکانی ژنان بکەنەوە.» ناوبراو لە بەشێکی دیکەی قسەکانی دا گوتی: «ئەم سمینارەمان بۆ ئەوە نیە لێرە تەنیا بەسەر شتە باشەکانی گۆڤاری «ژنان»دا هەڵبڵێین ، بەڵکوو بۆ ئەوەیە بە بەشداریی ئێوە خوێنەرانی ئەو گۆڤارە و ئۆگران و پرسەکانی ژنان، قامک لەسەر کەموکووڕییەکان دابنێین و بیر لە چارەسەریان بکەینەوە و بە فکر و پێشنیاری هەموولایەک ئەو گۆڤارە وا لێبکەین لە ئاستی چاوەڕوانییەکانی خوێنەرانی ئەمڕۆدا بێ.»

دواتر لەوحی ڕێزلێنانی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان بۆ ئەندامانی دەستەی نووسەرانی ژنان و کۆمیتەی بەڕێوەبەریی یەکیەتیی ژنانی دیموکراتی کوردستان لە لایەن مستەفا مەولوودی جێگری سکرتێری گشتیی حیزبی دیموکراتی کوردستانەوە درایە دەستی نەسرین حەسەنزادە کە پێشتر لە ١١ ژمارەدا سەرنووسەری ئەو گۆڤارە بووە. هەر لەم بڕگەیەدا بەڕێز مەولوودی وتارێکی پێشکەش کرد کە وێڕای پیرۆزبایی لە دەستەی نووسەران و دامەزرێنەرانی ئەو گۆڤارە گوتی: «بۆ دەستەی بەڕێوەبەری گۆڤاری «ژنان»و یەکیەتیی ژنانی دیموکراتی کوردستان، جێگای شانازییە کە نەک هەر لە وەڕێخستنی گۆڤارێکی تایبەت بە ژنان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دا پێشەنگ بووە، بەڵکوو لە سەر درێژەدانیشی هەتا ئێستا بەردەوام ماوەتەوە. ئێمەش دڵنیاتان دەکەینەوە ڕێبەریی حیزبی دیموکراتی کوردستان هەروا پشتیوان و یارمەتیدەرتان دەبێ.»

پاشان سوهەیلا قادری بەرپرسی پێشووی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان وتەیەکی پێشکەش کرد و وێڕای دەربڕینی چەند سەرنج و پێشنیار هیوای خواست»ژنان» بە ریکوپیکی و لە کاتی خۆیدا چاپ و بڵاو بیتەوە .

دواتر قادر وریا ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێمۆکرات لە پشتیوانان و هاوکارانی سەرەکیی گۆڤاری «ژنان» قسەی کرد. ناوبراو کۆمەڵێک پێشنیار و تێبینیی بە مەبەستی باشتر بوونی نیوەرۆکی گۆڤاری «ژنان»و بلاوبوونەوەی هەر چی باشتری باس کرد. هێندێک لەو پرس و بابەتانەی بە بۆچوونی ناوبراو پێویستە لە گۆڤاری «ژنان»دا زیاتر لەسەریان بنووسرێ بریتی بوون لە: بزووتنەوەی ژنان لە کوردستان، ئێران وناوچە، جێگەو پێگەی ژنان لە بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکاندا، فیمینیزم و جۆرەکانی، جێگەو پێگەی ژنان لە بزووتنەوەی نەتەوایەتیی کورد و گرفت و کۆسپەکانی بەردەمی، چۆنیەتیی خستنەوە سەریەکی هێزی ژنانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و دروستکردنی هاوکاری لە نێوان ڕێکخراوەکانی ژنان، دیاردە کۆمەڵایەتییەکانی دژ بە ژنان و......

بەدوای ئەودا دوکتور ناسری سیمایی، باسی لەگرنگیدان بە ڕۆڵی ژنان لە پەرەپیدانی ئاشتی و ژینگەپاریزیدا کرد و هێندێک تێبینیی لە سەر دارشتنی هەواڵ و بابەتی پێوەندیدار بە خۆکوژی و خۆسووتاندنی ژنان هێنایە گۆڕ.

لە درێژەی سمینارەکەدا موعتەسەم نوورانی و ئەحمەد قادری هەر کامیان باسی خۆیان بە مەبەستی دەولەمەندکردنی گۆڤاری ژنان خستە ڕوو و پێشنیار و تێبینییەکانی خۆیان هێنایە بەرباس.

دوابەدوای قسە و باسەکانی ئەم بەڕێزانە کۆمەڵێک لە بەشدارانی سمینار، تێبینی و پێشنیارەکانی خۆیان هێنایە گۆر.

پێویستە بگوترێ وەک ڕێزلێنان و پێزانین لەو کەسانەی لە سەرەتاوە تا ئێستا یا لە قۆناغە جۆراوجۆرەکاندا لە گۆڤاری «ژنان» دا کاریان کردوە، یا هاوکاری ئەو گۆڤارە بوون و زەحمتیان تێدا کێشاوە، لە لایەن بەڕێوەبەری سمینار لە نێوان بڕگەکانی سمینارەکەدا، ناوەکانیان دەخوێندرایەوە.

دوایین بەشی سمینارەکە پێشکەش کردنی لەوحێکی ڕێزلێنان لەلایەن دەستەی نووسەرانی گۆڤاری «ژنان» بە قادر وریا وەک پێزانین بەرامبەر رۆل و زەحمەتەکانی لە وەڕێخستن و دەرکردنی گۆڤاری «ژنان»دا بوو. ئەم لەوحە لەلایەن حەلیمە ڕەسووڵی سەرنووسەری گۆڤاری ژنانەوە پێشکەش بە قادر وریا کرا.

سمیناری هەڵسەنگاندنی گۆڤاری «ژنان» نزیک بە ٣کاتژمێر و نیوی خایاند.

پێویستە بگوترێ گۆڤاری «ژنان»گۆڤاری یەکیەتیی ژنانی دیمۆکراتی کوردستانە، گۆڤارێکی وەرزانەیە و یەکەم ژمارەی لە رەشەمەی ساڵی ١٣٨٠دا بڵاو کراوەتەوە و تا ئێستا ٣٣ ژمارەی لێ چاپ بووە.

# وتاری دەفتەری سیاسیی حیزب بە بۆنەی نەورۆزی ١٣٩١ەوە

## لە لایەن مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەن زادەوە پێشکەش کرا



**هاوڕێیانی خۆشەویست! خوشک و برا بەڕێزەکان!**

بەیانیی یەکەمین ڕۆژی ساڵی تازەتان پیرۆز بێت. بەخێر بێن بۆ ئەو مراسیمە کە بەبۆنەی تەواو بوونی ساڵ و دەست پێکردنی ساڵێکی دیکە لە ژیان و خەبات پێک هاتوە. دەفتەری سیاسی ئەو شانازییەی دا بە من کە لە جیاتی وان پیرۆزباییتان عەرز بکەم. بەو بۆنەیەوە پیرۆزبایی نەورۆز و ساڵی نوێ عەرزی ئێوە دەکەم، عەرزی هەموو تێکۆشەرانی دێموکڕات دەکەم عەرزی هەموو تێکۆشەرانی ڕێگای ئازادی و کوردستان و سەراسەری ئێران دەکەم و هەروەها عەرزی هەموو نەورۆزناسان و نەورۆزدۆستان لە هەموو دنیادا دەکەم.

لە بەرە بەری ساڵێکی نوێدا بۆ خەباتگێڕانی ڕێگای، ئازادی گرینگترین ترین شت ئەوەیە ئاوڕ لە خەباتی ڕابردوومان بدەینەوە و تەماشای ئاسۆی ساڵی نوێی خەباتمان بکەین. بەداخەوە ساڵێکی تازەشمان بەڕێ کرد سێبەری شوومی جمهوری ئیسلامی هەروا باڵی بەسەر وڵاتەکەماندا کێشاوە، بەڵام ئەوە بەو مانایە نییە کە میللەتی ئێمە چ میللەتی کورد چ گەلانی زۆر لێکراوی ئێران و چ هەموو خەڵکی ئێران لە بەرابەر ئەو دیکتاتۆرییەدا بێ هەست و بێ دەنگ و کڕ و مات دانیشوون. بەربەرەکانی هەر ئەوە نییە کە لە خیابانەکاندا خۆی دەنوێنێ، بەربەرەکانی خەڵکی ئێرانێ لەگەڵ جمهوری ئیسلامی لە ئەعماقی ویژدانەکان هەروا بەردەوام بووە. دەزانین لە ساڵی ڕابردووشدا وەکوو ساڵەکانی دیکە مقاومەتی خەڵک و سەرکوتی ڕژێمی جمهووری ئیسلامی هەر بەردەوام بوو. ڕەنگە بتوانین بڵێین ئاخرین مەیدانی بەربەرەکانیی جمهووری ئیسلامی لەگەڵ خەڵک، لەگەڵ ئیرادەی خەڵک، ئەو ئینتخاباتە بوو کە لە دوازدەی ڕەشەمەدا وەڕێ کەوت.

جمهوریی ئیسلامی موهەندیسییەکی زۆری بۆ ئەو ئینتخاباتە کردبوو و ئێستێ خۆی بە سەرکەوتووی ئەو مەیدانە دەزانێ. لەسەر هەڵبژاردنەکەی بۆ کرا ئەو جۆرەی ئەو دەیویست مەجلیسێکی وای پێکهێنا لە عەینی کاتدا ئالۆزییەکیشی بەدوادا نەهات وەکوو بەدوای هەڵبژاردنی سەرکۆماری داهات، بەڵام دەبێ بزانین ئەوەی لەو مەیدانەدا لە واقعدا شکاوە جمهووری ئیسلامییە. ڕاستە ئەو توانی بەو موهەندیسییەی ئینتخاباتەکەی بگوزەرێنێ، بەڵام تێزی خەڵک، تێزی مخالفانی جمهووری ئیسلامی، وەڕاست گەڕا کە ئەم ڕژیمە مل بۆ ئیرادەی خەڵک، مل بۆ ئینتخاباتی ئازاد بۆ کاندیدا بوون و ڕەئی ئازاد نادا. ئەوە سەرکەوتن نییە بۆ ڕژێمێک کە بە هەزاران وەسیلەی هەڕەشەو تەماع وەبەرنان بتوانێ جەمعێک لە خەڵک ئەویش جەمعێکی بەرچاو نا، بێنێتە سەر سندوقەکانی ئینتخابات، بەڵام ئێمە کە بەرەو ساڵێکی نوێ دەچین یا باشتر بڵێم پێمان ناوەتە ساڵێکی نوێ لە ژیان و خەبات، ئاسۆی خەباتی میللەتەکەمان چ، وەک میللەتی کورد چ وەک هەموو گەلانی ئێران، بە ئاسۆیەکی ڕوون دەبینین. مەترسیی ئەوە هەیە کە ئاژاوەگێڕیی جمهووریی ئیسلامی لە ساڵی نوێدا وڵاتەکەمان تووشی ئاڵۆزییەکی زۆر و شەڕ و پێکدادان لە بەینی جمهووری ئیسلامی و دنیای دەرەوەدا پێک بێنێ، ئەوە شتێکە کە حیزبی دیموکڕاتی کوردستان هیچ وەخت ئارەزووی نەکردووە هیچ وەخت تەمەنای نەکردوە، وڵاتەکەمان بکەوێتە بەر حەملەیەکی بەربڵاوی وڵاتانی دەرەوە. بەڵام لە حاڵەتێکی ئاوادا ئێمەش و گەلانی دیکەی ئێرانیش دەزانین کە ئەوە جمهووریی ئیسلامییە ئاوری شەڕێکی ماڵوێرانکەر هەڵدەگیرسێنێ. لە حاڵەتێکی وادا نە میللەتی ئێمە نە گەلانی دیکەی ئێرانێ نابێ تووشی ئەوە بین کە پێی دەڵێن نیشتمانپەروەریی بە درۆ، خۆیان و ڕۆڵەکانیان بە کوشت بدەن لە پێناوی مانەوەی جمهووریی ئیسلامیی ئێراندا. هەموومان دەبێ بزانین کە ئێران شتێکەو جمهووریی ئیسلامی شتێکی دیکەیە. زۆر بە ئاسانی دەتوانین بڵێین کەم دوژمنی ئێران هەبوون لە مێژوودا بەقەد جمهووریی ئیسلامی زەربەیان لە ناو و ناوبانگ و ئیعتباری ئێرانێ دابێ. جەوێکی پێکهێناوە کە ئێستێ ناوی ئێرانی بۆ دنیای دەرەوە بۆ ئەوانەی کە تەحلیلی مەسائیلی ئێرانێ دەکەن تیرۆر و پیاوکوژی وەبیر دێنێتەوە ئەوە ویستی گەلانی ئێرانێ نییە. کەوابێ ئەرکی هەموومانە خۆمان بۆ خەباتێکی مەعقول و بەرین ئامادە بکەین ئەگەر وڵاتەکەمان تووشی ئاسۆیەکی وا بوو ئەوەی ئێران لە نەتیجەی ئاژاوەگێڕیی جمهووریی ئیسلامیدا ببێتە وێرانەیەک، ئێمە میللەتی کورد و هەموو گەلانی ئێران وا بکەین ئێران لەبەر پێی کۆماری ئیسلامی ئێران دەربێنین و ئێرانێک دروست بکەین بە هەمووان کە ئی هەمووان بێ و بۆ هەمووان بێ.

دۆستانی خۆشەویست!

ساڵی تازە بەتایبەتی بۆ میللەتی کورد لە ئاسۆیەکەی دا تیشکی هیوای تازە بەدی دەکرێ. دەزانین کە بە خۆشییەوە هەم بزووتنەوەی کورد هەم شعووری نەتەواییەتیی کورد لە هەموو بەشەکانی کوردستاندا زیاتر لە هەموو وەختێک لە گەشە کردندایە. بەڵام شتی تازە لەو نێوەدا ئەوەیە کە قەرارە لەم ساڵەدا کۆنفرانسێکی نەتەوەیی بۆ میللەتی کورد پێک بێت لە هەرێمی کوردستان کە تێکۆشەرانی هەر چوار پارچەی کوردستان لە خۆی بگرێ، بە هەوڵ و تێکۆشانی هاوبەشی هەمووان پێک بێ کە بە هەوڵ و تێکۆشانی هەمووان نەخشە ڕێگای خەبات بۆ چارەسەری نەتەوەی کورد لە بەشەکانی دیکەی کوردستاندا دابنرێت. پەیامی ئەو کۆنفرانسە وەکوو لە زمانی سەرۆکی هەرێمی کوردستانەوە ڕاگەیاندراوە پەیامی دۆستایەتی، ئاشتی و برایەتی بۆ گەلانی دراوسێ تورک و فارس و عەرەبە. لەحیزبی دیموکڕاتدا پەیامی ئاشتی تازە نییە، هەموو وەختێک حیزبی دیموکڕاتی کوردستان باوەڕی وابووە کە بۆ چارەسەری مەسەلەی کورد، چاکترین ڕێگا هەر ڕێگای ئاشتی و تەبایی و دیالۆگە. بەڵام ئێستێ ئەو بانگەوازە قەرارە لە زمانی یەکگرتووی کوردەوە دەربێ و خیتابەکە تەنیا خیتابی یەک بەش لە کوردستان بۆ یەک بەش لە دەوڵەتانی حاکم نەبێ، بەڵکە بۆ هەمووان بێ. ئەمە هیوایەکی بەجێ بۆ هەموومان دروست دەکا بەتایبەتی ئەمە مەیدانێکە کە کورد دەتوانێ ئومێدی هەبێ باڵا دەستتر بێت لە دەوڵەتە سەرکوتکەرەکانی چونکە ئەگەر لە مەیدانی شەڕی داسەپاودا ئەوان بەهێزتر بوون لە هەموو بارێکەوە لە لەشکر و لە سیلاحی شەڕ و لە ئیمکاناتی ماڵیدا، لە مەیدانی حەقخوازیدا لە مەیدانی ئاشتیخوازیدا قسەی کورد دڵێرترە و گوێگری لە دنیای مرۆڤایەتی پێشکەوتوودا پترە. کەوابێ دەبێ هەموومان وەکوو تێکۆشەرانی دێموکرات، وەکوو حیزبە سیاسییەکانی هەر بەشێکی کوردستان، وەکوو کۆمەڵانی خەڵک لە هەموو بەشەکانی کوردستان و، بەتایبەتی لە ڕۆژهەڵات کە ئێمە تەعەلوقمان پێوەی هەیە. بۆیە دەبێ ئامادە بین بۆ خەبات لە هەموو نەوعەکانیدا ، ئارەزوو دەکەین هەر وەکوو هەمیشە ئارەزوومان کردووە کە میللەتی مە قەت مەجبوور نەبێ جارێکی دیکە بە چەک دیفاع لە خۆی بکا. بەڵام ئەگەر تووش بووین نابێ دیسان لە مقابل زەبر و زۆردا سەر دانەوێنێ. دەبێ لەوبارەشەوە ئامادەیی هەر هەبێ وەکوو گوتوویانە« قەت مەڵێن دوژمن بەهێزە تۆپ و تەیارەی هەیە، ئیتفاقتان گەر هەبێ زۆر زەحمەتە خۆی ڕاگرێ». لەو مەیدانەشدا میللەتی مە یەک پارچە بێ زۆر کاری لەدەست دێ، بۆیە ڕوو دەکەینە هەموو چین و توێژەکان هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵی کوردەواری بەتایبەتی لاوان، ژنان کە لە چەند ساڵی ڕابردوودا وەکوو هێزی هەرە کاریگەری مەیدانی خۆیان نواندوە، ڕووناکبیران و دانیشگاهیان، کاسب کاران، زانایانی ئاینی، بازاڕییان، کە هەموومان خۆمان بۆ بەرەنگارییەکی بەربڵاو و یەکپارچە ئامادە بکەین. ڕوودەکەینە حیزب و ڕێکخراوەکانی ڕۆژهەڵات لەپێشدا کە با هێزەکانمان وەسەر یەک خەین لە چوارچێوەی ئێراندا داوا لە هەمووان دەکەین با لەسەر خاڵە هاوبەشەکانمان یەک بگرین، لە چوارچێوەی هەموو کوردستانیشدا دەبێ بڵێین هەر هێزێکی لەو ئیجماعەی کە قەرارە لە کۆنفرانسی نەتەوەیی کورددا بگیرێ، خۆی دوورەپەرێز بکا لە واقعدا خۆی لە ئیرادەی هاوبەشی هەموو میللەتی کورد دوور خستۆتەوە، پێم خۆشە لەو مناسبەتەدا بەتایبەتی خیتابێکم هەبێ لەگەڵ پیاوانی نیشتمانپەروەری کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، پیاوانی ئاینی لە کۆنەوە تا ئێستا لە هەموو بەشەکانی کوردستان نەخشێکی باشیان لە بەرەوپێش بردنی خەباتی فیکری و هونەری و فەرهەنگی و سیاسیی میللەتی کورددا هەبووە. بەڵام شاراوە نییە کە ئەو نەخشە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان زۆر بەرچاوتر بووە. ئەگەر تەماشای مێژوو بکەین هەتا بەرەبەری نیوەی دووەمی سەدەی بیستەم هەموو گەورە پیاوانی مێژووی کورد لە پیاوانی فیکر لە پیاوانی عیلم، خەبات، ئەدەب، تەقریبەن هەموویان لە پیاوانی نیشتمانپەروەری ئاینیی هەڵکەوتوون، کەوابوو ڕابردوویەکی درەوشاوەیان هەیە. هەق وایە ئێستێ کە دەوڵەتێک بە نێوی دین سەرکوتی میللەتی ئێمە دەکا، پیاوانی نیشتمانپەروەری ئایینی نەخشی خۆیان ببینن، خەڵکەکەمان ئاگاهە بەڵام هەوڵبدەن پتر ئاگاه بن لەوەی کە جمهووریی ئیسلامیی شتێکە، ئیسلام شتێکی دیکەیە. وەکوو کوتم جمهووریی ئیسلامیی ئێران نییە، جمهووری ئیسلامی، ئیسلامییش نییە. لەوێشدا ئەو زەربەیەی کە کۆماری ئیسلامی لە ئیسلامی داوە کەمتر نییە لە هیچ دوژمنێکی ئیسلام لە ئیسلامی داوە. لەو دوایانەدا دوو شت پەیدا بوون کە پێم خۆشە ئیشارەیان پێبکەم، یەک ئەوە کە بەداخەوە ژمارەیەکی ئێجگار کەم ڕەنگە کەمتر لە قامکی هەردووک دەستان بن لە پیاوانی ئایینی لەگەڵ کۆماری ئیسلامی کەوتوون و دەخزمەتی دان، بزووتنەوەی کورد ئەوانە بە پیاوانی نیشتمانپەروەری ئایینی نازانێ، ئەوانە بە ئێستسنا دەزانێ، لە مقابیل ئەوەدا هێندێک نووسەر کە بەڕاستی ڕابردووی مێژووی تێکۆشانی میللەتی کورد لە پێناو ئازادیدا نازانن جارو بار حەملە دەکەنە سەر پیاوانی ئایینی تەنانەت جاروبار حەملە دەکەنە سەر ئایین، دەبێ ئەوان بزانن کە ئەوەش هەڵوێستی بزووتنەوەی کورد و حیزبی دیموکرات بەرابەر بە پیاوانی ئایینی نییە.

لەو مناسبەتەدا جارێکی دیکە چونکە ڕۆژی جێژنە سڵاو دەنێرم و پیرۆزبایی دەکەم لە هەمووان بەتایبەتی لە قارەمانانی نێو زیندانەکانی جمهووری ئیسلامی و بنەماڵەکانیان لە بنەماڵەی شەهیدەکانمان لە بنەماڵەی ئەوانەی کە ڕۆڵەکانیان لەسەر خەبات و تێکۆشان بۆ نیشتمان لە باوەشیان دانین لە ڕۆژی جەژن دا، جێی ڕۆڵەکانیان لە نێویاندا بەتاڵە و هەروەک جێی عەزیزانمان لە نێو جەمعی ئێمەدا بەتاڵە. شێعرێکی فارسی هەیە دەڵێ: «بەهار خۆشە، نەورۆز خۆشە، بەڵام بۆ منێ کە دوور لە ماڵم بەهاریش وەک پاییز دەچێ» ئارەزووی ئەوە دەکەم کە بەزوویی ئەو ڕۆژە بێ هەموومان لەو شوێنە کە پێمان خۆشە لە نێو جەمعی عەزیزانماندا نەورۆز و بەهار تازە بکەینەوە. بەو حاڵە لە دوور بین یا نزیک بین نەورۆز هەر نەورۆزە، بەهار هەر بەهارە شادی بکەن پێبکەنن چونکی ئەوەش جۆرێک خەباتە لە دژی جمهووریی ئیسلامی کە قەت پێی خۆش نییە بزە لەسەر لێوی خەڵک ببینێ، قەت پێی خۆش نییە دڵی میللەتی خۆی میللەتی وڵاتەکەی بە شادی ببین.

**هەر شاد بن**

**نەورۆزتان پیرۆز بێ و هەموو ڕۆژێکتان نەورۆز بێت.**

# پەیامە نەورۆزییەکانی خامنەیی، لە خەونەوە بۆ ڕاستی

مەحموود شەریفی

و: سیروان موساپوور

ڕێبەرە سیاسییەکانی جیهان بەردەوام هەوڵیان داوە بە دەرکردنی فەرمان و بڕیارەکان، ڕۆڵی خۆیان لە بەڕێوەبردنی کۆمەڵگەدا دەربخەن. زۆر لە وڵاتانی جیهان دوابەدوای بانگهێشت یان بانگەوازێکی نەتەوەیی ڕێبەر یان کەسی یەکەمی وڵاتەوە، گۆڕانیان بەسەردا هاتوە و بەرەو پێشەوەچوون و بەرەو گەیشتن بە بەختەوەری هەنگاویان هاویشتوە. «مەهاتیرمحەممەد» لە مالیزیا، مائۆ لە چین و ماندێلا لە ئەفریقای باشوور چەند کەسێک لە ڕێبەرە دیار و بەرچاوەکانی دنیان کە توانیان بە بانگهێشتێکی گشتیی، وڵاتەکانیان لە هەژاری و دواکەوتوویی جیهانی سێهەم ڕزگار بکەن و هەنگاوی بە کردەوە لە ڕێگەی بەپیشەسازیبوون و پێشڤەچوون هەڵێننەوە.

عەلی خامنەیی ڕێبەری ئایینیی ئێران، چواردە ساڵی بەردەوامە بە بۆنەی هاتنی ساڵی نوێی هەتاوییەوە، ناو بۆ ساڵ دیاری دەکا. پەیامە نەورۆزییەکانی خامنەیی و ئەو ناونیشانانەی کە ناوبراو بۆ ناولێنانی ساڵ لە ئێراندا هەڵیاندەبژێرێ، نیشاندەری لاوازی و کەموکوڕییەکانی ڕێژیم لە لای خامنەیی یە. ئەوە شاراوە نییە کە خامنەیی لە ساڵانی پێشتریشدا بە ئامانجی سیاسیی تایبەتەوە بە تایبەت لە ساڵی ١٣٧٨ بەدواوە لە پەیامە نەورۆزییەکانیدا ناوی بۆ ساڵ دیاری کردوە. ساڵی ٧٨ لەبەر سەدەمین ساڵی لەدایکبوونی خومەینی ڕێبەری پێشووی ئێران، ساڵی خومەینی ناونرا و دوای ئەمەش چەند ساڵی دواتر بە ناوی ئیمامە شیعەکانەوە ناو نران.

لە ساڵی ١٣٨٣ بە نزیکبوونەوە لە کۆتاییهاتنی خولی هەشتەمی سەرۆک کۆماری و تەشەنەسەندنی ناکۆکی و ململانێیەکانی نێوان ڕیفۆرمخوازانی دووی خوردادی و تاقمی بناژۆخوازی سەر بە ڕێبەری، خامنەیی ئەو ساڵەی بە ساڵی «وەڵامدانەوە» ناو لێنا. لەڕاستیدا خامنەیی بەم کارە هەوڵی دا بە شێوەی ناڕاشکاوانە ئەم واتایە بە کۆمەڵگە بگەیەنێ کە دەوڵەتی خاتەمی دەوڵەتێکی وەڵامدەر نەبووە و بە شێوەیەک خەڵک لە ڕیفۆرمخوازان دوور بکاتەوە. ساڵی ١٣٨٤ هەروەک چاوەڕوان دەکرا سەرەڕای تەواوی ئەو هەوڵانەی کە خاتەمی بۆ وەڵامدانەوەی خەڵک خستییە گەڕ، خامنەیی لەپەیامە نەورۆزییەکەیدا ئەم هەوڵانەی بە کەم و ناتەواو زانی و بە سەرنجدان بە پەرەسەندنی گوشارە نێونەتەوەییەکان لەسەر ئێران و بەڕێوەچوونی هەڵبژاردنەکانی خولی نۆهەمی سەرۆک کۆماری، ساڵی ٨٤ی بە ساڵی «هاوپێوەندیی نەتەوەیی و بەشداریی گشتی» ناو نا. ساڵی ١٣٩٠یش جارێکی دیکە ئەم سیناریۆیە لەلایەن ڕێبەری ئایینیی ئێرانەوە دووپات بۆوە.

بە توندبوونەوەی ململانێیەکانی خامنەیی و ئەحمەدی نژاد و نزیکبوونەوە لە هەڵبژاردنەکانی خولی نۆیەمی مەجلیس، خامنەیی ساڵی ١٣٩٠ی بە ساڵی «جیهادی ئابووری»(جهاد اقتصادی) ناو نا. ساڵێک کە تێیدا بۆ یەکەم جار گەڵاڵەی ئامانجدارکردنی یارانەکان بەڕێوە دەچوو و شیمانەی دەرکەوتن و سەرهەڵدانی گرفتە ئابوورییەکان لە کۆمەڵگەدا دەکرا. بەڵام لە ساڵی جیهادی ئابووریدا باری قورسی تێکۆشان تەنیا قورسایی لەسەر شانی خەڵکی ئێران و بە تایبەت چین و توێژە هەژار و کەم دەرامەتەکان بوو. ساڵێک کە تێیدا کەس و لایەنەکانی نزیک و سەر بە خامنەیی بە لاوازکردنی زیاتری ئەحمەدی نژاد و هاوڕێیانی دەستیان بە لەقاودان لە بابەت گەندەڵیی دارایی و ئیداری دەوڵەت کرد. بەهەرحاڵ لەساڵی جیهادی ئابووریدا بانگهێشتی خامنەیی بۆ هەوڵدان لەم پێناوەدا بە هیچ کوێ نەگەیشت. گەورەترین پەروەندەی دزیی دارایی بە درێژایی مێژووی ئێران لە ساڵی ١٣٩٠دا لەقاو درا. وڵاتانی ئوروپایی و ئەمریکا دەستیان بە سەپاندنی تەحریمی زۆر و بەربڵاو بەسەر ئێراندا کرد. ئەو تەحریمانەی کە سەنعەتی نەوت و بانکی ناوەندیی ئێرانیان کردبوو بە ئامانج. لە ساڵی جیهادی ئابووریدا نرخی دراوی ئێران بۆ نیوەی بەهای پێشووی دابەزی. چوونەسەری سەرسووڕهێنەری بەهای دراوی بیانی و زێڕ بوو بە هۆی ئەوەکە خەڵک پووڵی خۆیان لە بازاڕی بۆرس و بانکەکان بێننە دەر و بە گۆڕینی بۆ زێڕ و دراوی بیانی، دەوڵەت و بانکەکان تووشی گرفت بکەن. هەتا ئەو جێگەیەی کە دەوڵەت ناچار بوو هەر چەشنە کڕین و فرۆشتنی دراوی بیانی لە وڵاتدا بە نایاسایی ڕابگەیەنێ. چوونەسەری نرخی سوتەمەنییەکان و بڕینی یارانەکان لەسەر شتومەکە سەرەکییەکانی وەک نان، گۆشت و ڕۆن بوو بە هۆی چوونەسەری لە ڕادەبەدەری نرخی ئەو شتومەکانە لە بازاڕەکانی ئێراندا. بە پێی ئامارەکانی دامەزراوە دەوڵەتییەکان لە ئێران، خەڵک لە ساڵی ١٣٩٠دا بەرزترین نرخی گرانییان لە ماوەی ساڵانی ڕابردوودا تاقی کردەوە.

هەنووکە لە سەرەتای ساڵی نوێدا جارێکی دیکە خامنەیی لە پەیامە نەورۆزییەکەیدا، ساڵی ١٣٩١ی بە ساڵی «بەرهەمی نەتەوەیی و پشتیوانی لە کار و سەرمایەی ئێرانی» ناو ناوە. ئەمە لە بارودۆخێک دایە کە ڕەوشی هەنووکەیی ئێران بە هیچ چەشنێک وەدیهاتنی ئەم دروشمەی لێ ناخوێنرێتەوە. زیادبوونی تەحریمەکان بۆ ئێران و بە تایبەت تەحریمی بانکی ناوەندیی ئێران بۆتە هۆی ئەوە کە پیشەسازیی ئێران لە دابینکردنی کەرەستەی سەرەتایی ڕووبەڕووی گرفت ببێتەوە. « پیشەسازییە بنەڕەتییەکان»ی ئێران وەک سەنعەتی نەوت و گاز و موخابراتیش تووشی تەرحریمگەلی دووقات بوونەتەوە و ئەمە دەبێتە هۆی ئەوە کە دەوڵەت لە دابینکردنی پێداویستییە پێویستەکانی ئەم پیشەسازییانە تووشی کێشە و گرفت بێ. تەحریمەکانی دژی ئێران لە لایەکی دیکەوە بوونە هۆی ئەوە کە ڕادەی سەرمایەگوزاریی دەرەکی لە ئێران بە شێوەیەکی هەستپێکراو دابەزێ و سەرچاوە داراییەکانی ئێرانیش بە تەنیایی توانای دابینکردنی ئیعتباری پێویستیان بۆ گەشە و درێژەدانی کاری پیشەسازیی ئێران نییە.

« پیشەسازییە بنەڕەتییەکان» زۆربەیان کۆن و لەکارکەوتوون و بۆ بەردەوام بوونیان پێویستیان بە کەرەستە سەرەتاییەکان و ئامرازە جێگرەوەکانی وڵاتانی دەرەوە هەیە. تەحریمی بانکی ناوەندیی ئێران بۆتە هۆی ئەوەکە ئێران بۆ فرۆشتنی نەوتی خۆی و وەرگرتنی پوول تووشی گرفت ببێتەوە و بە پێی وتەکانی بەرپرسانی ئێرانی، ئێران لە داهاتوویەکی نزیکدا ناچارە لە فرۆشتنی نەوتی خۆی، لە جێگەی پوول کاڵا و خزمەتگوزاری بکڕێ. ئەم کارە دەبێتە هۆی ئەوەکە لێشاوێک لە شتومەکە دەرەکییەکان ڕووبکاتە ئێران و پیشەسازییە بچووکەکانی ئێران تووشی کێشە بکاتەوە. هەڵکشانی نرخی گرانی و چوونەسەری بەهای دراوی بیانی و زێڕ لە بازاڕی ئێراندا بۆتە هۆی ئەوەکە خەڵک لە سەرمایەدانان لە بەشی پیشەسازی و سەرمایەگوزاری بەرهەمهێنەر خۆ بپارێزن و پووڵەکانیان زیاتر لە بازاڕی دراوی بیانی و زێڕدا بخەوێنن. هەروەها ئێران بۆ ڕاکێشانی سەرنجی وڵاتانی وەک چین و ڕووسیا و وڵاتانی ئەمریکای باشوور ناچارە بازاڕەکانی خۆی بە ڕووی شتومەکەکانی ئەم وڵاتانەدا بکاتەوە و ئەم کارەش دەبێتە هۆی ئەوەکە بەرهەمهێنان و سەرمایەی نێوخۆیی زیاتر لە پێشوو، تووشی قەیران و مەترسی ببێتەوە. تەواوی ئەو هۆکارانە بوونە هۆی ئەوەی کە مەحموود بەهمەنی بەڕێوەبەری گشتیی بانکی ناوەندیی ئێران تەنیا چەند ڕۆژ دوای قسەکانی خامنەیی، گرانیی ئەم ساڵ بە ٤٠ هەتا٥٠ لەسەد پێشبینی و، باس لە دابەزینی گەشە ئابووریی وڵات لەم ساڵدا بکات.

**ڕێبەرە سیاسییەکانی جیهان بەردەوام هەوڵیان داوە بە دەرکردنی فەرمان و بڕیارەکان، ڕۆڵی خۆیان لە بەڕێوەبردنی کۆمەڵگەدا دەربخەن. زۆر لە وڵاتانی جیهان دوابەدوای بانگهێشت یان بانگەوازێکی نەتەوەیی ڕێبەر یان کەسی یەکەمی وڵاتەوە، گۆڕانیان بەسەردا هاتوە و بەرەو پێشەوەچوون و بەرەو گەیشتن بە بەختەوەری هەنگاویان هاویشتوە.**

**درێژەی:**

## پەیامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دیموکراتی کوردستان

# لە ٦٥ ساڵەی شەهیدکرانی پێشەوا قازی محەممەد دا

تێگەیشتوویی و پێگەیشتوویی پێشەوا قازی محەممەدو هەروەها ئازایەتی‌و بوێریی ئەو لە دیفاع لە کوردو زمانە قەدەغەکراوەکەی خۆشەویستی‌و پلەوپایەی کۆمەڵایەتیی ئەویان لە نێو کۆمەڵانی خەڵکی کوردستاندا بردبووە سەرێ. قازی محەممەد هەرچەند لەسەرەتا دا کە کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد دامەزرابوو، ئەندامی ئەو کۆمەڵەیە نەبوو، بەڵام ڕێزو حورمەتێکی زۆری لەلای کۆمەڵە هەبووو هەوڵێکی زۆر درا بۆ ئەوەی ببێتە ئەندام لەم کۆمەڵەیەدا. لە ڕاستی دا ئەندامەتیی قازی محەممەد لە کۆمەڵەداو قورسایی‌و شارەزایی ئەو وای کرد کە کۆمەڵە بگۆڕێ بۆ « حیزبی دیموکراتی کوردستان»و قازی محەممەد ببێ بە دامەزرێنەرو ڕێبەری حیزبی دیموکرات، بۆیەش خەڵک نازناوی «پێشەوا»یان پێ بەخشی و هەر ئەویش بوو بە دامەزرێنەری کۆماری کوردستان کە یەکێک لە لاپەڕە زێڕینەکانی مێژووی نەتەوەی کوردە. بەڕێوەبردنی کۆماری کوردستان بەو پەڕی لێوەشاوەیی، دەسکەوتە مێژووییەکانی کۆمار لە بواری فەرهەنگی، نیزامی، بەڕێوەبردنی کۆمار لە کەش‌وهەوایەکی ئازادو فرەچەشن دا، دامەزراندنی موئەسساتی سینفی‌و کۆمەڵایەتی کە تا ئەو کاتە لە مێژووی کوردو تەنانەت ناوچەش دا بێ وێنە بوو، کەسایەتیی مەزن‌و گەورەیی پێشەوامان بۆ دەردەخا. لە خۆڕا نیە کە د. قاسملووی نەمر پێشەوا قازی محەممەد بە گوڵێک دەچوێنێ کە لە سەحرا ڕوابوو. کارنامەی پڕ لە شانازیی پێشەوا بە دەزگیرکرانی پاش داگیرکرانەوەی شاری مەهاباد لەلایەن ئەرتەشی شاوە لە سەرماوەزی ١٣٢٥دا تەواو نابێ. دیفاعیاتی پێشەوا لە دادگای نیزامیی ڕێژیمی حەمەرەزا شادا تەنانەت ئازایانەترو بوێرانەترن لەو نوتقانەی کە لە مینبەری سەرۆک کۆمارییەوە پێشکێشی دەکردن. ئەو دیفاعیاتە سەری خۆی‌و سەری کوردیان بۆ هەتا هەتایە لە مێژوو دا بەرز ڕاگرتوە. لایەنە جۆراوجۆرەکانی کەسایەتیی پێشەوا بۆ تێکۆشەرانی دوای خۆی بوون بە نموونەو سەرمەشق‌و زۆر ڕێبەری هەڵکەوتوو و پێگەیشتووی لە داوێنی خۆی‌دا پەروەردە کرد، پێشەوا قازی بۆیە دەبێ ئێستاش و داهاتووش وەک نموونەو مامۆستا بۆ ڕۆڵە تێکۆشەرەکانی کورد سەیری بکرێ.



**هاونیشتمانی بەڕێز!**

ڕاستە بە ئێعدامی پێشەواو هاوڕێیانی قۆناغێکی گرنگ لە مێژووی پڕ لە دەسکەوتی کورد کۆتایی هات، بەڵام ئەو ڕووداوە و کاروکردەوەکانی پێشەوا بوون بە هەوێن‌و ئامیانی شۆرشێکی بەروبوو درێژ، کە تا گەیشتەوە بە سەردەمی زێڕینی کۆماری کوردستان هەرگیز دامرکانەوەی بۆ نییە. گرنگ نییە ئەو شۆرشە بە چ شکڵێک‌و بە چ تاکتیکێک بەڕێوە دەچێ ـ هەروەک پێشەوا قازی لە ماوەی نزیک بە دوو ساڵ ڕێبەرایەتی کردنی بزووتنەوی کورد شێوە و تاکتیکی جۆراوجۆری هەبووە ـ گرنگ ئەوەیە خەبات‌و تێکۆشان لە پێناوی ئامانجەکانی پێشەوا قازی محەممەد هەروا بەردەوامە. بارودۆخی ناوچەو پێگەو ڕۆڵی کورد لە ناوچە دا پاش ٦٥ ساڵ لە ئێعدامی پێشەواو هاوڕێیانی ئاسۆیەکی ڕوونترمان لە کێشەی کورد دەخاتە بەرچاو.

دەی خاکەلێوە بۆتە سەرەتای قۆناغی دیکە لە لە خەبات‌و تێکۆشانی ئازادیخوازانەی نەتەوەی کورد، نەک هەر لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بەڵکوو لە سەرانسەری کوردستان دا. خەباتی ئازادیخوازانەی کورد لە هەر پارچەیەکی کوردستان لەلایەک بەشێکە لە خەباتی ئازادیخوازانەی ئەو وڵاتەو لەلایەکی دیکەشەوە بەشێکە لە خەباتی ئازادیخوازانەی کوردستان. پێشەوا قازی فۆرمۆلی ئەو دوالیزمە سیاسییەی زۆر بە باشی داڕشتبووو بە کردەوەش بەڕیوەی برد. بزووتنەوی ١٣٢٤ ـ ٢٥ لەلایەک بزووتنەوەیەکی ئازادیخوازی لە ئێران دا بووو لەلایەکی دیکەش پێگەو داڵدەی ئازادیخوازانی سەرانسەری کوردستان بە تایبەتی بارزانییەکان لە باشووری کوردستان بە ڕێبەرایەتیی نەمر مەلا مستەفای بارزانی بوو. سیاسەتی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە پێوەندی لەگەڵ مافی دیاریکردنی چارەنووسی نەتەوەی کورد بە گشتی‌و مافی دیاریکردنی چارەنووسی کورد لە ئێران دا قەرزداری ئەندێشەو کردەوەکانی پێشەوا قازی محەممەدی نەمرە.

**خەڵکی خەباتگێر و مافخوازی کوردستان!**

**هێزو لایەنەکانی سەرانسەری کوردستان!**

کۆماری کوردستان بە ڕێبەرایەتیی پێشەوا قازی جێگەی هیواو هومێدی هەموو کورد لە پارچەکانی دیکەی کوردستان‌و پێگ و پەناگەی تێکۆشەران‌و ئازادیخوازانی پارچەکانی دیکەی کوردستانیش بوو. یەکەم کۆماری کوردو یەکەم دەسەڵاتی کورد بوو کە بە شێوەی مۆدێرن بەڕێوە دەچوو، پێشەوا قازییش یەکەم سەرکۆماری کورد بوو. ئێعدامی پێشەوا قازی کاریگەریی نەک هەر لە سەر ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەڵکوو لەسەر بزووتنەوەی پارچەکانی دیکەی کوردستان بە تایبەتی باشووری کوردستانیش هەبوو. بۆیە جێی خۆیەتی هەروەک لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ڕۆژی ئێعدامکرانی پێشەوا قازی وەک ڕۆژی شەهیدانی کوردستان ناودێر کراوە، ئەو ڕۆژە لە سەرانسەری کوردستان دا بۆ ڕێزگرتن لە گیانی پێشەوا قازی‌و هەموو شەهیدانی کوردستان ببێ بە ڕۆژی شەهیدانی کوردستان.

حیزبی دیموکراتی کوردستان لە ٦٥ساڵەی ئێعدامی پێشەواو هاوڕێیانی دا وێڕای ڕێزگرتن لە یادو ناوی بەرزیان وەفاداری بە ڕێگاو ئامانجەکانی پێشەوا قازی دووپات دەکاتەوەو پێ لەسەر ڕێبازو سیاسەتە نەتەوەییەکانی پێشەوا دادەگریتەوە. هەر لەو پێناوەدا حیزبی دیموکراتی کوردستان « کۆماری کوردستان»ی لە دروشمیستراتیژیی خۆی دا کە بریتییە لە:» دامەزرانی کۆماری کوردستان لە چوار چێوەی ئێرانێکی دیموکراتیکی فیدراڵ دا « گونجاندوە.

**سڵاو لە گیانی پاکی پێشەوا قازی‌و هاوڕێیانی‌و هەموو شەهیدانی ڕێگای ئازادیی کوردستان**

**بە هیوای وەدیهاتنی ئامانجە پیرۆزەکانی پێشەوا قازی.**

**حیزبی دیموکراتی کوردستان**
**دەفتەری سیاسی**
**١٠ی خاکەلێوەی ١٣٩١**
**( ٢٩ی مارسی ٢٠١٢)**

---

## پەیامی کۆمیسیۆنی کۆمەڵایەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان

# بە بۆنەی ١٠ ی خاکەلێوە، ڕۆژی شەهیدانی کوردستان

**بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدان**
**هاوڕێیانی خۆشەویست!**
**میوانە بەڕێزەکان!**

ئەمڕۆ لە کاتێکدا ڕێوڕەسمی ١٠ی خاکەلێوە ڕۆژی شەهیدانی کوردستان وێڕای بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدان، کادرو پێشمەرگەو میوانەکان بەڕێوە دەبەین کە ٦٥ ساڵ بەسەر لە سێدارەدانی پێشەوا قازی محەممەد یەکەم سەرکۆماری کوردستان‌و هاوڕێکانی حەمە حوسێنی خانی سەیفی قازی و ئەبولقاسمی سەدری قازی دا تێدەپەڕێ. ئەگەر ١٠ی خاکەلێوە ڕۆژێکی پڕ کارەسات‌و ناخۆش بوو لە مێژووی گەلی کورد داو هەمیشە وەک بیرەوەرییەکی تاڵ سەیری دەکرێ، لە بەرامبەردا ڕۆژی وشیار بوونەوەو وەخۆهاتنەوەی زیاتری گەلی کرد بوو لە بەرامبەر دیکتاتۆرەکان و بە تایبەت دیکتاتۆرێکی بەستراوە بە بێگانەی وەک حەمەرەزا شای پەهلەوی و دەورووپشتی.

**بەشداربووانی ڕێوڕەسمی ١٠ی خاکەلێوە ڕۆژی شەهیدانی کوردستان!**

هەروەک دەزانن پێشەوا قازی محەممەد، سەرکۆماری کوردستان، لەو کەسایەتی‌و گەورە پیاوانەی بە نفووزو ناسراوی گەلی کورد بوو کە هەتاهەتایە ناویان‌و کارە گرینگەکانیان لە مێژووی گەلی کرد دا بە زیندوویی دەمێنێتەوەو جێگایەکی پڕ بایەخ‌و تایبەت لە لاپەڕەکانی مێژووی گەلی کوردیان بۆخۆیان تەرخان کردوە. مێژوونووسان‌و لێکۆڵەروان لەبارەی پێشەوادا دەڵێن: قازی محەممەد ڕێبەرێکی زیرەک، ڕووناکبیر، وردبین، پێشکەوتنخوازو نیشتیمانپەروەر بوو و چەند زمانی بێگانەی دەزانی‌و قسەی پێ دەکرد، هەر ئەو تایبەتمەندییانە بوون کە بواری بۆ دەرکەوتنی قازی محەممەد وەکو کەسایەتییەکی سیاسی، فەرهەنگی وکۆمەڵایەتی نیشتمانپەروەر خۆش کردو سەرئەنجام کاتێک حیزبی دیموکراتی کوردستان و کۆماری کوردستان لە مەهاباد دامەزران و گەلێک دەسکەوتیشیان بۆ گەلی کورد مسۆگەر کرد. پێشەوا قازی محەممەد جێگای شیاوی خۆی گرت. بەڵام بەداخەوە تەمەنی کۆمار ئەوەندە کەم بوو کە مەوداو مۆڵەت نەبوو دەسکەوتەکان بەو شێوەیەی کە پێویستە بە ئاکام بگەن، لە یادی ٦٥ ساڵەی ئێعدامی پێشەوای مەزن دا بە پێویستی دەزانین ئاماژە بە بەشێک لە کارو دەسکەوتەکانی کۆماری کوردستان بکەین:

یەکێک لەو دەسکەوتانە پاراستن و ئاسایشی خەڵک و ناوچەکانی کوردستان بوو کە لە دەست سپای پێشمەرگەدا بوو ئەلحەق بەوپەڕی هەست بە بەرپرسایەتی کردنەوە کوردستانیان پاراست.

لە بواری ئابوورییەوە کوردستان لە گەمارۆدا بوو، حکومەتی حەمەرەزا شا تەحریمی خستبووە سەر ناوچەکانی کوردستان. بەڵام سەرەڕای ئەو تەحریمە باری ئابووری و بارودۆخی ژیانی خەڵکی کوردستان خراپ بوو.

تا پێش دامەزرانی کۆماری کوردستان زمانی کوردی لە قوتابخانە و ئیدارەکانی کوردستان قەدەغە بوو. بەڵام لە کۆماری کوردستان دا گرینگی بە زمانی کوردی دراو دەستوور درا لە هەموو قوتابخانەو ئیدارەکانی کوردستان بەکار ببرێ.

ناردنی ژمارەیەک خوێندکاری کورد بۆ خوێندن بۆ وڵاتی بێگانە یەکێکی دیکە لە هەنگاوە گرینگەکانی کۆماری کوردستان بوو.

هەروەها لە کۆمەڵی داخراوو فیئوداڵی ئەو کاتی کوردستان دا کە ژنان لە پەراوێز خرابوون، بۆ خوێندەوار کردنی ژنان و دانیشتووانی کوردستان هەنگاو هەڵێنرایەوە و ژنانیان لە کاروبارە سیاسی‌یەکان دا بەشدار کرد.

گرینگیدان بە چاپەمەنی یەکێک لە دەسکەوتەکان بوو کە ئەو کات ڕۆژنامە و گۆڤار بە زمانی کوردی بڵاو دەبوونەوەو ئازادیی ڕادەربڕین لەو بڵاوکراوانەدا بەرچاو بوو و گەلێک دەسکەوتی دیکە........

**هاوڕێیانی خۆشەویست!**

ئەگەر کۆماری کوردستان لە ماوەیەکی ١١ مانگی دا بووە خاوەن گەلێک دەسکەوتی بە نرخ، بەڵام مخابن گەلی کورد لەبەر، بەروبوومی ئەم دەسکەوتانە نەحەسایەوە، چونکە

**لەبەر ئەوەی سەرجەم شەهیدەکان بێ جیاوازیی ڕێکخراوەیی، ڕۆڵەی گەلی کوردن لە پێناوی ئازادی و بەختەوەریی گەلی کورددا سەریان داناوە پێویستە لەو هەلومەرجەدا ڕێبواران و ڕێڕەوانی ئەو شەهیدانە لە ڕیزی یەکگرتوودا بۆ ئاواتە وەدی نەهاتووەکانی ئەوان هەوڵ بدەن و هەروەها پێکەوە سەردانی گڵکۆی شەهیدان بکەن**

کۆماری جوانەمەرگ بوو، پێشەوا لە سێدارە دراو بارودۆخی کوردستان گەڕایەوە سەردۆخی جاران. بێجگە لەوەی ئەو دەسکەوتانە لە مێژووی گەلی کورد دا تۆمار کران، لە زێهنەکانیش دا چەسپان و لەڕاستی دا بەرچاو ڕوونی و زێهنیەتێکی باشیان دا بە گەلی کورد، گەلی کوردی هان دا کە دەبێ چارەنووسی خۆی بە دەستەوە بگرێ وەک نەتەوە بەختەوەرەکانی دیکەی سەر زەوی، خاوەن سەروەری و خاوەن کیانی نەتەوەیی و نیشتمانی ئازادی خۆی بێ.

**هاوسەنگەرە تێکۆشەرەکان!**

قازی محەممەد و هاوڕێیانی پاش دادگایی کرانێکی فەرمایشی لە ١٠ی خاکەلێوەی ١٣٢٦ هەتاوی لە مەیدانی چوارچرای شاری مەهاباد لەو شوێنەی کۆماری کوردستان تێدا ڕاگەیەندرا، ئێعدام کران. ڕێژیمی پەهلەوی پێی وابوو بە ئێعدامی قازی و یارانی، گەلی کوردی چاوترسێن کردوە و دەنگی حەقخوازانەی کپ کردوە، کە ئیدی توانای هەستانەوەی دوو بارەیان نابێ! دەڵێن دیکتاتۆران گەوجن، پێیان وایە سەری ڕێبەرێک لێ بدەن لە بنەڕەتڕا ریشەی نەتەوەیەک وشک دەبێ، بەڵام بە پێچەوانەی بیری دیکتاتۆرەکان، نەتەوەی کورد بەو کارەساتانە دڵتەنگ دەبێ، بەڵام نامرێ و سوورترو لێبراوانەتر تێ‌هەڵدەچێتەوەو ڕێگای پڕ لە شانازیی قازی و قازی‌یەکان درێژە دەدا، هەروەک قازی محەممەد لە کاتی ئێعدام کردن دا فەرمووی: ئێوە بە ئێعدامی من قازی محەممەدێک دەکوژن کەچی لەدوا ڕۆژدا بە دەیان و سەدان قازی محەممەد لەو کوردستانەدا دێنە مەیدانی خەبات، هەرواش بوو. بە هەزاران پێشمەرگەو تێکۆشەر مەشخەڵی داگیرساوی بیری قازی محەممەد و ڕیبەرەکانی دیکەیان بە ئەمانەتەوە دەست بە دەست هێناوەو دەیدەنە دەست نەوەکانی داهاتوو.

**بنەماڵەی خۆشەویست و سەربەرزی شەهیدان!**
**تێکۆشەرانی دێموکرات!**

بێ‌هۆ نیە ئەگەر حیزبی دێموکراتی کوردستان ڕۆژی ١٠ی خاکەلێوەی بە ڕۆژی شەهیدانی کوردستان و ڕێز گرتن لە یاد و فیداکاری و قارەمانەتیی ئەو شەهیدانە ناودێر کردوە. لەبەر ئەوەی ئەو شەهیدانە ڕێڕەو ڕێبواری شەهیدانی کۆماری کوردستانن، بۆیە ئاگاهانە و بوێرانە بێ سڵ کردن لە مەرگ بە سەخاوەتەوە گیانیان لەسەر لەپی دەست داناو پێشکەشی بارەگای ئازادیی گەلی کوردیان کرد. ڕێبواران و هاوسەنگەرانی شەهیدان لە حیزبی دێموکرات کوردستان لەگەڵ ڕووحی هەموو شەهیدانی کوردستان وخەڵکی خەباتگێڕی کوردستان، بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدان و زیندانیای سیاسی نێو بەندەکان کە هەر ئێستا چاوەڕوانی حوکم و سزای قورسن، بەڵێن نوێ دەکەنەوە وەفادار بن بە ڕێگاو ئامانج و ئاواتی هەموو ئەو تووڵە نەمامانەی بەهۆی بەربەرەکانی کردن لەگەڵ هێزی نابەرامبەری کۆماری ئیسلامی گیانیان کرد بە پردەبازی سەرکەوتن.

هاوڕێیانی بەڕێز!

لە لایەک ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بەردەوام درێژە بە ڕەفتارە دژی ئینسانی‌یەکانی لە بەرامبەر گەلی کورد و گەلانی دیکەی ئێران دەداو گوشارو زەختی لە ڕادە بەدەری بۆ سەر چالاکوانان و ڕۆشنبیران، نووسەران و مافناسان هێناوەو مەیدانی پێ تەنگ کردوون و بێزاری و نارەزایەتی خەڵکی بە لوتکە گەیاندوە، لە لایەکی دیکەوە ڕۆژ بە ڕۆژ گوشاری نێونەتەوەیی بۆسەر کۆماری ئیسلامی زیاد دەبێ، بەتایبەتی دەسەڵاتدارانی ئێران هەوسارپچراوانە وەڵامی ڕێکخراوەکانی پێوەندیدار بە وزەی ئەتۆمی و مافی مرۆڤ نادەنەوەو هەروا درێژە بە ڕەفتارە نامرۆڤانەکانیان دەدەن‌و هەر بۆیە لە ئاستی نێو نەتەوەییش دابێزراوەو تەریک کەوتۆتەوە. لێرە دا پێویستە:

بۆ ئەوەی هەم وەفاداری و خۆشەویستیی خۆمان و هەم هەست بە بەرپرسایەتی کردنمان لە ئاست خوێنی گشت شەهیدانی کوردستان دا سەلماندبێ،

١- شێلگیرانە لە نێوخوو دەرەوەو لە هەر کوێ‌یەکی ئەم جیهانە بین خەبات و بەربەرەکانی‌یەکانمان بە هەر شێوەیەک دەگونجێ دژی ئەم ڕێژیمە کۆنەپەرستە کە ئێعتیباری نەماوە بێ وچان درێژە بدەین.

٢- لەبەر ئەوەی سەرجەم شەهیدەکان بێ جیاوازیی ڕێکخراوەیی، ڕۆڵەی گەلی کوردن لە پێناوی ئازادی و بەختەوەریی گەلی کورددا سەریان داناوە پێویستە لەو هەلومەرجەدا ڕێبواران و ڕێڕەوانی ئەو شەهیدانە لە ڕیزی یەکگرتوودا بۆ ئاواتە وەدی نەهاتووەکانی ئەوان هەوڵ بدەن و هەروەها پێکەوە سەردانی گڵکۆی شەهیدان بکەن، بە دانانی چەپکە گوڵێک ئەمەگناسیی خۆیان دەرببڕن و هەروەها سەردانی بنەماڵەکانیان بکەن و منداڵەکانیان بلاوێننەوە. ئەو کاتەیە کە ڕووحی شەهیدەکان و بنەماڵەی شەهیدەکان شاد دەبن لەم ڕۆژەدا جارێکی دیکە لە بەرامبەر شەهیدەکان و لە ئاست خەبات و چالاکیی بێ وچانی ڕێبوارانی شەهیدان، کادرو پێشمەرگەکان و ئەندامانی حیزبی دێموکراتی کوردستان سەری ڕێز دادەنوێنین. سەرمان بەرز ڕادەگرین بەو هەموو شەهیدانە، بە داهاتوو هیوادار دەبین، لەبەر ئەوە لە ژێر سێبەری خەبات و گیانفیدایی هاوڕێ شەهیدەکان، بزووتنەوەی ئازادیخوازی بەشێوەیەک لە نێو گەلی کورددا ڕیشەی داکوتاوە کە هیچ قودرەتێک ناتوانێ لە ناوی بەرێ تا بە ئامانج دەگا.

**سڵاو لە گیانی پێشەوا قازی محەممەد سەرقافڵەی شەهیدان**

**سڵاو لە ڕووحی پاکی هەموو شەهیدانی ڕێگای ئازادی و سەربەستی**

**سڵاو لە بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدان و زیندانیانی سیاسی**

**حیزبی دیموکراتی کوردستان**

**کۆمیسیۆنی کۆمەڵایەتی**
**١٠ی خاکەلێوەی ١٣٩١ی هەتاوی**

# با پێشەوا قازی محەممەد بکەینە سەرمەشقی هزری نەتەوەیی و مرۆییمان

سمایل سوهرابی

پێشەکی بە بۆنەی ساڵڤەگەڕی ١٠ی خاکە لێوە، وفاداریی خۆم بەرێبازی شەهیدانی کوردستان دەردەبڕم و سڵاوێک بەڕاددەی هەستی شۆڕشگێڕانە، پێشکەشی بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدان دەکەم بەتایبەتی دایکە دڵسووتاوەکان، هیوادارم بەدرێژەدانی خەبات ئامانجیان وەدی بێنین، ئەگەر نا شەرەفی شەهیدبوونمان بەنسیب بێ.

یەکێک لەو پرسە گرینگانەی کە لە لایەک وەک سروشتی مرۆڤ، لە لایەکی دیکە وەک پێویستیی مرۆڤ بەردەوام دێتە ئاڕا، پرسی نەتەوەیی و پاقێزگاری لەدەسکەوتە نەتەوەییەکانە، بەشێوەیەک کە بۆتە قێبازێک لەرێبازەکان. تەنانەت زۆر وڵات هەن لەسەر سیستمی نەتەوەیی دامەزراون. کە وابوو ئەگەر بۆ وڵاتانی سەربەخۆ و خاوەن دەسەڵات، نەتەوەپارێزی بۆتە بنچینەی وڵات، پرسی نەتەوەیی بۆ کوردانی هەموو پارچەکانی کوردستان گرنگیی تایبەتی بەخۆوە دەگرێ وئەرکی هەر تاکێکی کوردە، لە سەر هەر ئیدە و باوەڕێک بێ تێبکۆشێ نیشتمانەکەغ لەدەستی داگیرکەران و زۆرداران قزگار کا . بۆئەم مەبەستەش پێشەوا قازی محەمەد باشترین نموونەیە کە وەک سۆنبولی خەباتگێڕی لە پێناو وەدەستهێنانی ئامانجی نەتەوەیی و نیشتمانی و مرۆییدا سەیری بکرێ وردێژەدەری ڕێبازی بین.

ئەگەر بەچاوی ویژدانەوە سەیری مێژووی خەباتی لەمێژینەی گەلی کورد بکەین، دەبینین شێخ عوبەیدیللا، شێخ سەلام، سعیدی نەورەسی....تا دەگاتە قازی محەممەد و مەلامستەفای بارزانی و هتد، لە لوتکەی خەباتگێڕاندا بوون و بزاقی ڕزگاریخوازیی گەمی کوردیان ڕێبەرایەتی کردوە. چونکغ باوەڕیان وابوو بەرگری لەگەڵ،لە پێناسەی نەتەوەیی ،لە سامان ، لە کولتورو فەرهەنگ، ئەرکی ئایینی و نەتەوەییەو لەهەقانییەتدا بەجێ گەیاندنی قاسپێردراوەکانی خوای گەورەن

کە لە پێوەندی لەگەڵ بەربەرەکانیی ستەمکاراندا ڕەوانە کراون. ئەگەرچی نزیک لە ١٥ سەدە بەسەر ئیسلامدا تێپەڕ دەبێ، کەچی ئێستاش پتر لە ٩٠٪ نەتەوەی کورد موسوڵمانن، کە ئەوە خۆی لەلایەک ئەوحەقە بەکورد دەدات کە ڕێز لەباوەڕی ئیسلامییان بگیرێ و لەلایەکی دیکەوە ئەو ئەرکە دەکەوێتە سەر شانیان کە بە پێی دەقە ڕوونەکانی قورئان و سوننەت بەرگری لە گەڵ و نیشتمانیان بکەن . بەڵام بەداخەوە، هێندێک بە ڕواڵەت ڕووناکبیر و هێندێک لە ڕووحی ئیسلام تێنەگەیشتوو، پێیان وایە دوو گوتاری ئیسلام و سۆزی نەتەوەیی لە پارادۆکس دان و ناکرێ لە یەک حاڵدا لە کەسێکدا کۆ ببنەوە. بۆ ڕەدکردنەوەی ئەم شێوە بیر کردنەوە، پێویستە ئاماژە بەچەند خاڵ بکەم و بە جێی ئەوەی پێشەوا قازی دابەش بکەین بە دوو گوتاری‌دژ بەیەک ، ژیان وخەباتی ئەم مەزنە پیاوە بکەینە سەر مەشقی خەبات.

١_ پێوەندیی نەتەوەیی وئایینی کاریگەری کردنە سەر یەکتر، نەک لەسەرتربوون یان بەرەنگاربوونەوەی یەکتر، چون مرۆڤ بێ ڕەچاو کردنی جۆری ئایین و نەتەوەکەی لە لای خوای گەورە ڕێزی لێ دەگیرێ و ڕێ نادات سووکایەتی پێ بکرێ یان مافی پێشێڵ کرێ، هەروەک لە سەردەمی پێشەوا قازی محەممەد دا، دانیشتوانی کوردستان بە کورد و غەیرە کوردەوە لە ژێر سێبەری دەسەڵاتی کوردیدا ئوقرەیان گرتبوو. ئەوە کە مرۆڤەکان بە شێوەی ڕەها بەڕێزن و مافیان پارێزراوە، ئاماژەی دەقی سەریحی قورئانە ، (ولقد کرمنا بنی آدم) واتە ئێمە ڕێزمان لە مرۆڤ ناوە، بێ ڕچاو گردنی جۆری ئایین و نەتەوەکەی.

٢_ بەرزترین شوناسی نەتەوەیی هەر گەلێک زمانەکەیەتی و لەروانگەی ئایینی پیرۆزی ئیسلامییشەوە، جیاوازیی زمانی گەلەکان وەک نیشانەی خوای گەورە دێتە ئەژمار. چونکی قورئانی پیرۆز لە سووڕەی رووم ،ئایەی ٢٢ ، دەفەرموێت: « لە بەڵگەو نیشانەکان لەسەر هێزی خوا بەدیهێنانی ئاسمانەکان و جیاوازیی زمانی ئاخاوتن و جۆراوجۆریی ڕەنگی ئێوەیە، کە بێ شک ئەمانە بەڵگەی سەلمێنەرن لەسەر گەورەیی خوای گەورە لە لای فرەزاناکان و بیرمەندان». هەروەها نەتەوە جیاوازەکان، تەنانەت لە نەتەوە بچووکتر، تیرە و هۆزەکان بەگشت تایبەتمەندییەکانیانەوە خواستی خوان و پاراستنیان ئەرکی ئایینیی هەر باوەڕمەندێکە، هەروەک قورئان ئاماژەی پێ دەکات : «ئەی خەڵکینە ئێمە ئێوەمان لە ژن و مێردێک بەدیهێناوە و گێڕاومانن بە چەند نەتەوە و هۆز و تیرە، بە مەبەستی شوناسی یەکتر و پێکەوە ژیان»حجرات،١٣. لەم ئایەتە بە ڕوونی دەردەکەوێ، سڕینەوەی نەتەوەیەک لەلایەن هەر سیستم ودەسەڵاتێک بەتایبەت ئەگەر بەناوی ئایین بێ ، یان مافی ژیان پێدان بەمەرجێک کە نەتەوەیەک بەردەوام مەحکووم و ئەویتریان حاکم بێت و دەست بەسەر فەرهەنگ و ئایین و گشت تایبەتمەندییە نەتەوەییەکانیدا بگێری، دەگەڵ مەبەستی دەقی قورئان، کە پێکەوە ژیانی ئاشتیانە و یەکتر ناسینە، دژایەتیی هەیە و موسوڵمانان ئەرکدار دەکات بۆ نەهێشتنی ستەمی نەتەوایەتی و ئایینی تێبکۆشن و لە کەمتەرخەمی، یان ژیان لە ژێر سێبەری حاکمی زۆردار و ستەمکار خۆبپارێزن. بەتایبەت مامۆستایانی ئایینی لەسەریانە پەیامبەریێتیی دادپەروەری و دژایەتی لە بەرابەر دیکتاتۆراندا بەجێ بگەیەنن وبە ئاوڕدانەوەی خەباتی مێژوویی و کاریگەریان لە سەر ڕەوتی خەباتی گەلی کورد، هەروەها بۆ لەدەست نەدانی ڕەزامەندیی خوای گەورە و متمانەی خەڵکی وەک پێشەوای ئایینی ، خەڵکی ڕێنوێنی بکەن و لەبەرابەر ئەم ئەرکە پیرۆزەدا خۆنەویست وفیداکار بن.

٣_کوردبوونمان لەدەستی خۆماندا نییە و ویستی خوای گەورەیە. بە پێچەوانەی ئایین دەکرێ کەسێک واز لە ئایینەکەی بێنێ و ئایینێکی دیکە بە دڵخوازی خۆی هەڵبژێرێ بۆ وێنە ڕەوایە کوردێک موسوڵمان نەبێ، بەڵام ناکرێ کوردێک عەرەب، فارس یان هەرنەتەوەیەکی دیکە بێ، چون پەیامبەری ئیسلام (دخ) «نەفرینی کردوە لە کەسێک بە ناڕەوا خۆی بەکوڕی کەسێک بناسێنێ کە لەراستیدا باوکی ئەو نییە، هەروەها نەفرینی کردوە لە گەلێک، کە ئەو تایبەتمەندییانەی کە خوا پێی بەخشیوە بیسڕێتەوە و بە ڕەزامەندییەوە خۆی بەگەلێکی دیکە بناسێ.» تێبینی مەبەست لەم فەرمودەیە بەرواڵەت بە مندلی خۆ قبوولکردن نییە،»تبنی» چون ئەمە ڕەوایەو پەیامبەر بۆ خۆی بەڕێوەی بردووە. کە وابوو کوردبوونمان و کوردایەتی مەسەلەیەکی حەقە و ڕەوا نییە بۆ هیچ گەلێک مافی نەتەوایەتیی گەلێکی دیکە پێشێڵ بکات، تەنانەت ئەگەر لە بەربەرەکانی ودژی یەکتریش بن. چونکە قورئان دەفەرموێت: «دژایەتیی گەلێک ناچارتان نەکات کە مافیان لەبەرچاو نەگیرێ، چونکی لە بەرچاو گرتنی ماف لە خواترسی نزیکترە بۆ ئەو کەسانەی دەیانهەوێ خواپەرست بن. «

٤–لە ڕوانگەی ئایینی ئیسلام، بۆ هەر سیستمێک دوو بنچینەی گرینگ فەرز کراوە: یەک، ئەمنییەتی ئابووری ، دوو، ئەمنییەتی سیاسیی وژیانی. ئەگەر سەیری سیستمی سیاسی و ئیداریی پێشکەوتووترین وڵاتانی دنیا بکەین، بۆمان دەردەکەوێ کە بەردەوام لە پێناوی وەدەستهێنانی ئەمنییەتی ئابووری و سیاسیدا تێدەکۆشن. بەڵام جێی نیگەرانییە خەڵکەکەمان بە گشتی و مامۆستایانی ئایینی بەتایبەتی،وابیر بکەنەوە کە بەرپرسیارەتیی ئایینییان ناکەوێتە سەرشان لە پێناو پەرەپێدانی سامانی نیشتمانەکەمان و بەدیهێنانی ئاسایشی نەتەوەیی. خەراپتر لەوەش ئەگەر پێمان وابێ لەبەرابەر بێ هەڵوێستیمان و ڕازیبوون بە حوکمی زۆرداران لەلایەن خوای گەورەوە سزا نادرێن. چونکی خوای گەورە بۆ دابینکردنی ئەمنییەتی ئابووری و ئاسایشی نەتەوەیی، موسوڵمانان هان دەدات و وەک مەرجی سەرکەوتنی هەر گەلێک دەستنیشانی دەکا. (قرش:٤).

٥_ هێڵی لێبووردەیی و ڕەچاوکردنی حەق، لە گۆشەنیگای ئیسلام بەڕاددەیەک بەرفرەوانە، کە بێجگە لە ڕەفتاری نادروستی هاوباوەڕان وهاونیشتمانان ، خەراپەی خەراپەکەرانی نەیارانیش دەگرێتەوە. بەڵام خاڵی سەرنجراکێش ئەوەیە کە ئیسلام لەدوو مەسەلەدا: ١_ لەکاتی دەستدرێژی و سووکایەتی بەئایین بەگشتی ئیسلام، مەسیحی، یەهوودی، زەردەشتی و تەنانەت بت پەرستی و هتد ... ٢_ پێشێلکردنی مافی نەتەوەیی و هەوڵدانی نەیاران بۆ تواندنەوەی هەر نەتەوەیەک بەگشتی، لێبووردەیی ڕەوا نییە هیچ، بەڵکوو بەربەرەکانی وفیداکاری تاسەر مەرزی گیاندان فەرزکراوە . سەرنجراکێشتر لەوەش ئەم ئەرکە ئەرکی هێندێک نییە، (فرض کفایە) بەڵکوو ئەرکی سەر شانی هەر تاکێکە ،(فرض عین). بۆ ئەم یاسایەش پشت دەبەستین بە ئایەی ٨-٩ ممتحنە،( خودا بەرتان لێ ناگرێ کە ئێوە دەگەڵ ئەوانەی لەسەر دین بەگژ ئێوەدا نەچوون و لە زێدی خۆتان وەدەریان نەناون، چاکەیان دەربارەی بکەن و بە یەکسانی ڕەفتاریان دەگەڵدا بکەن،خوا مرۆڤی خاوەن ئینسافی خۆش دەوێ . تەنیا هەر ڕێگەتان نادا دەگەڵ ئەوانە ببنە دۆست ولێیان ببوورن، کە لەسەر دین شەڕیان دەگەڵتان کردو ئێوەیان لەزێدی خۆتان ئاوارە کرد و بوونە پشتیوانی یەکتر. هەرکەس ببێتە دۆستیان، دیارە غەدر لە خۆیان دەکەن). لەکۆتاییدا پێویستە لە گیان فیدایی پێشەوا قازی دەرس وەرگرین و خۆنەویستی و گەلویستیی ئەو لە پێناوی نەتەوە و نیشتمانەکەیدا بکەین بە ڕێبازی ژیانمان.



# هەڵبژاردنەوەی ئەحمەد شەهید، شکستێکی دیپلۆماسی بۆ ئێران و دەرفەتیکی دیکە بۆ کورد



مەسعوود فەتحی

ڕۆژی ٣ ی خاکەلێوەی ١٣٩٠ ی هەتاوی، شوڕای مافی مرۆڤی نەتەوە یەکگرتووەکان، بۆ ماوەی ساڵێکی دیکە «ئەحمەد شەهید»ی وەک ڕاپۆرتێری تایبەت بۆ هەڵسەنگاندنی ڕەوشی مافەکانی مرۆڤ لە ئێران هەڵبژاردەوە ،ساڵێک لەمەوپێش نەتەوە یەکگرتووەکان، بە دیاریکردنی ڕیپۆرتێرێکی تایبەت، میکانیزمێکی نوێی بۆ هەڵسەنگاندنی پرسی مافی مرۆڤ لە ئێران دیاری کرد، کە ئەمەش تووڕەیی دەسەڵاتدارانی ڕژیمی ئێرانی لێکەوتەوە، تا ڕادەیەک کە سەرەڕای داواکارییەکانی ئەحمەد شەهید، دەسەڵاتدارانی تاران ڕێگەیان نەدا ناوبراو بۆ جێبەجێکردنی ئەرکەکانی سەردانی ئێران بکا. ڕژێمی ئێران لە ماوەی یەکساڵی ڕابردوودا و بە مەبەستی شکست پێهنانی ئەو میکانیزمە دەستی بە چەواشەکاری کرد و تەرخانکردنی ڕیپۆرتێرێکی تایبەت بۆ ئەم مەبەستەو هەر چەشنە بڕیارنامەیەکی بە دژی وڵاتەکەی و لە مەڕ پێشێل کارییەکانی مافی مرۆڤی بە کردەوەیەکی سیاسی و دوژمنکارانە لە لایەن ئامریکاو ئیسرائیلەوە ناودێر کرد. هاوکات بەمەبەستی دەرباز بوون لە مەحکوومییەتی جیهانی، بەردەوام بانگەشەی دەکرد کە وڵاتەکەی ئامادەیە بە مەبەستی دەرخستنی ڕاستیەکان هاوکاریی نەتەوە یەکگرتووەکان بکا، لەم ڕاستایەشدا عەلی لاریجانی بەرپرسی ناوەندی مافی مرۆڤی ئێران داوای کرد خاتوو ناوی پیلای کۆمیساریای بەرزی نەتەوە یەکگرتووەکان سەردانی ئێران بکا، خاتوو پیلای پێش ئەوەی سەردانەکەی بۆ وڵاتی ئێران حەتمی ببێتەوە، وەفدێکی ڕەوانەی ئێران کرد و داوای لە بەرپرسانی ڕێژیم کرد کە لە کاتی هاتنی بۆ ئێران دەیەوێ چاوی بە ڕێبەرانی بزووتنەوەی سەوز، میرحوسەینی مووسەوی و میهدی کەڕووبی، و چەندین کەسی دیکە لە زیندانیانی سیاسی، چالاکانی سەربەخۆی سیاسی و مەدەنی بکەوێ، هەر بۆیە ڕژێمی ئێران ئەو پرسەی پشتگوێ خست و بەم چەشنەو بە کردەوە خۆی لە هاوکاری کردنی ڕێکخراوی مافی مرۆڤی نەتەوە یەکگرتووەکان بوارد

(بانکی مۆن سەرۆکی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان لە بڕگەی ٢٤ی ڕاپۆرتی ١ی خالیوەدا بە تێر و تەسەلی ئەم پرسەی باس کردوە)

بەم جۆرە ڕێژیم بە کردەوە هاوکاریی نەتەوە یەکگرتووکانی نەکرد.

سەرەڕای بەربەستەکانی کۆماری ئیسلامی ئەحمەد شەهید لە ڕێگەی وتوویژ لەگەڵ قوربانیانی پێشێلکردنەکانی مافی مرۆڤ لە ئێران و پێوەندی گرتن بەچالاکانی کۆمەڵگەی مەدەنییەوە دەستی بە ڕاپەڕاندنی ئەرکە پێ ئەسپێردراوەکانی کرد. ناوبراو لە ڕاپۆرتی دووهەمی دا کە ڕێکەوتی ٧ی مارس و لە درێژەی ڕاپۆرتی یەکەمی کە ڕێکەوتی ٢٣ ی سێپتامبری ٢٠١١ بڵاوببۆوە ڕەوشی هەنووکەیی مافی مرۆڤی لە ئێرانی تاریک و مەترسیدار وەسف کرد ئەوەی لەم وتارەدا مەبەستە پرسەکانی پیوەندیدار بە هەڵبژاردنەوەی ئەحمەد شەهیدە هەر بۆیە بە گشتی ئاماژەیەک بە نێوەرۆکی ڕاپۆرتەکە دەکرێ.

ئاماژە بە ڕووداوەکانی پاش هەڵبژاردنەکانی خولی دەیەمی سەرۆک کۆماری، بەرزبوونەوەی ڕێژەی ئێعدامەکان، ئێعدامی جیابیران و زیندانیانی سیاسی، ئێعدام لە پێش چاوی گشتی ، ئێعدامی مێرمنداڵان، ڕەوشی دژواری زیندانەکانی ئێران و بارودۆخی مەترسیداری زیندانیان، ناقانوونی بوونی شێوازی لێپرسینەوە و دادوەری، گرتنی ڕۆژنامەنووسان و وێبلاگ نووسان، زیندانیکردنی ژینگەپارێزانی ناڕازی بە نیسبەت پرسی وشکبوونی گۆلی ورمێ ، داخستنی ڕۆژنامە و گۆڤار و بێبەش کردنی خوێندکارانی نارازی لە مافی خوێندن، ستەمی نەتەوایەتی، ستەم دەرهەق بە کەمایەتییە ئاینی و مەزهەبییەکان، ستەمی ڕەگەزی و چینایەتی، بەرپرسیار نەبوونی بەرپرسانی ڕێژێم لە ئاست تاوانگەلێک کە دەرهەق بە خەلکی ئێران کردوویانە و ... ڕێژیمی ئێرانی بەرەوڕووی پرسیارگەلیکی جددی کردەوە،

ئەحمەد شەهید کۆکردنەوەی زانیاری پێوەندیدار و پیوەندی کردن و وتوویژ و چاوپێکەوتنەکانی لە گەڵ چالاکانی مەدەنی و قوربانیانی پێشێل کردنەکانی ڕێژیمی ئێرانی لە مانگی ئۆکتۆبەرەوە دەست پێکرد و سەرەتای مانگی ژانویە ڕاپۆرتەکەی، بەمەبەستی وەڵام دانەوەی بەرپرسانی ڕژیمی ئێران ڕەوانەی تاران کرد. بەڵام لە کاتێکدا دەسەلاتدارانی ئەو ڕژیمە نزیک بە دوو مانگ کاتیان بۆ وەڵامدانەوە بە پرسیارەکان هەبوو، خۆیان لە وەڵامدانەوە بوارد و نێوەرۆک و ئەسڵی ڕاپۆرتەکەیان بردە ژێر پرسیار و لە ڕێگەی راگەیاندنەکانیانەوە هێرشیان کردە سەر ئەحمەد شەهید و ئەو کارەیان بە کارێکی دوژمنکارانە، بە دژی خەڵکی ئێران لە قەڵەم داو سەرچاوەی زانیارییەکانی پێوەندیدار بە ڕاپۆرتەکەیان بردە ژێر پرسیار و بەم جۆرەش، بۆ دوایین جار ڕێکخراوی مافی مرۆڤی نەتەوە یەکگرتووەکانیان لە هاوکاری نەکردن لە گەڵ ڕیپۆرتێری ئەو ڕێکخراوە دڵنیاتر کردەوە. کۆی ئەمانە هەڵبژاردنەوەی ئەحمەد شەهیدی بۆ ماوەی ساڵێکی دیکە لێکەوتەوە کە بە شکستێکی دیپلۆماسی بۆ کۆماری ئیسلامی لە ئاستی نێونەتەوەییدا دەژمێردرێ، جێی باسە لەوکاتەوە کە پرسی هەڵسەنگاندنی بارودۆخی مافی

**واشنگتۆن پۆست:**

# گەشەسەندن و پێشکەوتن، کوردستان لە عێراق جیا دەکاتەوە

**وەرگێران لە ئینگلیزیەوە: موعتەسەم نوورانی**

هەولێر، عێراق _ هەر کە لە فرۆکەخانە جوان، رازاوە، سەرنجراکێش‌و نوێیەکەی هەولێر دادەبەزی، لەو هەرێمەدا پەرەئەستاندنی بواری شارستانییەت و ژیان‌و کارو کاسبی بە بایەخەوە سەیر دەکرێ و رۆژ لەگەڵ رۆژ پێشکەوتن و ئاڵوگۆری نوێ لە حاڵی گەشەسەندن دایە. بە تێرامانێک لە هەولێر پایتەختی هەرێم، هەر ئەو هیوا و ئاواتەی کە ١٠ ساڵ لەوە پێش ئەمریکا بۆ هەموو عێراقی دەخواست ئێستا لە کوردستان بە تەواوی بەرچاو دەکەوێ.

لە هەر گۆشەیەکی پایتەخت کە چاو لێدەکەی جەرسەقیل و شۆفڵ‌و مەکینەکانی بیناسازکردن خەریکی دروستکردنی بینای بەرز و جوان، هۆتێلی پێنج ئەستێرەی‌و پرد و شەقامن. بە هەڵسەنگاندن لەگەڵ دوبەی بە شکۆیی‌و مەزنی هەولێر هیچ کەم ناهێنێ. پاساژە مۆدێرنەکان‌و بوتیکە رازاوەکان بازار گەرمییەکی زۆر، دروست دەکەن. لە شەقامە پان‌و مۆدێرنەکاندا، ئەو پردانەی کە بە شێوەیەکی مۆدێرن بۆ پەڕینەوە لەم بەری شەقام بۆ ئەو بەری شەقام دروست کراون‌و هێندێک پێ پلیکانەی ئەلکتریکی لە بینا بەرزەکاندا بەکار دێن.

کوردستانی عێراق ناوچەیەکی نیوەسەربەخۆیە تەنانەت لە سەردەمی سەددام حوسێنیش دا (دوای راپەڕینی ٩١)، بەڵام ئەو ناوچە لە دوای هێرشی ئەمریکا لە ساڵی ٢٠٠٣ و نەمانی رێژیمی سەددام ئاڵوگۆڕ و کاریگەریی بەرچاوی لە هەموو بوارەکاندا بەسەردا هاتوە، لە کاتێکدا ناوچەکانیتری عێراق دوای پرۆسەی ئازادی عێراق بە هۆی ئەمریکا، لەگەڵ ئەوە مەیدانیان بۆ ئاواڵا بوو، بە تەواوی ئازادبوون ئاکامەکەی بوو بە شەڕی عەشیرەتی، تائیفی، مەزهەبی کە برینێکی قووڵی خستە سەر مێشک‌و لەشی ئەو ناوچانەو لاساری، ململانێ و کەڵەوەکێشیی خۆیان بوو بە هۆی هەژاریی، دارمانی ئابووری و وێرانیی ئەو ناوچانە کە لە عەقڵدا ناگونجێ. بەڵام هەرێمی کوردستان رۆژ بە رۆژ لە حاڵی هەڵدان دایە و ژێرخانی ئابوورییەکەی گەشە دەکا، بەرەو هەرێمێکی جیا و وڵاتێکی سەربەخۆ دەڕواتە پێش.

کوردستان وەک داستانێکی سەرکەوتوو دەتوانێ ببێتە سەرمەشق بۆ هەموو ناوچەکە. ئەمنییەت‌و ئاسایش هەزینەیەکی زۆری هەڵگرتوە کە بە شێوەی دەوڵەتێکی پۆلیسی بەڕێوە دەچێ. دوو حیزبی دەسەڵاتدار لە رێگای تۆڕێکی بەرین بە هاوکاریی خەڵک ئەو وڵاتە ئیدارە دەکەن.

ئۆپۆزیسیۆن زۆر کەم لە دەسەڵاتدا بەشدارە. رەنگە مەترسیدارترینی ئەوانە ئەو پێوەندییە مێژوویی قیناوییەی نێوان کورد و بەغدا بێ کە دوای کشانەوەی دوایین سەربازی هێزەکانی ئەمریکا لە دیسامبری رابردوودا عێراقیان بەجێ هێشت.

«دوکتور فواد حوسێن» وتەبێژی دیوانی سەرۆکایەتی دەڵێ: ئەگەر بەشەکەی دیکەی عێراق گەشە ناکات هۆی ئەوەیە کە درز و ناکۆکیی تێدایە و ئەو درزو ناکۆکییانە دەبنە هۆی ململانێ و ئاڵۆزیی نێوان لایەنەکان، بەڵام لە کوردستاندا سەقامگیری و ئەمنییەتی تەواو هەیە.

لەگەڵ ئەوە کوردستان لەسەر کانگا نەوتییە زەبەلاحەکان دانیشتوە، پێشتر هیچ گەشتێکی ئاسمانیی تیجارەت لە ناوچەکەدا نەبوو، خۆڵەمێشی بیناسازییەکی شەکەتکراو و یەکجۆر لە ناوچەکەدا وەبەرچاو دەکەوت. رێگاو بان بە شێوەیەکی سوننەتی‌و سەرەتایی بوو، کورد لە بواری سیاسییەوە بە بێ‌مەیلی چاوی لێدەکرا، ئەوەش بە هۆی شەڕی ناوخۆیی بوو.

ئەمڕۆ تێکەڵاویی سیاسەتەکان، ئەمنییەتی وەبەرهێنەر و راکێشانی کۆمپانیا زەبەلاحەکان بۆدەرهێنان‌و دۆزینەوەی نەوتی کوردستان لە کانگا ژێرزەوییەکان لە حاڵی بووژانەوە و گەشەسەن دایەو رۆژ بە رۆژ زیاتر کۆمپانیاکان بۆ وەبەرهێنان روو دەکەنە کوردستان. ئەوەش سەرنجی کۆمپانیا نەوتییەکانی بۆ لای خۆی راکێشاوە. بۆ نموونە کۆمپانیای ئاکسۆن موبیل ساڵی رابردووڕێککەوتننامەیەکی بەرچاری نەوتیی لەگەڵ کاربەدەستانی کورد ئیمزا کرد.

لە هەمان کاتدا بۆشاییەکانی کۆمەڵایەتی، فەرهەنگی‌و سیاسی لە نێوان کوردستان وەک هەرێمی باکوور و بەشەکانی دیکەی عێراق لە چەند ساڵی رابردوودا گەورەتر و بەرینتر بوونەتەوە کە بە گشتی لە کوشت‌و کوشتار و خوێنڕشتن پارێزراوە و لە راستیدا بێ ئەوەی کە لە کاتی شەڕدا هێزەکانی ئەمریکای لێ بێ لە گەشەسەندن و ئاوەدان کردنەوەی بەردەوام دا بووە، لە کاتێکدا بەشەکانیتری عێراق لە هەموو لایەکەوە پەلامار دراون و، نا ئەمن بوون و بەهۆی تێکهەڵچوونی توندوتیژ بەرەو وێرانی چوون.

«دێنیس ناتالی» پرۆفیسۆرێکی زانکۆی بەرگریی نەتەوەیی لە ئەمریکا کە دەیان ساڵە لەسەر کاروباری کورد لێکۆڵینەوە دەکا دەڵێ: «هەرێمی کوردستان لە بوارەکانی پێشکەوتن‌و گەشەسەندنی ئابووری ئەو پوتانسیەڵ‌و کارامەییەی تێدایە کە ببێتە ئەو عێراقەی ئەمریکا دەیەوێ».

**عێراقێکی دیکە**

فرۆکەخانەی نوێی هەولێر لە ساڵی ٢٠١٠ تەواو بوو. گەشتە ئاسمانیەکانی راستەوخۆ بۆ ڤییەن، دوبەی، ئیستەنبوڵ‌و قاهیرە وەڕێ دەخاو رۆژ بە رۆژ گەشتەکانی پەرە پێ دەدا.

زۆربەی بیانییەکان زۆر بە ئاسانی‌و بێ ویزا دەتوانن واریدی کوردستان بن یان لەوانەیە هەر لە فرۆکەخانە بتوانن ویزا پەیدا بکەن. بەپێچەوانەوە لە بەغدا تەرتیب دانی شێوەی وەرگرتنی ویزا زۆر زەحمەت و گران و دەستوپێ‌گیرە، سەری لە وەبەرهێنەرە بیانییەکان کە بە دوارۆژی عێراق گەشبینن، شێواندوە. ئەگەر هەڵسەنگاندنێک لە نێوان هەولێر و موسڵ بکەین لە هەر جێگایەک و لە هەر گۆشەیەکی هەولێر دەبینین ئەوە بینای جوان‌و مۆدێرن و ئاوەدانکردنەوە و پێشکەوتن بە خێرایی بەردەوامە. بەڵام لە شاری موسڵ کە لە ٨٠ کیلومیتری رۆژئاوای هەولێر هەڵکەوتوە شارێکی وێرانە و بەشێکی زۆری شارەکە خەریکە کاول دەبێ. ئەوەش ئاکامی تەقینەوەی بۆمب و تیرۆری ئەلقاعیدەیە کە لە عێراق دەستی پێکردوە. بۆ هاتنە ناو کوردستان لە بەشەکانی دیکەی عێراق را کە لە ژێر کۆنترۆڵی بەغدا دایە، عەرەبە عێراقییەکان دەبێ داواکاریی رەسمییان پێ بێ. لە پرسگەکانی حکوومەتی هەرێم بە باشی دەیان پشکنن‌و پاشان رێگەیان پێ دەدەن بێنە ناو کوردستان.

کوردستان ئێستە خۆی بۆتە بازاڕێکی گەرم بۆ عێراق. ئەم ساڵ بناغەی داهاتی بۆ زیاتر لە ١٠ میلیارد دۆلار گەشەی کردبوو ، کە زۆربەی هەناردەی نەوت بوو. تورکیا لە ساڵی ٢٠٠٣وە پاش نەمانی رێژیمی سەدام، زیاتر لە ١٠٠ میلیارد دۆلاری وەبەرهێنان لە کوردستان کردوە. ململانێ و بەربەرەکانێی هەرێمی کوردستان لەگەڵ بەشەکانیتری عێراق لەسەر چۆنیەتی دابەشکردنی عایدات و داهاتی نەوت بە توندی لە ئارادایە، بۆ ئەوەی کوردەکان دەبێ ریگەیان پێ بدرێ کە بۆخۆیان لە رێگای کۆمپانیا دەرەکییەکان بە رەسمی قەراردادی دەرهێنانی نەوت گرێ بدەن‌و لە هەرێمی کوردستان دەستیان ئاواڵا بێ.

زانیار بەختیار لاوێکی ٢١ ساڵە لە شاری سلێمانی دووهەمین شاری گەورەی هەرێمی کوردستان دەڵێ:» گەشەکردنی لە رادەبەدەری ناکۆکی‌و شەڕی ناوخۆیی بەشەکانیتری عێراق بۆتە هۆی ئەوی کە کوردەکان بە هومێدەوە سەیری دوارۆژ بکەن‌و هیوادارین کە حکوومەتی سەربەخۆی کورد لە بەشی کوردستان پێک بێ کە کوردەکان هەموو کات باوەڕیان پێی هەبووە و دەڵێ: خەون بەوە دەبینم کە چیتر پاسپۆرتی عێراقیم پێ نەبێ بەڵکو پاسپۆرتی دەوڵەتی کوردیم لە گیرفاندا بێ«.

ناوبراو وتی: «پێنج ساڵ دەبێ ئەو هەلومەرجە ئامادیە. کوردەکان ئاواتەخوازن دەوڵەتی خۆیان هەبێ. دەڵێ: «ئەمن کە دەچمە خارج چونکە پاسپۆرتم عێراقیە دەبێ بڵێم عێراقیم بەڵام من کوردم».

**تێڕوانینێک بۆ پاشەڕۆژی ململانێیەکان لەسەر نەوت**

لە روانینێکی کورتدا، دیمەنی دروستبوونی دەوڵەتی سەربەخۆی کورد لە ئارا دایەو خەریکی دروست بوونە. بە هەموو نیشانەکانی را دیارە کە ئەو رووداوە گەڕانەوەی بۆ نییە و هەر روودەدا، بەڵام ئەو دوو ناوچەیە لە دوو رێگای زۆر گرنگەوە پێکەوە پێوەندییان هەیە: کوردستان بودجەی خۆی لە حکوومەتی بەغدا وەردەگرێ و بەشی هەرە زۆری هەناردەی نەوتی خۆی لە رێگای بۆڕییەکی سەرەکیی نەوت بەڕێ دەکا کە لە ژێر کۆنترۆڵ‌و چاوەدێریی حکوومەتی ناوەندی دایە.

بەغداو هەولێر دایان ناوە کە تێڕوانینەکانیان بۆ داهاتوو لەسەر پاشەکەوتی نەوتی عێراق بێ، ئەوکارەش تێڕوانین و لێوردبوونەوەی زۆری پێویستە. نەبوونی رێککەوتننامەیەک لە نیوانیاندا بۆتە هۆی ئەوە کە لەو ساڵانەی دواییدا هەردوو حکوومەت بۆ خۆیان بە جیا لەگەڵ کۆمپانیا نەوتییە نێودەوڵەتییەکان رێککەوتننامەی هەناردەی نەوت ئیمزا بکەن. کاربەدەستانی بەغدا زۆر تورەن لەو رێککە وتننامانەی کە حکوومەتی هەرێم بۆخۆی بە جیا لەگەڵ کۆمپانیا نەوتییەکان گرێی دەدا و راستەوخۆ پاشەکەوتی نەوت دەدا بە کۆمپانیا نەوتیەکان. بەغدا مامەڵەکانی ئیمزا کردوە و نرخێکی فیکسی بۆ هەر بۆشکە نەوتێک کە دەدرێت بە کۆمپانیا نەوتییەکان دیاری کردوە کە هەر ئێستا لە کێڵگە نەوتییەکانی عێراق خەریکی دەرهێنانی نەوتن‌و ئەو موعامەلەیەش زۆر سەرنجراکێش نییە. چونکە بە گوێرەی دەستوور حکومەتی هەرێمی کوردستان حەقی خۆیەتی لە یاسای هیدرۆکەربۆنەکان کەڵک وەرگرێ و لە ناوچەی ژێر دەسەڵاتی خۆی نەوت بفرۆشێ. بەڵام بەغدا دەڵێ ئەو رێککەوتننامەیەی کە حکومەتی هەرێم لەگەڵ کۆمپانیای ئاکسۆن مۆبیل بەستوویەتی هی کێڵگەی نەوتیی ناوچە دابڕاوەکانە و حکوومەتی بەغدا تورەیە لە کاتێکدا ئەو ناوچە دابڕاوانە کوردستانن و کێشەی ناوچە دابڕاوەکان هەر ماوەتەوە.

«جۆست هیلتێرمان» کارناسی بەشی عێراق لە گرووپی قەیرانە نێونەتەوەییەکان وتی: « لە حاڵی حازردا هیچ دانوستانێک یان هیچ پرۆسەیەکی رێککەوتن لەسەر یاسای نەوت و گاز لە نێوان هەولێر و بەغدا لە گۆڕێدا نییە«. ئەو رەوتە لەوانەیە ئەگەر ئاوا بڕوات ماوەیەکی زۆر بکێشێ کوردەکان لە کێڵگە نەوتییەکان نەوت بەرهەم دێنن. بەغدا لەوانەیە سنوور دیاری بکا. کوردەکانیش رەنگە گوێ نەدەنە بەغدا لە ئاکامدا رەنگە گرژی لێ بکەوێتەوە ئەمەش ئاکامی باشی بۆ بەغدا نابێ.

www.whashingtonpost.com



---

**درێژەی:**

# هەڵبژاردنەوەی ئەحمەد شەهید، شکستێکی دیپلۆماسی بۆ ئێران و دەرفەتێکی دیکە بۆ کورد

مرۆڤ لە ئێران بە رەچاوکردنی ئەم میکانیزمە واتە دانانی رێپۆرتێرێکی تایبەت بۆ هاتووەتە بەر باس، راپۆرت و پرسیار و بڕیانامەکانی دژ بە ئیران رووی لە زیادبووندایە، بۆ وێنە لە ١٥ی مانگی سێپتامبری ساڵی ٢٠١١ دا بانکی مۆن سەرۆکی رێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان لە راپۆرتێکدا کە لە کۆڕی گشتیی ئەو رێکخراوەدا پێشکەشی کرد لە ئاستی پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ بۆ وێنە، بەرزبوونەوەی شەپۆلی ئێعدامەکان، بڕینەوەی ئەندامانی لەش، دەست بەسەرکردنی بێ بنەمای هاووڵاتیان، ناعادڵانە بوونی دادوەرییەکان و ئەنجامدانی سیستماتیکی ئەشکەنجە بە دژی زیندانیانی سیاسی و جیابیران لە ئێران، نیگەرانیی قووڵی خۆی دەربڕی،

بەم پێیە بەدوور لە چاوەڕوانی نییە کە لە ئەگەری قووڵتر بوونەوەی ئەم بابەتانەدا، پرسی پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ لە ئێران بدرێتە کۆڕی گشتی نەتەوەیەکگرتووەکان و لە قۆناغەکانی دواتردا رەوانەی شووڕای ئەمنیەت و دادگاکانی نێونەتەوەیی بکرێ، هەربۆیە پێویستە کورد لەم بارەوە هەوڵەکانی چڕتر بکاتەوە، لە راستیدا راپۆرتەکانی ئەحمەد شەهید بە نیسبەت پرسی نەتەوەکانی ئێرانی و بەتایبەت پرسی کورد کەم و کوورپیی زۆری پێوە دیارە، هەر سەبارەت بە کەم و کوورپییەکانی راپۆرتەکان، بە گشتی، ناوبراو دەڵێ « ئەگەرچی ئەم راپۆرتە هەموو پێشێلکارییەکان لە خۆ ناگرێ، بەڵام دیمەنی هەلومەرجی زاڵ لەم پێوەندییەماندا بۆ دەردەخا. وێدەچێ ئەو بابەتانەی لەم راپۆرتەدا باسیان لێ نەکراوە لە راپۆرتی داهاتوودا کە دەدرێ بە ئەنجومەن و کۆڕی گشتیی باس بکرێن». هەرچەندە لەو راپۆرتەی کە ئەحمەد شەهید پێشکەشی ئەنجومەنی مافی مرۆڤی نەتەوە یەکگرتووەکانی کردوە، لە پیوەندی لە گەڵ پرسی کورد دا سەرنج دراوەتە چەندین باسی گرینگ، لەوانە چۆنیەتیی زیندان و ئەشکەنجە کردن و ئێعدامی مامۆستا فەرزادی کەمانگەرو هاوڕێیانی، رەوشی چەندین کوردی مەحکوم بە ئێعدام ، رەوشی عەدنان حەسەن پوور وەک کۆنترین رۆژنامەنووسی زیندانی لە ئێراندا و تەنانەت بۆ یەکەم جار باس لە کوژرانی سیستماتیکی کۆڵبەرانی کورد کراوە کە بۆ بژێوی ژیانیان روو لە کاری مەترسیداری سنوورەکان دەکەن و... بەڵام لە راستیدا پرسی کورد بەشێوازیکی کەمڕەنگ باس کراوە، بۆ وێنە دەکرێ ئاماژە بەم خاڵانەی خوارەوە بکەین.

١_ باس لە ستەم دەرهەق بە کەمایەتییە ئایینی و مەزهەبییەکان وەکوو بەهاییەکان و بەلووچە سوونەکان کراوە بەڵام ئاماژە بە ستەمی مەزهەبی بە دژی کوردانی سوونەو لە هەموان گرنگتر یارسەنەکان نەکراوە.

٢_ لە بەشی ژینگەپارێزانی زیندانیدا باسی ئەو کەسانە کراوە کە لە ئاکامی ناڕەزایەتی بە مەترسیی وشکبوونی گۆلی ورمێ گیراون، بەڵام پرسی ژینگەپارێزانی بەندکراوی کورد لەو راپۆرتانەدا نەهاتووەتە بەرباس، جێی وەبیرهێنانەوەیە کە کۆنترین ژینگەپارێزی زیندانی لە هەموو ئێراندا «هیوا بوتیمار» ژینگەپارێزی کوردە کە لە ساڵی ١٣٨٥ وە لە زینداندایەو هەتا ئێستا دوو خەڵاتی رۆژنامەنووسانی ئازاد لە وڵاتانی ئیتالیا و ئیسپانیای پێ بەخشراوە و چەندین ژینگە پارێزی دیکەی کورد لە مەهاباد و سنە و مەریوان لە زینداندان.

٣_ پرسی زیندانیانی سیاسیی کورد بە تایبەت مامۆستایان و خوێندکاران، شاعیران و نووسەران و هونەرمەندانی کورد لەم راپۆرتانەدا دیار نیە، هەر بۆیە پیویست دەکا رێکخراوە مەدەنی و حیزبە سیاسییەکانی رۆژهەلاتی کوردستان، لیستێکی تایبەت بە زیندانیانی سیاسی کورد پێشکەشی راپۆرتێری مافی مرۆڤی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بکەن،.

سەرنج وپەیامێک ،

رۆژی ١٩ی مارسی ٢٠١٢ واتە سێ رۆژ پێش هەڵبژاردنەوەی ئەحمەد شەهید ، زیاتر لە ٢٠ رێکخراو و ئەنجومەنی جیهانی، ناوچەیی(ئەفریقایی و ئاسیایی) و ئێرانی وەکوو رێکخراوەکانی نیونەتەوەیی لێبوردن، چاوەدێری مافی مرۆڤ، هەواڵنێرانی بێ سنوور، بەشداری بۆ عەداڵەتی نیجریە، ئەنستیتۆی مافی مرۆڤی قاهیرە، کەمپەینی بەرگری لە مافی مرۆڤی ئێرانی، رێکخراوی بەرگری لە مافی مرۆڤی بەهایی، یەکیەتی بۆ ئێران،... و شیرینی عیبادی براوەی خەڵاتی ئاشتیی نۆبڵ، نامەیەکیان ئاراستەی ریکخراوی مافی مرۆڤی نەتەوە یەکگرتووەکان کرد و داویان کرد کە ناوبراو بۆ ساڵێکی دیکەش وەک راپۆرتێری تایبەت بۆ هەڵسەنگاندنی مافی مرۆڤ لە ئێران هەڵبژێردرێتەوە، لەو نامەیەدا هەلومەرجی مافی مرۆڤ لە ئێران بە شێوەیەکی گشتی خرابووە بەر باس بەڵام تەنانەت یەکجاریش ناوی کورد لە نامەکەدا نەهاتبوو و پرسی نەتەوەیی لە ئێران تەنیا لە ئاست پرسی عەرەبەکاندا هاتبووە بەرباس، ئەم پشتگوێخستنەی پرسی کورد لە ئێران، ئەرک دەخاتە سەر شانی سەرجەم حیزبە سیاسییەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان و رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی لە کوردستان کە تواناکانیان بە مەبەستی رەنگدانەوەی پرسی کورد و چاوەڕوانییەکانی ئەو نەتەوەیە لە راپۆرتەکانی رێکخراوە مرۆڤدۆستەکانی ناوچە و جیهان دا، بخەنەوە سەریەک.

# ڕێوڕەسمی تایبەت بە بۆنەی ١٠ی خاکەلێوە و ٦٥ ساڵەی شەهیدبوونی پێشەوا و هاوڕێیانی

### سۆئێد- لینشۆپینگ

کۆمیتەی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لە شاری ئۆرێبرۆ بە مەبەستی ڕێزگرتن لە ڕۆژی شەهیدانی کوردستان ڕێوەڕەرسمێکی شایانی بە بەشداریی بنەماڵەی شەهیدانی ئەو شارە و نوێنەرایەتیی حیزبە سیاسییە کوردستانییەکانی ئەو مەڵبەندە و هەروەها و ژمارەیەکی بەرچاو لە کوردانی دانیشتووی ئەو شارە پێک هێنا.

لە سەرەتای ڕێوڕەسمەدا کە بە سرودی ئەی شەهیدان دەستی پێ کرد، کەریم بابەکری، بەرپرسی کۆمیتەی حیزب لەو شارە لە وتەیەکی کورتدا وێڕای بە خێرهێنانی بەشداران ئامانج لە بەستنی ڕێوڕەسمەکەی خستە بەر باس و هیوای خواست کە بەڕێوەبردنی وەسیەتنامەی پێشەوا قازی محەمەد، سەرمەشقی ڕێگای خەباتی هەموو لایەکمان بێ.

لەو کۆڕیادەدا سەلاح گادانی، کۆڕگێری سەرەکیی ئەو ڕێوڕەسمە لە وتاری خۆیدا وێڕای ئاماژە بە کەسایەتی بەرزی پێشەوا، قامکی لەسەر کاریگەریی ئەو کەسایەتیە بەرزە لە بردنە سەرێی وشیاریی نەتەوەیی، دامەزرانی کۆماری کوردستان وەک یەکەم نیهادی ڕەسمی نەتەوەیی، هەوڵدان بۆ پێک هێنانی پێوەندیی بەهێز لە نێو کوردەکانی هەر چوارپارچە بە مەبەستی دانانی بەردی بناغەی یەکیەتیی نەتەوەیی بۆ گەیشتن بە دەسەڵاتی سیاسی، هەوڵدان بۆ باڵا دەست کردنی دێموکڕاسی لە کوردستان و سەرئەنجام



گەیشتنی کورد بە سەربەخۆیی، دانا.

پاشان ڕێکخراوە سیاسییە کوردستانی و بەیانییەکانی بەشدار لەو ڕێوڕەسمەدا بە پێشکیش کردنی پەیامەکانیان وێڕای بەرز نرخاندنی کەسایەتی بەرز و فیداکارییە بە نرخەکانی پێشەوا جارێکی دیکە تەئکیدیان لەسەر پێویستیی یەکگرتووی و یەکڕێزیی حیزبە سیاسییە کوردستانییەکان کردەوە و پەیامەکان بریتی بوون لە:

پەیامی نوێنەری حیزبی سوسیال دێموکڕاتی سوید- لقی ئۆریبرۆ لە لایەن تورگونی لارشۆن، پەیامی پارتی دێموکڕاتی کوردستان لە لایەن کاک ئیدریس، پەیامی یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان لەلایەن کاک فەرعان؛ پەیامی بزوتتنەوەی گۆڕان لە لایەن کاک چالاک وەسفی، پەیامی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی باکووری کوردستان لە لایەن کاک ریزوان و پەیامی پارتی سەربەخۆیی کوردستان لە لایەن ڕەحیم ئەمیری.

لە برگەیەکی دیکەی ئەو ڕێوڕەسمەدا، بە پێشکێش کردنی لەوحێکی سوپاس لە لایەن بەرپرس و ئەندامانی دیکەی کۆمیتەی ئۆرێبرۆ بە شێوەی سومبولێک ڕێز لە بنەماڵەی شەهیدانی حیزب و بنەماڵەی شەهیدانی پارچەکانی دیکەی کوردستانیش کە لە ڕێوڕەسمەکەدا بەشدار بوون، گیرا.

لە کۆتاییدا فیلمی تراژیدیای کۆمار پیشان درا کە لەلایەن هونەرمەندی کورد سمایل مامڵێ ئامادە کراوە و تێیدا مێژووی کۆماری کوردستان لە گۆشە نیگای جۆراوجۆرەوە تیشکی خراوتە سەر.

شایانی باسە کە جگە لە پیشاندانی فیلمی تراژیدیای کۆمار، پێشانگای ١١مانگ و ٢٠ ڕۆژ بەختەوەریی کۆمار کە گەنجینەیەکی نایاب و بێ هاوتا لە وێنەکانی سەردەمی کۆمار و پاش کۆمار بوو، ڕازێنەرەوەی سالۆنی ڕێوڕەسمەکە بوو کە لەلایەن بەشدارانەوە پێشوازی زۆر گەرمی لێ کرا.

### ئۆریبرۆی سوئێد

کۆمیتەی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لە شاری ئۆریبرۆ بە مەبەستی ڕێزگرتن لە ڕۆژی شەهیدانی کوردستان ڕێوەڕەرسمێکی شایانی بە بەشداریی بنەماڵەی شەهیدانی ئەو شارە و نوێنەرایەتیی حیزبە سیاسییە کوردستانییەکانی ئەو مەڵبەندە و هەروەها و ژمارەیەکی بەرچاو لە کوردانی دانیشتووی ئەو شارە پێک هێنا.

لە سەرەتای ڕێوڕەسمەدا کە بە سرودی ئەی شەهیدان دەستی پێ کرد، کەریم بابەکری، بەرپرسی کۆمیتەی حیزب لەو شارە لە وتەیەکی کورتدا وێڕای بە خێرهێنانی بەشداران ئامانج لە بەستنی ڕێوڕەسمەکەی خستە بەر باس و هیوای خواست کە بەڕێوەبردنی وەسیەتنامەی پێشەوا قازی محەمەد، سەرمەشقی ڕێگای خەباتی هەموو لایەکمان بێ.

لەو کۆڕیادەدا سەلاح گادانی، کۆڕگێری سەرەکیی ئەو ڕێوڕەسمە لە وتاری خۆیدا وێڕای ئاماژە بە کەسایەتی بەرزی پێشەوا، قامکی لەسەر کاریگەریی ئەو کەسایەتیە بەرزە لە بردنە سەرێی وشیاری نەتەوەیی، دامەزرانی کۆماری کوردستان وەک یەکەم نیهادی ڕەسمی نەتەوەیی، هەوڵدان بۆ پێک هێنانی پێوەندی بەهێز لە نێو کوردەکانی هەر چوارپارچە بە مەبەستی دانانی بەردی بناغەی یەکیەتی نەتەوەیی بۆ گەیشتن بە دەسەڵاتی سیاسی، هەوڵدان بۆ باڵا دەست کردنی دێموکڕاسی لە کوردستان و سەرئەنجام گەیشتنی کورد بە سەربەخۆیی، دانا.

پاشان ڕێکخراوە سیاسییە کوردستانی و بیانییەکانی بەشدار لەو ڕێوڕەسمەدا بە پێشکیش کردنی پەیامەکانیان وێڕای بەرز نرخاندنی کەسایەتی بەرز و فیداکارییە بە



نرخەکانی پێشەوا جارێکی دیکە تەئکیدیان لەسەر پێویستیی یەکگرتووی و یەکڕێزی حیزبە سیاسییە کوردستانییەکان کردەوە کە بریتی بوون لە:

نوێنەری حیزبی سوسیال دێموکڕاتی سوید- لقی ئۆریبرۆ، پارتی دێموکڕاتی کوردستان، یەکیەتیی نیشتمانی کوردستان بزوتتنەوەی گۆڕان، بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی باکووری کوردستان و پارتی سەربەخۆیی کوردستان.

لە برگەیەکی دیکەی ئەو ڕێوڕەسمەلەدا، بە پێشکێش کردنی لەوحێکی سوپاس لە لایەن بەرپرس و ئەندامانی دیکەی کۆمیتەی ئۆریبرۆ بە شێوەی سومبولێک ڕێز لە بنەماڵەی شەهیدانی حیزب و بنەماڵەی شەهیدانی پارچەکانی دیکەی کوردستانیش کە لە ڕێوڕەسمەکەدا بەشدار بوون، گیرا.

لە کۆتاییدا فیلمی› تراژیدیای کۆمار›› پیشان درا کە لەلایەن هونەرمەندی کورد «سمایل مامڵێ»وە ئامادە کراوە و تێیدا مێژووی کۆماری کوردستان لە گۆشە نیگای جۆراوجۆرەوە تیشکی خراوتە سەر.

دواتر پێشانگای ١١مانگ و ٢٠ ڕۆژ بەختەوەریی کۆمار کە گەنجینەیەکی نایاب و بێ هاوتا لە وێنەکانی سەردەمی کۆمار و پاش کۆمار بوو، پیشاندرا.

### سویس _ بیل

ڕۆژی شەممە، ١٢ ی خاکەلێوە لە « شاری بیل» ی وڵاتی سویس بە ئامادە بوونی بەشێکی بەرچاو لە هێزە کوردستانیەکان ، کەسایەتیە سیاسیەکان، باڵوێزی عێراق لەو وڵاتە و ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان، ڕێپێوانێکی بە شکۆ بۆ ڕێزگرتن لە گیانی پاکی شەهیدانی کورد و کوردستان و لە سەرووی هەموویانەوە پێشەوای کورد قازی محەممەد وهاوڕێیانی بۆ سەر گۆڕی نەمران تەها عەتیقی و ئەمیری پاشاخانی ڕێک خرا.

لەو ڕێوڕەسمەدا مامۆستا عەزیز ئەحمەدی باسێکی تێر و تەسەلی لە سەر ژیان و بەسەر هاتی پێشەوا قازی و هاورێیانی پێشکێشی ئامادەبووان کرد و دواتر لە لایەن بەشدارانەوە چەپکە گوڵی ڕێزلێنان لەسەر گڵکۆی نەمران داندرا کە لە لایەن کۆمیتەی حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە بۆ ئەو یادە ئامادە کرابوون.

لە برگەیەکی دیکەی ئەو چالاکییەی کومیتەی حدک لە سویس بەشداربووان بەرەو سالۆنی کۆبوونەوەیەک لە ناوەندی شاری بیل ڕێنمایی کران کە تێیدا سمینارێک بۆ کاک خالید عەزیزی، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان ڕێک خرابوو.

لەو کۆبوونەوەیەدا کە کارەکانی بە بەسروودی



نەتەوەیی ئەی‌ڕەقیب و ڕاگرتنی دەقیقەیەک بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە گیانی پاکی شەهیدان بە دەستی پێ کرد، سەرەتا یاسین مەولوودی وتەی کۆمیتەی سویسی بارەی گرتنی ئەو سمینار و کۆڕیادە پێشکەش کرد.

دواتر بەڕێز خالید عەزیزی، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکڕات باسەکەی بە ئاوردانەوەیەک لە ڕووداوی ١٠ ی خاکەلێوەی ٦٥ ساڵ بەر لە ئێستا دەست پێ کرد کە پێشەوای ناوداری کوردانی تێدا لە سێدارە درا.

سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لەو باسەکەیدا تیشکی خستە سەر ئەوەی کە ڕاستە کە پێشەوا قازی محەممەد و هاورێیانی ٦٥ ساڵ پێش لە سێدارە دراون، بەڵام ئەندیشەو بیرو باوەری پیشەوا و فەلسەفەی وجودی کۆماری کوردستان‌و ئەو ئەزموونەی کە کۆماری کوردستان لە باری ئێحساس و هەستی نەتەوایەتییەوە بۆ ئێمەی ڕێبوارانی ڕێگای قازی محەممەد لە هەموو بەشەکانی کوردستانی بەجێهێشت، دەری خست کە بیری نەتەوایەتی هیچکات لە سێدارە نادرێ.

بەڕێزی لە بەشێکی دیکەی باسەکەیدا ئاماژەی بەوە کرد کە ئەگەربەراوردێک بکەین لەگەڵ ٦٥ ساڵ پێش ئێستا، ئەوەی قازی نەمر دەستی پێ کرد ئەو کات برایانمان لە باشووری کوردستان کە بەرەنگاریی ڕژێمی دیکتاتۆری مەرکەزییان دەکرد و بینیان کە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان حکومەتێکی کوردییان هەیە، بە سەرۆکایەتیی بارزانیی نەمر ڕوویان لە ماڵی خۆیان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کرد و لە لایەن پێشەوا وە بەگەرمی پێشوازییان لێ کرا و هەستیان کرد کە لە ماڵی خۆیانن و بەتەبیعەتی هەردوو ئێحساسی نەتەوەیی و یەک نەتەوەیی بوون شەخسی مەرحوومی بارزانی دەورێکی بەرچاوی لە حکومەتی کوردستان دا هەبوو.

لە بەشێکی دیکەی ئەو کۆبوونەوەیەدا لە لایەن بەشداربووانەوە بەگەرمی بەشداری لەو باسەدا کرا کە دواتر لە لایەن کاک خالیدوە وڵامی پرسیارو ڕەخنەو پێشنیارەکانیان درایەوە.

لەبەشێکی دیکەی ئەو کۆبوونەوەیەدا هێمن بیتووشی شێعرێکی لە حاڵ و هەوای کۆڕیادەکەدا خوێندەوە و دواتر نەشمیل بەروەندی لەلایەن یەکیەتیی لاوانەوە چەپکە گولێکی پێشکەش بە خالید عەزیزی، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان کرد.

شایانی باسە کە ئەو کەسایەتی و حیزبە سیاسیانە کە بەشداری سمینار و چوونە سەر مەزاری نەمران بوون و پەیامی تایبەت بەو ڕۆژەیان ئامادەکردبوو کە بەهۆی کەمیی کات دەرفەتی خوێندنەوەیان نەبوو، بریتی بوون لە ئازاد حوسێن‌زادە، بەرپرسی کۆمیتەی سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران، دوکتۆر پیرۆت، باڵوێزی عێراق لە سویس، مامۆستا فەوزی ڕەمزی، کەسایەتیی سیاسیی کورد، ڕەسووڵ خۆشناو، بەرپرسی کۆمیتەی یەکیەتیی نیشتمانی کوردستان، سەربەست نێروەیی بەرپرسی لێژنەی ناوچەی «سویس»ی پارتی دێموکراتی کوردستان، بەشی شەهیدانی مەجلیسی «بیل»ی پارتی کرێکارانی کوردستان، ئەمین عومەر، بەرپرسی کۆمیتەی « ئەلپارتی» حیزبی دێموکراتی کورد لە سوریە و ڕەشاد شەریف، بەرپرسی کۆمیتەی پارتی ئازادی کورد لە سوریە.

### نورویژ _- ئۆستفۆڵد

کومیتەی گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە وڵاتی نۆرویژ بە بۆنەی ١٠ خاکەلێوە، شەست و پێنجەمین



ساڵوەگەڕی شەهید بوونی پێشەوا قازی محەممەد، یەکەم سەرۆک کۆماری کوردستان و هاوڕێیانی بەدەستی دوژمنانی کورد، ڕۆژی شەممە، ١٢ ی خاکەلێوە پێشانگایەکی وێنەی شەهیدانی کردەوە.

لەو ڕێوڕەسمەدا کە بە دەقیقەیەک وەستان بە بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە گیانی شەهیدانی ڕێی ڕزگاریی کوردستان دەستی پێ کرد، ژمارەیەک لە کوردانی دانیشتووی پارێزگای ئۆسلۆ و ئاکرشهووس، بەتایبەت ئەندامانی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە بەشداربوون و سەردانی پێشانگەی وێنەی شەهیدانی کوردستانیان کرد  کە بە هەزاران وێنەی شەهیدانی  لە خۆی گرتبوو.

هەروەها پاشنیوەڕۆی ڕۆژی شەممە، ١٢ی خاکەلێوەی بە بەشداریی بەشێکی بەرچاو لە ئەندامان و لایەنگران و دۆستانی حدک لە ناوچەی ئۆستفۆڵدی نۆڕویژ ڕێز لە یاد و بیرەوەریی شەهیدانی کوردستان گیرا.

لەو ڕێوڕەسمەدا ئامادەبووان بۆ ڕێز گرتن لە یادی شەهیدانی ١٠ی خاکەلێوەو سەرجەم شەهیدانی کورد و کوردستان سەردانی مەزاری نەمران «کاک محەممەد دەروێش»، «کاک ڕەحمان پەناوەندی» و «کاک سەید سەمەد مورتەزەوی» یان لە گۆڕستانی شاری سارپسبۆرگ کرد و بە دانانی چەپکە گوڵ لە سەر مەزاریان یاد و بیرەوەریی شەهیدانی حیزب وگەلیان بەرز ڕاگرت.

لەو ڕێوڕەسمەدا پەیامی دەفتەری سیاسیی حدک بە بۆنەی ١٠ خاکەلێوە، ڕۆژی شەهیدانی کوردستان لە لایەن نادر ئەمینی، بەرپرسی کومیتە ناوچەی ئۆستفۆڵد خوێندرایەوە.

لە برگەیەکی دیکەی ئەو ڕێوڕەسمەدا پەیامی بنەماڵەی شەهیدان و پارچە شێعرێک بەو بۆنەوە خوێندرایەوە و وێڕای بەڵێن بە درێژەدانی ڕێبازی شەهیدان کۆتانیی پێهات.

### فینلاند _ کۆڕکۆ

کومیتەی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان لە وڵاتی فینلاند دوانیوەرۆی ڕۆژی یەکشەممە، ١٣ ی خاکەلێوە بەبۆنەی ١٠ی خاکەلیوە ، ڕۆژی شەهیدانی کوردستان ڕێورەسمێکی شایانی ئەورۆژەی لە شاری تۆرکۆ بەرێوە برد.



ئەم ڕێورەسمە بە سردودی «ئەی شەهیدان» لە لایەن گرووپی سروودی لاوانەوەو بە ڕاگەیاندنی ساتێک بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە گیانی پاکی شەهیدان دەستی پێ کرد. دواتر سەید ئەحمەد حوسەینی، ئەندامی کومیتەی بەرێوەبەریی حدک لە دەرەوەی وڵات پەیامی دەفتەری سیاسیی حیزب بە بۆنەی یادی ١٠ی خاکەلێوەی پێشکەشی بەشدارانی یادەکە کرد.

لە برگەیەکی دیکەی ئەو ڕێوڕەسمەدا مامۆستا ئەبوبەکری فەلسەفی، تێکۆشەری دێرینی بزووتنەوەی کورد چەند وتەیەکی لەسەر ١٠ی خاکەلێوەو کەسایەتیی پێشەوا قازی محەممەد پێشکەشی ئامادەبووانی ڕێورەسمەکە کرد و لە بەشێکی دیکەی یادی ڕێزگرتن لە شەهیدانی کوردستان پەیامی یەکیەتیی ژنانی دێمۆکراتی کوردستان لەلایەن خاتوو نەشمیل ڕەحیم زادەو پەیامی یەکیەتیی لاوان لەلایەن خاتوو سرووشت ڕەسوولیەوە بە بۆنەی ڕۆژی شەهیدانی کوردستانەوە خوێندرانەوە.

لە برگەیەکی دیکەی ئەو کۆڕیادەدا کەریم فەرخەپوو وتەیەکی کورتی لەسەر ئەم ڕۆژە پێشکەشی بەشداران کرد و جارێکی دیکە پێداگری لەسەر بانگەوازی یەکریزیی نێوان هێزە سیاسییەکان کردەوە.

نێو ئاخنی بەرنامەکانی ئەم یادە چەند سرودی شورشگێری بوون کە لەلایەن لاوانی دێمۆکراتەوە ئامادە کرابوون.

شایانی باسە کە سالۆنی بەرێوەچوونی یادی شەهیدانی کوردستان، بە پوستێرو وێنەی سەدان شەهیدی کوردستان کە بە لە خۆبردوییەوە لە ریزەکانی حیزبی دێمۆکرات و لە پێناو ڕزگاریی نەتەوەکەیان گیانیان فیدای گەلەکەیان کردوە، ڕازێندرابوەوە کە سەرنجی ئامادەبووانی ڕێورەسمی یادی شەهیدانی بەلای خۆیدا ڕاکێشابوو.

ئەم یادە بە سروودی نەتەوایەتیی ئەی ڕقیب کۆتایی پێ هات.

### ئاڵمان

ناوەندی کولتوری کورد لە نورنبێرگ ڕۆژی شەممە، ١٢ ی خاکەلێوە بەمەبەستی ڕێزگرتن لە ڕۆژی شەهیدانی کوردستان و نوێکردنەوەی بەڵینی وەفا لەگەڵ پیشەوا قازی محەممەد ڕێورەسمێکی پێک هێنا.

لە سەرەتای ڕێورەسمەکەدا وتارێک لە لایەن عەوڵا



عەبداڵی، بەرپرسی تشکیلاتی کومیتەی حیزب لە ئاڵمان بە بۆنەی ١٠ی خاکەلێوەوە پێشکێش کرا و پاشان ئەو حیزب و ڕێکخراوانەی بەشدار لە ڕێورەسمەکە پەیامی خۆیان بەو بۆنەیەوە خوێندەوە کە بەریتی بون لە:  پارتی دێموکراتی کوردستان، حیزبی دێموکراتی کوردستان، حیزبی شیوعی کوردستان، یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان، بزووتنەوەی گۆڕان و پەیامی ناوەندی کولتوری لە نورنبێرگ.

لە برگەیەکی دیکە ئەو ڕێورەسمەدا سۆڵتان گولاوی، بەرپرسی کومیتەی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ئاڵمان وتاریکی لە سەر هەل ومەرجی ئێستای خەباتی نەتەوایەتی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و کەند و کۆسپەکانی سەر ڕێگای پێشکێش کرد و لە لایەن بەشدارانی کۆرەکەوە سەرنج و تێبینی لە سەر باسەکە وەرگیرا.

# عێراق ، بەرەو باڵکانیزە بوون

مادح ئەحمەدی

پێکهاتەی سیاسیی کۆمەڵگەی عێراق، پێکهاتەیەکی پلۆراڵ و فرە چەشنە. مەرجی پێکەوە هەڵکردنی ئەم ستراکچێرە فرە چەشن و پلۆراڵە پێش هەموو شتێک لێک تێگەیشتن و زاڵ بوونی کولتووری تۆلێرانسە. لە عێراقی ئێستادا سێ پێکهاتەی سەرەکی واتە: عەرەبی سوننە، عەرەبی شیعە و کورد دەور دەبینن. لە رابردوودا هەم عەرەبی شیعەو هەم کورد وەک دوو پێکهاتەی جیا غەدریان لێکراوەو لە پرۆسەی سیاسی و بەڕێوەبەریی وڵاتدا ڕێگا نەدراوە بەشدار بن و خراونەتە پەراوێزەوە و ئینکار کراون. پاش هێرشی ئەمریکا و هاوپەیمانان و روخاندنی دەسەڵاتی بەعس لە ساڵی ٢٠٠٣ـە، وەرقەکە هەڵگڕایە و لە بنیاتنانەوەی عێراقی نوێدا هەموو لایەک(کورد، عەرەبی سوننە، عەرەبی شیعە و...) بەشدار بوون. واتە بە جۆرێک عێراق لەم قۆناغەدا لوبنانیزە کرا و هەموو لایەک ڕێککەتن و بەشداری حکوومەت بوون. ئەمە هاوکات لەگەڵ ئەوەی کە دیوێکی پۆزەتیڤی (وەک بەشداریی سیاسی هەموو لایەک و...)ی لە خۆی نیشاندا، کۆمەڵێک کێشەی لە گەڵ خۆی هێنا ئاراوە کە رۆژ لە دوای رۆژ قووڵتر بوونەوە و ئاوا بڕوا قووڵتر دەبێتەوە و عێراق باڵکانیزە دەکا. لە لای ئەم قەیران و ئاڵۆزییانەدا، کوردستان هەمیشە وەک ناوچەیەک کە ئاسایش و تەناهیی زیاتری هەیە، چاوی لێکراوە و هەر جارەو ئاڵۆزییەکان قووڵتر بوونەتەوە، باسی سەربەخۆی کوردیش هاتۆتە گۆڕێ.

## ململانێ نێوان عەرەبی سوننە و عەرەبی شیعە

پاش رووخانی حکوومەتی بەعس لە ساڵی ٢٠٠٣دا رووداوەکانی نێو عێراق بەگشتی دیوێکی دیکەیان بە خۆیان گرت و لەو پێناوەدا ململانێیەکانی نێوان عەربی سوننە و عەرەبی شیعە بەتایبەتی ئاڵۆزتر بوون. بە جۆرێک کە سوننەکان ئەو جار بەرەو پەراوێز رۆیشتن و شیعەکان لە ناوەندی دەسەڵات جێگیر بوون و دەسەڵاتی عێراقیان بە دەستەوە گرت. ئەم ئاڵوگۆڕەش بە جۆرێک بوو، کە لە ئاکامی پرۆسەیەکی تۆڵە ئەستاندنەوەدا ئێستا سوننەکان لە بەغدا هەست بە ئاسایش ناکەن و دەسەڵاتی مالیکی بەمەترسی بۆ سەرخۆیانیان دەزانن. نموونەی بەرچاوی ئەم راستییەش هەڵاتنی «تارق هاشمی»، جێگری سەرکۆماری عێراق لە بەغدا بوو کە لە ئاکامدا پەنای بۆ هەرێمی کوردستان هێنا و تا ئێستاش کێشەکەی یەکلایی نەبۆتەوە و نەگەڕاوەتەوە(*). هەروەها ئەگەر ئێستا چاو لێ بکەین مالیکی بۆ ئەو ەی دەسەڵاتی سوننەکان زیاتر نەبێ، چەند پۆستی گرنگی وەک وەزارەتەکانی نێوخۆ و بەرگری، دەزگای هەواڵگری و ... بە هەڵواسراوی هێشتۆتەوە و خۆی وەک سەرۆک وەزیری عێراق سەرپەرشتیان دەکا. ئەم بابەتە هەم لای کورد و هەم لای عەرەبەکان جێ نیگەرانییە و نارەزایەتیی لێ کەتۆتەوە. بۆ وێنە سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە پەیامی نەورۆزیی خۆیدا بە روونی ئاماژەی بەوە کرد کە عێراق بەرەو تاکڕەویی و دیکتاتۆری دەچێ. بە لەپەرچاوگرتنی ئەم ئاڵوگۆڕانە دەبێ بپرسین کە ریشەی ئەم ململانێیەی نێوان شیعەو سوننە لە کوێوە سەرچاوە دەگرێ؟

لە قۆناغی یەکەمدا کێشەی نێوان سوننە و شیعە کێشەیەی ئیدۆلۆژی و بیروباوەڕ و خوێندنەوەیە لە سەر ئیسلام. بۆیە شیعەکان و سوننەکانی عێراقیش بەری نین لەم کێشانەی جیهانی ئیسلامی و لەم رووەوە لە عێراق دوو جەمسەری دژی یەکن. لە قۆناغی دووهەمدا پاش جەنگی جیهانیی یەکەم کە عێراق دروست دەبێ، واتە لە سەردەمی مەلیک فەیسەڵەوە تا روخانی حکوومەتی سەدام حسێن شیعە لە عێراق لە پەراوێزدا بووە و سوننەکان حکوومەت و بەڕێوەبەریی وڵاتیان بە دەستەوە بووە. بۆیە جگە لە کەلێنە ئیدۆلۆژییەکە، ئەم رابردوویە ئەوەندەی دیکە کەلێنی نێوان شیعە و سوننەی لە عێراق قووڵتر کردۆتەوە. بە جۆرێک کە شیعەکان ئێستاش(بەو رابردووەوە) خۆیان بە بەشخوارو نیشان دەدەن و هەمیشە باسی ئەوەیان کردوە کە وەک کەمایەتییەکی ئایینی لە عێراق مافیان پێشێل کراوە و چەوساونەتەوە و شیعە بوونیان کردۆتە ناسنامەی خۆیان و لە ژێر چەتری شیعەدا خۆیان رێک خستوە. ئەم دۆخە کە هەشت دەیەی لە عێراق خایاند، لە ساڵی ٢٠٠٣ بەم لاوە بە هاتنە سەرکاری سیستمێکی سیاسیی نوێ و رووخانی حکوومەتی بەعس وای لێهات کە شیعەکان دەسەڵات بەدەستەوە بگرن و تۆڵەی رابردوویان بکەنەوە. ئێستاش دەبینین سوننەکان کە تا دوێنی هەموو شتێکی عێراقیان بەدەستەوە بوو، خراونەتە پەراوێزەوە و دژی ئەم دۆخە و دەسەڵاتی نووری مالیکی راوەستاون.

### وڵاتانی دراوسێ

لە ساڵی ٢٠٠٣ـەوە بەم لایەوە ململانێیەکان لە عێراق چوونە قۆناغێکی دیکەوە، رەقابت و ململانێی نێوان وڵاتانی دراوسێی عێراقیش چووە قۆناغێکی دیکەوە. بەو پێیەی بەشداریی سیاسی لە عێراقدا گەشی کرد و قۆناغێکی نوێ دستی پێکرد، دراوسێیەکانی عێراقیش قۆناغێکی دیکەیان لە پێوەندیی خۆیان و عێراقدا دەست پێکرد. ئێران هەم لە رووی ئیدۆلۆژی و هەم لە رووی مێژووییەوە لە شیعەکان نزیک بوو و لەو کاناڵەوە هاتە مەیدان و رۆژانە هەوڵ دەدا نفووزی زیاتری لە عێراق هەبێ. لە بەرانبەردا عەرەبستان و وڵاتانی کەنداو پشتگیری لە سوننەکان دەکەن و لەو رێگاوە دەیانەوێ نفووزیان لە عێراق هەبێ. هەروەها تورکیاش بەهۆی بەهێزبوونی کارتی عەرەبی سوننە لە ناوچەکەدا و کۆمەڵێک بەرژەوەندی ئابووری و... پشتگیریی سوننەکان دەکا. لە تەنیشت دراوسێیەکانی عێراقدا، ئەمریکاش جارو بار چاودێری و جاروباریش کارگێڕیی دۆخەکە دەکا و هەوڵ دەدا باڵانسێک دروست بکا بۆ ئەوەی کۆنترۆڵی دۆخەکەی لە دەست دەرنەچێ و عێراق تێک نەچێ و بە تەواوەتی نەبێتە مەیدانی یەکێک لە دراوسێیەکانی عێراق. لە چەند ساڵی رابردوودا بینیومانە کە کاتێ کێشەی نێوان پێکهاتەکانی عێراق پەرەی ئەستاندبێ، ئەوا وڵاتانی دراوسێی عێراقیش زیاتر هاتوونەتە مەیدان. بە تایبەت بە ئاڵۆزبوونی نێوانی شیعە و سوننە، هەر کام لە لایەنەکان بۆ گرەنتی کردنی مانەوەیان لە گۆڕەپانی سیاسیی عێراق پەنایان بۆ وڵاتانی دراوسێ بردوە. واتە شیعە زوو دەستەوداوێنێ ئێران بووە و لە بەرانبەریشدا سوننە پەنای بۆ تورکیا و عەربستان و... بردوە. بە هاتنە ناوەوەی وڵاتانی دراوسێیش، هەمیشە شەڕی بەرژەوەندییەکان زیاتر بووە. واتە رۆڵی وڵاتانی دراوسێ یارمەتیدەر نەبووە بۆ پێکهاتن، بەڵکوو پاڵنەرێک بووە بۆ لێک دوور کەوتنەوەی لایەنەکان.

### کورد و گەمەکانی ئێستای عێراق

لە دوای ٢٠٠٣ـەوە کە دۆخی عێراق گۆڕا، کورد بووە لایەنێکی گرنگ لە گۆڕەپانی سیاسیی عێراقدا و هاوکات لە بەغدا بوو بە کارتێکی بەهێز. بە جۆرێک کە عەرەبەکان(هەم شیعە و هەم سوننە) بە بێ کورد تەنانەت ناتوانن پێکەوە دانیش و «مام جەلال» وەک کەسایەتییەکی کورد بۆتە رەمزی کۆکردنەوەی هەموویان. بۆ سەلماندنی ئەم راستییەش، لە رۆژانی رابردوودا کە مام جەلال وەک سەرکۆماری عێراق، سەرۆکایەتی کۆبوونەوەی وڵاتانی عەرەبیی لە بەغدا دەکرد، هەم شیعەکان و هەم سوننەکان ئەوەیان وەک رەمزێک بۆ پاراستنی یەکگرتوویی عێراق ناودەبرد. لە چەند ساڵی رابردوودا کە سێ پێکهاتەی کورد، عەرەبی سوننە و عەرەبی شیعە لە عێراق دەسەڵاتیان هەبووە و کاراکتێری سەرەکی بوون لە هاوکێشەکاندا، بۆ مان درکەوتوە کە کورد رۆڵی تایبەتی خۆی هەبووە و هەیە. ئەم رۆڵەی کورد لە دوو ئاست دایە، یەکەم لە ئاستی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، وەک حکوومەتێکی فیدراڵ و بەشێک لە عێراق و دووهەم لە ئاستی کورد لە بەغدا و دەوڵەتی عێراق. بێگومان ئەو رۆڵی کە حکوومەتی هەرێمی کوردستان دەیگێڕی تا رادەیەک جیاوازە لەو رۆڵەی کە گرووپی کورد لە بەغدا لە پارلەمان و دەوڵەتی عێراقدا دەیگێڕێ. بەگشتیی هەر دوو لا تەواوکەری یەکترن و هاوئاهەنگن پێکەوە و هەندێ جاریش وەک تاکتیک دەبینین بە رەواڵەت جیاواز و تەنانەت جار و بار ناتەبان. بەڵام ئەمە هیچ لە مەسەلەکە ناگۆڕێ و لە گۆڕەپانی ئاڵۆزی عێراقدا، رەنگە ئەو جۆرە سیاسەتکردنانە بە قازانج بێ و لە ئاکامدا هەموو بەرەو یەک مەبەست بچن.

زۆرکەس لە سەر ئەو بڕوایەن کە بەقازانجی کوردە کێشەکانی نێوان شیعەو سوننە لە عێراق کۆتایی پێ بێ و چارەسەر بکرێ. بەتایبەت سیاسەتوانان زۆر جار ئەم بابەتە دووپات دەکەنەوە. بە پێچەوانەی ئەم ژێستە سیاسییە و بە پێچەوانەی ئەم تێفکرینە، رووداوەکانی چەند ساڵی رابردوو نیشانیان داوە کە هەر کات ئاڵۆزییەکانی نێوان شیعە و سوننە قووڵ بۆتەوە، کارتی کورد بەهێز تر بووە. بۆ وێنە پاش هەڵبژاردنەکانی ساڵی ٢٠١٠ دوای زیاتر لە ٨ مانگ شیعە و سوننە رێککنەکەوتن و نەیانتوانی حکوومەت پێک بێن، لە ئاکامدا لە سەر بانگهێشتی سەرۆکی هەرێمی کوردستان و لە هەولێر رێککەوتن و حکوومەت پێک هات. رێککەوتنەش جۆرێک بوو کە میحوەریەتی کوردی تێدا دیار بوو.

ئێستاش کە کێشەکانی نێوان شیعە و سوننە قووڵتر بوونەوە، دەبینین زیاتر پەنا بۆ کورد دێنن و کارتی کورد بە هێزترە. هەر دوو لا رقابەت دەکەن لەسەر راکێشانی کورد بەلای خۆیاندا. هێزە کوردییەکانیش کە بە پلەی یەکەم یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و پارتی دێموکراتی کوردستان دەگرێتەوە هەندێ دابەشەکارییان کردوە و بۆ راگرتنی قورسایی خۆیان هەوڵ دەدەن باڵانسێک لە نێوان شیعە و سوننەدا رابگرن. لە بەرانبەریشدا هەر کات شیعە و سوننە نێوانیان بێ کێشە بووبێ، ئەوا کێشەکانی کورد خراوەتە پەراوێزەوە و بە هەر دوو لا دژی جێبەجێ کردنی داواکارییەکانی کورد بوون.

### کوردستان دەروازەی باڵکانیزە کردنی عێراق

لە قووڵبوونەوەی ململانێیەکانی نێوان شیعە و سوننەدا، هەمیشە هەرێمی کوردستان جێ سەرنج بووە و لەتەنیشت ئەو کێشانەشدا باسی سەربەخۆیی کورد هاتۆتە گۆڕێ. هەروەک لە سەرەوەش ئاماژەی پێکرا، لەم نێوانەدا پەیامی نەورۆزیی «مەسعوود بارزانی»، سەرۆکی هەرێمی کوردستان کە مشتومڕێکی زۆری لێکەوتەوە، جێ تێڕامانە. سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە پەیامەکەیدا ئاماژەی بە کۆمەڵێک گرفتی(وەک: مەسەلەی پێشمەرگە، ماددەی ١٤٠، کێشەی نەوت وگاز و...) نێوان بەغدا و هەولێر کرد و نیگەرانیی خۆی لەوە دەربڕی کە ئاوا عێراق بەرەو دیکتاتۆری دەچێ و لە درێژەدا بە روونی باسی سەربەخۆیی کوردی کرد و ئەوەی راگەیاند کە ئەگەر ئەم بارودۆخە کۆتایی پێ نەیە، ئەوا خەڵکی کوردستان چ بڕیارێک بدەن، ئەوان ئەوە جێبەجێ دەکەن. ئەم قسانەی سەرۆکی هەرێم لەم کاتەدا کە ئاوا بە روونی ئاماژە بە راگەیاندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کورد دەکا، رەنگە بەشێکی هەڕەشەیەکی سیاسیی بێ، بەڵام بەشێکیشی بەرهەمی ئەو دۆخەیە کە عێراقی تێکەوتوە. بێگومان ئەگەر ئێستا نێوانی شیعە و سوننە ئاوا ئاڵۆز نەدەبوو، ئەو کات سەرۆکی هەرێم قەت ئەو قسانەی نەدەکرد. کەواتە کورد ئەگەر بیەوێ دەوڵەتی سەربەخۆ لە عێراق رابگەیەنێ، دەبێ هەوڵ بدا بۆ ئەوەی کێشەکانی نێوان شیعە و سوننە قووڵتر بێتەوە. کە ئەم کێشانەش قووڵتر بوونەوە، ئەوا دستێوەردانی دەرەکی لە عێراق زیاتر دەبێ و هەم ئێران و هەم عەرەبستان و وڵاتانی کەنداو و تورکیا زیاتر دێنە ناوەوە. بە هاتنە ناوەوەی زیاتری ئەم وڵاتانە کێشەکانی نێوان شیعە و سوننە لە عێراقدا بە ئاراستەیەکدا دەچێ کە چارەسەر نەکرێ. ئەگەر ئەم دۆخەش پێکهات ئەوا کورد دەتوانێ گورزی خۆی بوەشێنێ و دەوڵەتی سەربەخۆی خۆی رابگەیەنێ و ببێ بە دەروازەیەک بۆ باڵکانیزە کردنی عێراق. ئەگەر کورد هەر لە سەرەتاوە ئەم سیاسەتەی ئێستای رەچاو کردبا و ناکۆکییەکانی نێوان شیعە و سوننەی قۆستبایەوە، بێگومان ئێستا بەهێزتر بوو و رەنگە چارەنووسی کەرکووک و ناوچە دابڕێنراوەکانیش جۆرێکی دیکە بایە. بۆیە ئەو سیاسەتەی کە کێشەکانی نێوان سوننە و شیعە بقۆزێتەوە، دەتوانێ بە قازانجی کورد بێ. لەم حاڵەتەدا وڵاتانی دراوسێش، بە تایبەت تورکیا و ئێران تا زیاتر بێنە ناو کێشەکانی عێراق بە قازانجی کوردە. چونکە لە ئاکامدا ئەوانیش ناچارن پشتگیریی کورد بکەن و بە پێچەوانەش کورد بۆ ئەوەی دەوڵەتی سەربەخۆی هەبێ و لە عێراق جیابێتەوە، پێویستی بە پشتگیری تورکیا و ئێران هەیە.

### ئەنجام:

بە پێی ئەو بارودۆخەی ئێستا عێراق پێیدا تێپەڕ دەبێ، ئاماژەکان ئەوەمان بۆ دەردەخەن کە کێشەی نێوان شیعە و سوننە لە عێراق هەتا دێ قووڵتر دەبێتەوە و چارەنووسی عێراق گرێدراوی بەشداریی هەموو لایەکە لە دەسەڵاتدا. لەم رووەوە ئەگەر چاو لێ بکەین پاش رووخانی دەسەڵاتی سەدام حسێن لە ساڵی ٢٠٠٣دا عێراق بە بەشداریی هەموو پێکهاتەکان بنیات نرایەوە و تا رادەیەک شیمانەی ئەوە دەکرا عێراق لوبنانیزە ببێ و هەموو لایەک لە سەر بنەمای رێککەوتن لە دەسەڵاتدا بەشدار بێ و مۆدێلی لوبنان لە عێراقیش جێگیر بێ. لە راستیدا لە هەڵبژاردنەکانی ساڵی ٢٠١٠ـەوە بەم لایەوە دەکرێ بێژین لوبنانیزە کردنی عێراق شکستی هێناوە و دەرکەوت کە ئەو ئایدیایە ناتوانێ لە عێراق وڵامدەر بێ. هۆکارەکەشی بۆ کۆمەڵێک کێشە کە ریشەیان لە مێژووەو رابردوودا هەیە دەگەڕێتەوە. هاوکات لەم نێوانەدا نەبوونی کولتووری تۆلێرانس و لێک تێگەیشتن، بۆتە هۆی ئەوەی ئەم دوو پێکهاتەیە، واتە سوننە و شیعە متمانەیان لە دەسەڵاتدا بە یەکتر نەبێ و نەتوانن کێشەکانیان چارەسەر بکەن و تەنانەت لە ناو خۆشیاندا ناکۆکییان هەیە و هەر کامەو چەند باڵ و گرووپن. کێشەکانی نێوان شیعە و سوننە وای کردوە کە وڵاتانی دراوسێ عێراق دەستێوەردانی زیاتر لە کاروباری نێوخۆیی ئەم وڵاتەدا بکەن. لە لای ئەم هاوکێشانەشدا کورد وەک پێکهاتەیەکی گرنگ دەتوانێ رۆڵی میحوەری هەبێ و ناکۆکییەکانی نێوان شیعە و سوننە بە قازانجی خۆی بقۆزێتەوە. ئەگەر ناکۆکییەکانی نێوان سوننە و شیعە بگاتە ئاستێک کە چارەسەر نەکرێن ئەوا ئەو جار ئایدیای لوبنانیزە کردنی عێراق بە تەواوەتی شکست دێنێ و دەبێ دەستی لێ بشۆردرێتەوە. لەو حاڵەتەدا کە قەیرانی نێوخۆی عێراق لە بەغدا قووڵتر دەبێتەوە، کورد دەتوانێ رۆڵی گرنگتر بگێڕی و بە قورساییەکی دیکەوە دەربکەوێ. لەم حاڵەتەدا دەکرێ بێژین تیۆری باڵکانیزە بوونی عێراق جێگای تیۆری لوبنانیزە بوون دەگرێتەوە. لە راستیدا ستارتی باڵکانیزە بوونی عێراق لە هەڵبژاردنەکانی ساڵی ٢٠١٠ـەوە لێدراوەو بۆ ئەم مەستەش کوردستان دەروازەیەکەی گرنگە.

**بە ئاڵۆزبوونی نێوانی شیعە و سوننە، هەر کام لە لایەنەکان بۆ گرەنتی کردنی مانەوەیان لە گۆڕەپانی سیاسیی عێراق پەنایان بۆ وڵاتانی دراوسێ بردوە. واتە شیعە زوو دەستەوداوێنێ ئێران بووە و لە بەرانبەریشدا سوننە پەنای بۆ تورکیا و عەربستان و... بردوە**



# لە پەراوێزی پەیامی نەورۆزی ئۆبامادا

ڕەحمان سەلیمی

و: ڕێبوار مەعروف زادە

هەموو ساڵێک بە هاتنی نەورۆز، ڕێبەرانی زۆرێک لە وڵاتەکان ڕوو بە خەڵک و حکوومەتی ئێران پەیامگەلێک دەنێرن. گرینگترین پەیامێک کە هەموو ساڵێک دژکـــردەوەی جۆراوجۆری لێدەکەوێتەوە و لە لایـەن ڕاگەیەندنە جیهانییەکان بە شێوەیەکی بەرباڵو بایەخی پێ دەدرێ، پەیامی سـەرۆک کۆمـاری ئەمریکایە. ئـەو پەیامە کە زۆرتـــر بـە شـێوەی ڤیدیۆیی بڵاو دەبێتەوە هەڵگری ڕوانگەی سیاسیی ئەمریکا و هەڵوێستی ئـەو وڵاتـە لە بەرامبەر ئێران دایە. ئەمساڵیش هەر وەک ساڵانی پێشوو باراک ئۆباما لە پێگەی سەرۆک کۆماری ئەمریکادا بەو بۆنـەوە پەیامێکی پێشکەش کـرد کە هەڵگری هەندێک خاڵی گرینگ و جێگەی سەرنج بوو.

پەیامی ئۆباما لە گەڵ ئـەوەدا کە وەرچەرخانێکی بەرچاوی بە بەراورد لـەگـەڵ پـەیـامـی نـاوبـراو لـە یـەکـەم نـــەورۆزی ســـەرۆک کـۆمـارییـەکـەی تێدا بووە و لە گۆتاری پێکەوەسازان و دوستـایـەتـیی چـوار سـاڵ پێش تا ڕادەیـەکـی زۆر دوور کـەوتـۆتـەوە و چێدیکە باسێک لە ڕێـزی دووڵایـەنـە و پێوەندیی تەندروست نەبوو، بەڵام لە ڕوانـگـەی هەندێک لە ڕەخنەگران پارادۆکسگەلێکیشی تێدا بـوو کـە لە درێژەدا تاوتۆیان دەکەین.

ئۆبـامـا لـە سـەرەتـای سـەرۆک کـۆمـارییـەکـەیـدا کـە بـە درۆشـمـی «گــۆڕان» و کـردنـەوەی قۆناخێکی نـوێ لـە پێوەندییەکانی ئەمریکا لە گەڵ وڵاتانی دوژمن یەک لەوان ئێران ڕێگەی بۆ کۆشکی سپی پەیدا کردبوو، لە یەکەمین پەیامی نەورۆزیی خۆیدا ڕوو بە ڕێبەرانی ئەو وڵاتە کوتی کە وەرن ناکۆکییەکانمان وەلا بنێین چۆنکە هەوڵ بۆ پێکهاتنی پێوەندیی دووبارە بە هەڕەشە نایەتە ئاراوە و هەروەها لـە پـەیـامـەکـەیـدا هـاتـبـوو کـە ئێمە بە شوێن پێوەندییەکین کە ڕاستگۆیانە و بـە پێی ڕێزگرتنی دوو لایـەنـەیـە. «من بە بۆنەی ساڵی تـازەی ئێوە، لە ئێوە خەڵک و کاربەدەستانی ئێرانی دەمهەوێ کە لەو داهاتوویەی کە ئێمە خوازیارین تێبگەن، ئەوە داهاتوویەکە کە لەودا پێوەندییەکانی نێوان خەڵکی ئێمە و دەرفەتگەلێکی گەورەتریش بۆ پێکەوە کارکردن و بازرگانی دەست پێدەکاتەوە و هـەروەهـا ئەمنییەت و ئاشتییەکی زیـاتـر دابـیـن دەکـرێ.» شێـوازی پـەیـامـی نـەورۆزیـی ئۆباما لـە گـەڵ شێـوازی پەیامی نـەورۆزیـی بـووش تـەواو جیاواز بـوو. بـووش بە زمانی هەڕەشە لە گەڵ ڕێبەرانی ئێران قسەی دەکرد. بۆ نموونە لە یەکێک لە پەیامەکانی نەورۆزیی خۆیدا بەو جۆرە دەڵێ «ئەگەر ئاخۆندەکان دێموکراسی قـبـوول نـەکـەن دەبـێ ڕژێـمـەکـەیـان بگۆڕدرێ.»

دیارە گۆڕینی بەرچاوی سیاسەتی ئەمریکاییەکان نەک بەرهەمی گۆڕینی سیاسەتەکانی کـۆمـاری ئیسلامی لە پێوەندی لە گـەڵ بابەتەکانی جێگەی کێشە وەک پشتگیری لـە تیرۆریزم، پـەرەپـێـدانـی چـەکـە ئەتۆمییەکان و پێشێلکردنی مـافـی مـرۆڤ، بەڵکوو بـە دوای سـەرنـەکـەوتـنـی دەوڵـەتـی ئەمریکا لە پێشگرتن بە دەستێوەردانی ڕژێمی ئێران لە وڵاتانێک وەک عێراق و ئـەفـغـانـسـتـان و هـەوڵـی ئەمریکا لـە سـەر جـۆرێـک ڕێـکـەوتـن لـە گـەڵ ئێـران هـاتـەئـاراوە. دەوڵـەتـی تـازە بە دەسەڵاتگەیشتووی دێموکراتەکان لەو ڕاستییە ئـاگـادار بـوون کـە ئێران بە دەستێوەردانەکانی خۆی لە دوو وڵاتی دراوسێـی واتـە عێراق و ئەفغانستان دەتوانێ پیش لە پێکهاتنی سەقامگیری و ئاسایش لە ناوچەکە بگرێ.

بـە چـاوخـشـانـدنـێـک بـە پـەیـامـی نـــەورۆزیـــی ئـــەم ســاڵــی ئـۆبـامـا بـە ڕوونـــی دەردەکــــەوێ کـە دەوڵـەتـی ئەمریکا نـاکـارامـەیـی سیاسەتەکانی پێشووی بۆ دەرکـەوتـوە، نێوەرۆکی ڕژێمی ئێران بە جۆرێکە کە توانای پەیوەستبوون و بەرپرسیار بوون بە پێوەرەکانی پەسندکراوی کۆمەڵگەی جیهانیی نییە. مـاوەی سێ دەیەیە کە ناوەندێتیی سەرجەم سیاسەتەکانی دژ بە کۆماری ئیسلامی لە سەر بابەتی تیرۆریزمی نێودەوڵەتی و بەرنامەی ناوکی بووە و خواستە ئازادیخواز و دێمۆکراسیخوازەکانی خەڵکی ئێران لە هەڵوێستەکانی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بەرامبەر بە ڕژێمی ئێران هیچ بایەخێکی نـەبـووە. بـەو پێیە ئـەو سیاسەتانە قەت ڕووبـەڕوی پێشوازیی چالاکانی سیاسی و مەدەنیی ئێران نەبۆتەوە و لەو پوتانسیەڵە گـەورەیە بۆ گۆشار خستنە سـەر ئێران بۆ بەڕێوەبردنی پەسندکراوەکانی نێودەوڵەتی کەڵک وەرنەگیراوە. ساڵانێک پرسی جێگەی ناکۆکیی ئـێـران لـە گـەڵ کۆمەڵگەی جیهانی، بـەرنـامـەی ئـەتـۆمـی بـووە و بـابـەتـی مـافـی مـرۆڤ(مـافـی ژنـان، نـەتـەوەکـان و کەمینەکانی ئایینی و ئازادییە بنەڕەتییەکان و ...) بە تەواوەتی لە یاد کراوە.

بـــەو هـــۆیـــە بـــزووتـــنـــەوەی دێموکراسیخوازی لە ئێران بە کردەوە لە هەر جۆرە پشتگیرییەکی نێودەوڵەتی بێبەش بوو، کە نموونەی بەرجەستەی ئـەو بابـەتـە دەکـرێ لـە نـارەزایـەتـی دەربڕینە میلیۆنییەکانی خەڵک بە دوای هـەڵـبـژاردنـی سـەرکـۆمـاری لـە ساڵی ١٣٨٨دا ببیندرێ. نارەزایەتییەک کە لە لایـەن کۆمەڵگەی جیهانی گرینگی پێ نەدرا و لە گەڵ ئەوەدا کە تێچوویەکی زۆری دا سـەرکـۆت کـرا و بـوو بە قوربانی سیاسەتە تـەک ڕەهـەنـدی و کۆنەپارێزەکانی کۆمەڵگەی جیهانی و بە تایبەتی ئەمریکا.



لـە چـەنـد سـاڵی ڕابـردوودا و بە تایبەتی پاش بێ ئاکامیی بزووتنەوەی نارەزایەتی دەربڕین لە نێوخۆی ئێران، ڕوانگەی بایەخدان بە مافی مرۆڤ لە هەڵوێست گرتن بەرامبەر بە ڕژێمی ئێران بەرجەستەتر بووە کە ئەو بابەتە لە پەیامە نەورۆزییەکانی لانیکەم سێ ساڵی ڕابــردووی ســەرۆک کـۆمـاری ئەمریکادا بە جۆرێک ڕەنگی داوەتەوە. پەیامی نەورۆزیی ساڵی ١٣٩٠ی ئۆباما بە شێوەیەکی کەم وێنە جەختی لە سەر بابەتی مافی مرۆڤ کرد و بەردەنگی سـەرەکـیی ئـەو، خـەڵـکی ئـێـران بوو نەک حکوومەتی ئێران و لەو پەیامەدا پرسی بەرنامەی ئەتۆمی و بابەتەکانی دیـکـەی پێشێـلکردنی پـەسـندکـراوە نێودەوڵەتییەکان بە گشتی لە پەراوێزی پرسی پێشلکردنی مافی مرۆڤدا بوو.

**ناتەبایی لە پەیامی نەورۆزیی ئەم ساڵی ئۆبامادا**

ئۆباما بەشێکی زۆر لە پەیامی ئەم ساڵی خۆی بۆ بابەتی پێوەندییەکان و ئـالـۆگـۆڕی ئـــازادی زانـیـاری و گرینگییەکەی تەرخان کـردوە. ئۆباما لە گەڵ ئاماژە کردن بە شکۆمەندیی نـەورۆز و کلتووری ئێرانی، باسی لە زیادکردنی لەمپەرەکانی پێوەندیگرتن لە لایەن دەوڵەتی ئێران کرد و کوتی کە حکوومەتی ئێران بە سانسۆر و کۆنترۆڵی ئەمواجی ماهوارەیی، خەڵک لە دەستراگەیشتن بە تەکنۆلۆژیی نوێ بێبەش دەکا کە دەبێ خەڵک بە توانا بکەن بەڵام بە پێچەوانە لە ئاراستەی سەرکۆتی ئەوان کەڵکی لێ وەردەگیرێ. ئۆباما بە هێنانەئارای ئەو بابەتە کە ڕژێمی ئێران پەردەی ئەلکترۆنیکی بە دەوری ئێراند کێشاوە، بەڵێنی دا کە لە پێناو هەڵگرتنی ئەو لەمپەڕانە، هەندێک خزمـەتگـۆزاری بۆ دەستراگەیشتنی ئاسانتر بە ئینتێرنێت لە ئێران دابین بکا. بەشی سەرەکیی پەیامی ئۆباما جەخت کردنە سەر گرینگیی ڕۆڵی ڕاگەیاندن و ئینتێرنێت و مافی خەڵکی ئێران لە بەهـرەمـەنـدی لـەو خزمەتگوزارییانە بـوو. ئـەو بـابـەتـە بـە تـایـبـەتـی پاش گۆڕانەکانی جیهانی عەرەبی و ڕۆڵی بێ وێنەی ئالوگۆری زانیاری و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانی ئینتێرنێتی زیاتر لە جاران گرینگی پێ دراوە. ئۆباما ڕژێمی ئێرانی وەک پێشێلکەری مافی مرۆڤ ناساندوە و لە کۆتاییدا ئاماژەیەکی کورتی بە بەرنامەی ئەتۆمی کردوە. ئۆباما دەڵێ: «ئەرکی دەوڵەتی ئێرانە کە ڕێز لـەو مافانە بگرێ هـەر وەک ئەرکییەتی بەرپرسیارەتییەکانی لە بارەی بەرنامەی ئەتۆمی ئەنجام بدا.»

بـەشـی بـاس هـەڵـگـری پـەیـامـی نـەورۆزیـی ئۆبـامـا ئـەو بـەشـەیـە کە دەڵــێ: «ڕێـگـەم بـدەن دیـسـان بڵێم کە ئەگەر دەوڵـەتـی ئێران ڕێگەیەکی بەرپرسیارانە بگرێتەبەر جارێکی دیکە لـە کـۆمـەڵـگـەی وڵاتـان پێشوازی لێ دەکرێ و خەڵکی ئێران دەرفەتگەلێکی گەورەتریان بۆ سەرکەوتن دەبێت.» ئـەو بـەشـە لـە پـەیـامـەکـە زۆرێـک لـە دژبـەرانـی کـۆمـاری ئیسلامیی ڕەنجاندوە. دژبەرانی کۆماری ئیسلامی لەو بڕوایە دان کە ئۆباما بە بەفەرمی ناسینی کـۆمـاری ئیسلامی و ئاماژە کـردن بـەو لە تەنیشت خەڵکی ئێران و بە هێشتنەوەی دەرگای دیپلۆماسی لـە بـەرامـبـەر ئـێـرانـدا، دەرفـەتـێـکی زیـاتـر بـە دەسـەڵاتـدارانـی ئـێـران بۆ پێشێلکردنی مافی مرۆڤ و پەسندکراوە نێودەوڵەتییەکان دەدا. دەوڵەتی ئەمریکا لە لایەک کۆماری ئیسلامی بە ڕژێمێکی نابەرپرسیار، پێشێلکەری پەسندکراوە نێودەوڵەتییەکان، تێکدەری ئەمنییەتی جیبهانی، تیرۆریست و ... لە قەڵەم دەدا و لە لایەکی دیکە دەرگای دیپلۆماسی ڕوو بە ڕژیم دەکاتەوە و ڕەوایی پێ دەدا. لە لایەک ڕاستەوخۆ ڕادەگەیەنێ کە لە نارەزایـەتی دەربڕینی خەڵکی ئێران ئەگەر خوازیاربن، پشتگیری دەکا و گرینگی نـەدان بە خۆپێشاندانەکانی سـاڵـی ١٣٨٨ و بـزووتـنـەوەی سـەوز بە بەرهەمی خوازیارنەبوونی ئەوان دەزانـێ و لە لایەکی دیکە لە کۆماری ئیسلامی لە ئەگەری گرتنی ڕێگەیەکی بەرپرسیارانە پێشوازی دەکا!

ئەو سیاسەتە دووانەیەی ئەمریکا هـەم لە سـەر ئۆپۆزیسیۆنی کۆماری ئیسلامی لە دەرەوەی وڵات و هەم لە سەر چالاکانی مافی مرۆڤ لە نێوخۆی وڵات کاریگـەریی نـەرێنی دانــاوە و تێچوویەکی زۆری ڕووبـەڕوی ئەوان کردۆتەوە.

# تاوان، پووانێک بۆ بەرزبوونەوەی پلە و پایە

تەها ڕەحیمی

سـەعید مـورتـەزەوی دادسـتـانی پێشووی تاران و ناوێکی ناسیاو بەگوێ ئاشنای زۆربەی چالاکانی خوێندکاری، سیاسی، کۆمەڵایەتی و ڕۆژنامەنووسان پاش دوو ساڵ و نیو هەڵپەساردن لە لایەن سەرکۆماری دادپەروەرخوازی! کـــۆمـــاری ئیـســلامـیـیـەوە بــوو بە بـەڕێوەبـەری گـەورەتـرین ڕێکخراوی ئابووری حکوومەتی ئێران. ڕێکخراوی (تـامـیـن اجـتـمـاعـی) کـە گـەورەتـریـن ڕێـکـخـراوی بیمەیی وڵاتــەو نزیک بە ٤٠ میلیۆن کـەس دەخـاتـە ژێـر بیمەی خۆیەوە کە لەمێژە دەگەڵ گێرەو کێشەی جۆراوجۆر دەستەویەخەیە. ئێستاو لە کاتێکدا کە ڕێکخراوی (تامین اجتماعی) پێویستی بە بەڕێوەبەرو بەڕێوەبەریی تـۆکـمـە و پـسـپـۆڕو لـێـهـاتـوو هـەیـە سەرکۆماری کەسێکی بە سەرۆکایەتی بۆ ئەم ڕێکخراوە ئابووریی و گەورە وەبـەرهـێـنـەرە دانــاوە کـە ســەرەڕای ئەوەیکە هیچ پسپۆڕییەکی لەو بوارەدا نییە هیچ، هیچ شانازی و سەرکەوتنێک لە کارنامەی ڕابردوویدا جگە لە تاوان و سەرکوتی خەڵکدا شک نابا. سەعید مـورتـەزەوی کاتێک نـاوی لە بیروڕای گشتی ئێراندا زایـەڵـەی ڕەشـی دایـەوە کە بانەمەڕی ساڵی ١٣٧٩ بە جارێک ١٦ ڕۆژنامەی ئیسلاحتەڵەبی بۆ ماوەی کاتی داخست کە دواتر قەت پێنووسیان لێنووسی ڕەش نـەکـردەوە. نـاوبـراو یەکێک لەئەکتەرە گرنگ و لەمێژینەکانی دارێـژەری پـرۆژە ئەمنییەتیەکان دژی خوێندکاران و کەسیکە کە کارنامەیەکی درەوشـاوەی لە ڕابـردووی ئـەم چەند ساڵەی دوایی کۆماری ئیسلامیدا هەیە. ئاساییە کەسێک کە بە بێ هیچ خوێندن و بڕوانامەیەکی حقووقی ئـەویش لە تەمەنی ١٩ ساڵەییدا دەبێ بە (دادیـار) و ساڵێک دواتر سەرۆکی دادگەیەک و ڕۆژ بە ڕۆژ پلەو پێگەکان دەبڕێ دەبێ چ خۆشخزمەتێک بێ کە سەرەڕای تاوان و کوشتنی چەند هاووڵاتی و تەنانەت هاووڵاتیانی بیانیش بە بێ ئەوەی لە گوڵ کاڵتری پێ بڵێین دوای ماوەیەک کارێکی باشـتـری پـێ بسـپـێـرن. مـورتـەزەوی یەکێک لـە تـاوانـبـارانـی کوشتنی زارا کازمی هـاووڵاتـی ئێرانی کانادایی کە بە تۆمەتی وێنەگرتن لە بەندیخانەی ئەوین بە شێوەیەکی گوماناوی و لە ژێر دەستی ناوبراودا کوژرا، قەت لێیان نەپرسییەوە؛ ئەگەرچی ئەم کەیسە بوو بە هۆی دەنگ هەڵبڕینی هێندێک وڵاتی ئوروپایی و سـاردوسـڕی پێوەندیی کـانـادا دەگــەڵ ئـێـران. خـاتـوو زەهـرا کازمی هاووڵاتی ئێرانی کانادایی ڕۆژی دوویەمی پووشپەڕ ساڵی ٨٢ لە کاتێکدا وێـنـەی لـە کـۆبـوونـەوەی نـاڕازییـانی بنەماڵەی گیراوان دەگرت دەسبەسەر کـراو دوای دوو ڕۆژ واتـە چوارەمی پووشپەڕ درایەوە بە هێزە ئینتزامییەکان و ڕۆژێـک دواتـر بە هـۆی خوێنڕێژی مێشک گوزرایەوە نەخوشخانە و گیانی لـە دەسـت دا. مـورتـەزەوی هـەروەهـا یەکێک لە تاوانبارانی بڵاوکردنەوەی پرسیارەکانی تێستی کۆنکوری زانکۆ ئـازادیـش بـوو کـە سـەرەڕای داوای نوێنەرانی مەجلیس بۆ ڕوون بوونەوەی ڕۆڵـی نـاوبـراو لـەم کـارەدا دۆسیەکە بـە نیوەچڵـی مـایـەوە. مـورتـەوەزی لـە پێوەندیی لـەگـەڵ ئـەم دۆسـیـەیـەدا بەمجۆرە هەڕەشە لە بنەماڵەی چەند خوێنکارێکی زانکۆ ئەمیرکەبیر دەکا کە «هێشتا ئەشکەنجەی جینسیم نەداون کە بزانن ئەشکەنجە چییە ....»

مورتەزەوی تا بەر لە ڕووداوەکانی دوای هەڵبژاردنەکانی خولی دەیەمی سـەرکـۆمـاری و گـیـران و کـوژرانـی گوماناوی قوربانیان لە گرتووخانەی کـەهـریـزەک چـەنـد جـار بـە ئاشکرایی قانوونی پێشێل کردوەو هەموو جارێ «مصونیت» یکی پۆلایین و بێ مانا کە تەنیا لە سیستمی کۆماری ئیسلامیدا هـەیـە ڕزگـــاری کـــردوەو ســـەرەڕای هەموو تاوانەکان دیسان بەرپرسایەتی پێ بەخشـراوەتـەوە. بـەڵام لە ڕەوتی ڕووادوەکـانـی دوایـی هەڵبژاردنەکانی سـاڵـی ١٣٨٨دا بــەدوای کـوژرانـی ڕوحـولـڵا ئـەمـینـی کـوڕی یـەکێک لە گەورەبەرپرسانی نزیکی خامنەیی قازی سەعید «مصونیت» خـۆی لـە دەست دەدا. دیـارە قـازی سەعید هەموو ئەو کـارانـەی بـۆ خـۆشـخـزمـەتـی و زیـاتـر چـوونـە ژێـر بـاڵـی ڕێـبـەریـی کـردوەو هەموو جارێ بە ئاماژەی خامنەیی بووە کە قۆڵی لەم پێشێلکارییانە هەڵماڵیوە، دوور نـەچـین خـامـنـەیـی کـاتـێـک وتـی هێندێک لە ڕاگەیانەکان بوونەتە بنکەو پێـگـەی دوژمــن دەسـبـەجـێ ســەدان ڕۆژنامەنووسی بێکار کردو شیری لە ڕۆژنامان لە کاڵان دەرێنا.

ئیبرایم نـەبـەوی لـەم پێوەندییەدا بە ڕادیـۆ فـەردا دەڵـێ» مـورتـەزەوی بـــەرنـــامـــەی دادەڕشــــت کـێـشـە بۆ ڕۆژنامەکان بخولقێنێ یا دایانخا، چونکی خامنەیی وتبووی ئەو ڕۆژنامانە لاقیان لە بـەرەی خـۆیـان زیـاتـر ڕاکـێـشـاوە. سـەعـید مـورتـەزەویـش کـە موریدیی خۆی بۆ خامنەیی پاراستبوو دادەنیشت و بـیـری دەکـــردەوە خـامـنـەیـی چی مەبەستە بیکا. ناوبراو لە هیچ کارێکی ناشایست لە پێوەندیی دەگەڵ گرتن و دەسبەسەر کردنی چالاکانی مەدەنی و ژنان و ڕۆژنامەنووسان و هتد دوایی نەوەستا. بە جۆرێک کە نەسرین ستودە پارێزەری دادگوستەری تاران بە ڕادیو فــەردا دەڵــێ» سـەعـید مـورتـەزەوی بە پێی ئەزموونێک کە لە داخستنی فەلەیی چالاکان و ڕۆژنامەنووسانی ئیسلاحتەلەب هـەیـبـوو دەسـتـی کـرد بـە گـرتـن و ڕاوەدوونـــانـــی چالاکانی کرێکاری، ژنـان، خوێندکاری و کۆڕو کۆمەڵە مەدەنییەکانی دیکەو لە ژێر ناوی پڕۆژەی کۆ کردنەوەی لات و لووتان (اراذل و اوبـاش) دا کە بە دەستوری ڕاسـتـەوخـۆی سـەرکـۆمـار بـەڕێـوە دەچوو خەڵکێکی زۆر لە بەدنیخانەکان پەستاوت. کەواتە ئەوە هەموو ئاکامی خۆشخزمەتی مورتەزەوییە کە بە جێ ئەوەیـکـە محاکمە بکرێ پلـەی بـەرز دەکرێتەوە.

ئەگەرچی پاراستن و پشتیوانی لە مۆرەکانی وەفادار بە ڕێژیم و پارێزگاری لەو کەسانەی کە لە سەرکووتی خەڵکی ناڕازی و ئازادیخوازدا ئاڵقە لەگوێن و بە ئاماژەی گەورەکان تیرو شیر لە



خەڵکی دەسوون لایەکی مەسەلەکەیە، دەبـێ هـۆکـاری سـەرەکـیی ئـەم گوێ نەبزووتن و بە هێند نەگرتنەی بیروڕای گشتی و تەنانەت کۆڕو کۆمەڵە مەدەنی و هــەروەهــا مـەجـلیـسیش لـە لایـەن ئـەحـمـەدینـژادەوە بـە قـووڵـبـوونـەوەی هـەرچـی زیـاتـری کێشەی نـێـوان دوو شەریکە دەسەڵاتە نەگریسەکەی ڕێژیم واتـە بـانـدی ویلایـەتی فەقیە و باندی سەرکۆماری بزانین کە ئـەم ئینتسابە ڕووهەڵماڵداراوانە نەیەکەمێتی و نەک دواییینیشی دەبێ. مەجلیسی هەشتەم کە دوایی ساتەکانی خۆی تێدەپەڕێنی لە گرژترین دژکردەوەدا هەڕەشەی لە سەر کار لابردنی (استیضاح) وەزیری (تـعـاون و رفـاە) لـەسـەر هـڵـبـژاردنـی مورتەزەوی بۆ سەرۆکایەتی ڕێکخراوی (تـامـین اجـتـمـاعـی) هێنایە گـۆڕێ کە ڕاسـتـەوخـۆ بـە کـەسـێـک دادەنــرێ ناوبراوی بۆ ئەم پۆستە هەڵبژاردبێ. ئەگەرچی مورتەزەوی دوای دوو ساڵ و نیو هەڵپەساردن لە لایەن دەزگاکانی سەر بە باندی ویلایەتی فەقیهەوە (قوە قضایە) پشتی بە پشتی سەرکۆمارەوە ناوەو تەنانەت لە کاتی خۆناساندنیشدا بە جۆرێک خۆی پێ بە هـەڵـبـژاردەی ئەحمەدینژاد بوو کە سوکانی گەورەترین و دەولەمەندترین دەزگـەی ئـابـووری ئێران واتە (سازمانی تامین اجتماعی) وەئەستۆ دەگرێ.

کێبەڕکێ ئەندامگیری و ڕاکێشانی کەسانی دەسڕۆیشتوو و وەفـادار و تاقیکراوە لە دوای هەڵبژاردنی خولی نۆیەمی مەجلیسەوە ڕەوتێکی خێراتری بەخۆە گرتوەو ئەحمەدینژاد دەیـەوێ لە کۆتایی تەمەنی مەجلیسی هەشتەمدا کە باندی ڕێبەری ئەو زۆرینە ڕەهای هـۆڵـی مـەجـلیـس نـیـیـە لانــی کـەمـی مۆرەکانی سـەر بەخۆی لە سەفحەی شەترەنجی بەرەبەرەکانی لایەنی دیکەی ئوسوولگەرا بچنێ تا بتوانێ بەستێنێکی لەبارتر بۆ هەڵبژاردنەکانی داهاتووی سـەرکـۆمـاری بخووڵقێنێ کـە هەموو هەوڵەکان لە پێناوی ئەم ململانێیەدان. لـە لایـەکـی دیـکـەشـەوە حـکـوومـەت ئەگەرچی دوای هەڵبژاردنەکانی ساڵی ٨٨ هاوکات دەگەڵ هەڵخرانی بیروڕای گشتیی و ئاڵۆز بوونی کەشوهەوای نێوخۆیی و دەرەکی و حەساسییەت بە هێندێک ڕوومای دیاری گۆپاڵ بەدەستی وەک مورتـەزوەی کە لە لایـەن خودی دەسەلاتی پاوانخوازیشەوە بە هۆکاری سەرکوت و کوشت و بڕین ناسران؛ بۆ ماوەی کاتی و لە پێناو هێورکردنەوەی بارودۆخەکە هێندێک بڕیارو وەلانانی ئەمجۆرە مۆرانەی ڕەچاو کرد. بەڵام ئێستا دەگەڵ ئاڵۆز بوونەوەی ناوچەکەو نـزیک بــوونــەوەی هــەرچــی زیـاتـری شەپۆلی گۆڕانەکان لە جوگرافیای ئێران و شـپـرێـوی هـاوپـەیـمـانـە ستراتیژیک و زیـاتـر تـەریـککـەوتـنـەوەو شکستی دیپلۆماسی ڕێژیم بێ بایەخ بـوون و لـە دەسـتـدانـی پێگەی کـۆمـەڵایـەتـی لە نێوخۆو دەرەوە، سەرکۆمارو بە قەولێ حاکمییەت بە هێنانەوەی ئەو مۆرانەی کە لە بیروڕای نێوخۆی وڵاتدا بێزراون جۆرێک چاو سوورکردنەوە لە خەڵکەیە کە هـەر سات ئەگـەری سەرهەڵدان و گەشانەوەی پۆلووی بن خۆڵەمێشیان لێ دەکرێ. واتە دەوڵەت دەیەوێ بە خەڵک بڵێ کە لە ئەگەری سەربزێوی و ئاڵۆزیدا هەمان کەسانێک کە پێشتر پێشنیەی ڕق و کینەیان سەبارەت بەو خەڵکە سەلماوە لە مەیدان دان بۆ خنکاندن و دەمکوتیان. هەر لەم پێناوەدا دەبێ بڵێین سەرکۆمار کە بەشێکە لە بەرهی پاوانخوازان باش دەزانـێ پلەو پێگەی لـە چـاو کەسانی دیـکـەی بـێـزراوی خـەڵـکی نێوخۆو دەرەوە باشتر نییە و پشت بەستن بە کەسانی سەرکووتکەر کە زیاتر خەم لە چارەنووسی داهاتووی خۆیان دەخۆن و زیاتر لە خەمی مانەوەی سیستمدان بە هەر نرخێک، هەوڵ بۆ خڕکردنەوەی ئەم قوماشە خەڵکە دەدا لە پاڵ خۆی و لەم سۆنگەیەوە دەگەڵ باندی بەرانبەری پێشبڕکێیەتی کە لەمەودوا زیاتر بینەری قووڵ بوونەوەی ئەم ململانییە دەبین.

# هەژی بۆ مردن، بمرە بۆ ژیان
# چۆن قازانج ئەکەی تا نەکەی زیان

مستەفا شلّماشی

ئەو هۆنراوەیە کە دەکرێ بڵێین داهێنانێکی هونەرییە بە شێوەی هۆنراوە، وێدەچی لە وەسیەتنامەی سەرقافڵەی شەهیدانی کوردستان، پێشەوا قازی محەممەد وەرگیرابێ. خاوەنی ئەم هۆنراوەیەش، واتە نەمر مامۆستا برایم ئەحمەد بۆخۆی هەریەکێک لە ڕێبوارانی ڕێگای پێشەوا بووە. پێشەوا لە وەسیەتنامەکەی دا نێوەرۆکی ئەم هۆنراوەیە بە هەموو لاوانی کوردستان ڕادەگەیەنێ و داوایان لێ دەکا بۆ ژیان بمرن، نەک بژین بۆ مردن.

پێشەوای مەزنی گەلەکەمان بۆ خۆی وەک سەردارێک دەچێتە سەردار و بۆ ژیان دەمرێ و ژیانی ژێر چەپۆکی و خۆ بەدەستەوەدان قەبوڵ ناکا. ئەو لە دادگای بێ دادگایی حەمەڕەزاشادا لە جیاتی پاڕانەوە بۆ درێژەدانی ژیان، بە گژ داگیرکەران دا دەچێتەوە و لە ڕاستی دا موحاکەمەیان دەکا. بە دەنگێکی بەرز بەسەریان دا دەگوڕێنێ و لە جیاتی ترسان، ئەوان دەترسێنێ. هەر لە سەرەتای بەناو داگایی کردنەکەی دا بێباکی خۆی لە بەرامبەر مردن دا ڕادەگەیەنێ و جا ئەو کاتەیە کە لە لوتکەی بەرزی سەرفرازی ڕا پە یامی عەداڵەتخوازیی خۆی بە هەمو دنیا ڕادەگەیەنێ.

پەیامی لیبڕاوانەی پێشەوا ئەوەندە بە بڕشت و بە هێزبووە کە تەنانەت دیواری نەهێنیکاری و پەردەپۆشی دام و دەزگای حەمەڕەزاشاشدەبڕێ و هەر لە زمان بەکرێگیراوانی خۆیەوە بەرەو دنیای ئازاد باڵە فرکێ دەکا. بەخۆڕایی نییە کە سەروان کەیومەرسی سالّحی ویژدانی دەجووڵێ و ناتوانێ لەخۆبوردوویی و ئازایەتیی پێشەوا پەردەپۆش بکا و تەنانەت لە لیباسی ئەرتەشیی هەمان ڕژیم دا کە بێ تاوان پێشەوا شەهید دەکا، پەردە لەسەر جینایەتی ڕژیمەکەی و ئازایەتی و لە خۆ بووردوویی پێشەوای مەزنی کورد هەڵدەداتەوە. ئەو ئەفسەرەی ڕژیم دەڵێ:

من لە زۆر مەحکەمە دا بەشدار بووم، بەڵام کەسی ئاوا بەجەرگ و ڕووڕاستم نەدیوە، هەر ئەو لەخۆبوردوویی ونەترسییەش بوو کە کاتی ئیعدام کردن نەیهێشت چاوی ببەستن و فەرمووی حەزدەکەم لە دوایین لەحزەی ژیانم دا بە سەربەرزی و پڕ بە چاوەکانم لە نیشتیمانەکەی خۆم بڕوانم.



گەورەیی پێشەوا لەوە دا دەردەکەوێ کە تەنیا گەلەکەی خۆی ئیقرار بە دلسۆزی و بە جەرگی ئەو ناکا، بەڵکو دوژمنەکانی و خەڵکی بێگانەش مەجبورن سەری تەسلیم لە بەر دەم ئەو ڕوحە گەورەیە دانەوێنن. هەروەکو ئارچی ڕۆزوێڵتی ئەمریکاییش کە بۆ خۆی هاتووەتە مهاباد و چاوی بە پێشەوا کەوتوە دەڵێ:

وا دەردەکەوێ کە قازی محەممەد بیرو باوەرێکی زۆر پتەوی هەیە و ئامادەیە خۆی لە پێناوی دا فیدا بکا، ئەو ڕووناکبیرێکی لەسەر خۆ و زانایە بە بیرێکی نێونەتەوەیی و کراوەوە.

پێشەواقازی محەممەد لەو پەڕی دەستڕۆیشتویی و ژیانی خۆشەوە ڕێگای گیانبازی و لە خۆ بوردوویی هەڵبژارد. ئەو ڕێبەرەمەزنە لە یەکێک لە بنەماڵە بە ئیمکاناتەکانی ناوچەی خۆی بوو، هیچ کەم و کووڕییەکی لە ژیان دا نەبوو دەیتوانی لە چاوەڕوانیی مردن دا خۆشترین ژیانی سەردەمی خۆی بەسەر بەرێ. بەڵام بەڕاستی نەژیا بۆ مردن، بەڵکو ئامادەبوو بمرێ بۆ ژیانی گەلەکەی و مانەوەی ئەبەدیی خۆی. کەوابوو لە مەیدانی تاقیکاری دا پێشەوای سەروەر نێوەرۆکی ئەو هۆنراوە پڕ نێوەرۆکەی بە نمایش داناو بیگومان ئەو هۆنراوە داستانی لەخۆ بووردویی پێشەوا نەخشاندویەتی.

لە دەی خاکەلێوەی هەرساڵێک دا پێویستە سەری نەوازش بۆ ئەو قارەمانە ئاشتیخواز و لە خۆ بووردویە دانەوێنین و پەیمان لە گەڵ ئەو بلیمەتە و هەموو ڕێبوارانی شەهیدی تازە بکەینەوە کە بە ڕێبازەکەی وەفادار دەبین و تا بەدەستهێنانی ئامانجە پیرۆزەکانیان درێژە دەری ڕێگایان دەبین.

هەڵە چێنی

# چەکی «ناتونێ» کەرەستەیەک بەرەو چارەسەری کێشەی لەمێژینەی کوردان

مستەفا شێخە

ئەوەندەی مێژووی ئەم دواییانە لە یادی بێت، کێشەی دووبەرەکی و شارشارێن و شەڕەگەڕەکی کوردان لە سەردەمی دەستەڵاتداریەتیی سەفەوی و عوسمانییەکانەوە لەم کوردستاناتەی ئێمە بەرچاوە. بۆیە ئەیژم کوردستانات، چونکە دەکرێ بڵێین کوردستانەکان بەم هەموو جیاوازییەوە، یەکەیەکی گەورەتریان پێکهێناوە کە ئەکریەت پێی بێژی کوردستانات. بەمەرجێک وەک دانیشتوانی شاری سنە بیر نەکەینەوە و تەنیا بە سنە نەیژین کورسان، وشەی کوردستانات زۆر باشە و کۆمەڵێک کێشەمان لە کۆڵ دەکاتەوە. ئەگەر کەمێک پەلە بکەین و پێش ئەوەی ئەم وشەی کوردستاناتە وەک کۆمەڵێک وشەی دەستەوئەژنۆی دیکە لەلایەن یەکێک لە حیزبەکانەوە دەستی بەسەردا بگیرێت، بیقۆزینەوە، کێشەی زۆر گەورەمان لە کۆڵ دەبێتەوە.

کوردستانی ئێران و کوردستانی ئێراق و کوردستانی تورکیا و کوردستانی سوریا و جارێکی دیکە کوردستانی باشوور و کوردستانی ڕۆژهەڵات و کوردستانی ڕۆژئاوا و کوردستانی باکوور و هەر ئەمانەشە زۆرجار دەکەونە بەر ڕەخنەی شۆڕشگێڕانی دۆخی نەتەوەیی و بۆ وێنە دەڵێن کوردستانی ڕۆژهەڵات هەڵەیە و راست و درووستەکەی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە. هێندێک لە دۆستانی مۆڕ و لالووت ئەوەشیان پێباش نیە و لە جیاتی ڕۆژئاوای کوردستان یا کوردستانی ڕۆژئاوا دەڵێن باشووری بچووک. وادیارە دۆستانی مۆڕ و لالووت ئیمانی تەواویان بە نەخشە دانەسەپاوە نوێیەکەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست هەیە کە لەوێدا دەڵێن دوو بەشی کوردستاناتی ژێر چاودێریی ئێراقەبەریتانی و سوریا فەرەنساییەکە لەداهاتوودا تێکەڵ دەکرێنەوە.

سەرەڕای ئەوانەش، هەر لەناو پارچە جیاجیاکانی کوردستانیشدا کەم بەش و گەڕەک و ناوچە سەنەی ئەوی دیکە دەخوێنێتەوە و جاری وایە حیسابی کوردستان بوونیشی بۆ ناکات. هەولێری دەست بە سکیانەوە دەگرن و بە شاری هەڵمەت و قوربانی پێدەکەنن. سلێمانیەکان دەڵێن بوونی قەڵایەک و منارەیەک لە شارێکی گەورەی هۆلاکۆبەزێندا شوورەییە و ڕەنگە ئابڕووچونی بەدوادا بێت. ئەو پەتایە لە لای ڕۆژهەڵاتیش بە شەڕی نێوان موکریان و خوارووی کوردستان بەردەوامە و لە ئەوێ بەمەش ناوەستن و لەناو موکریانەکانیشدا بۆکانیەکان بە شاری بوداغ سوڵتان و مزگەوتی سوور پێدەکەنن و سابڵاخیەکانیش ددانی بەخێر بە بۆکانی بووکی موکریان‌دا ناهێنن و ئەوەی هیچ حیسابی بۆ نەکەن، حەوزە گەورەیە. بەم حاڵەوە ئەگەر کێشەکانی بەشی کرمانجی سەرووی بخەینە سەر و جارێکی دیکەش بگەڕێینەوە سەر ئەو ئەمارەتە ورد و درشتە کوردیانەی بە فیتی سەفەوی و عوسمانیەکان، ئێستاشی لەگەڵدابێت تۆوی ناکۆکی لە بەیار و کرێن و ڕەقەنی چیا و پێدەشتەکانیاندا هەروا دەڕژێ و دەڕوێتەوە، بەم ئاکامە دەگەین کە بە وشەی کوردستانات زۆربەی کێشەکان بنبڕ دەبن و لەناو دەچن.

لەم کوردستاناتەی خۆماندا دوو شاری هەولێر و سلێمانی ئێستاش هەر بەفیتی سەفەوی و عوسمانیەکان، لە پێشکەوتن و دواکەوتنی کوردستاندا کاریگەریی بەرچاویان هەیە. ئەگەر سەردەمی مافی ئافرەت و مافرەت و ژنان و منان نەبوایە و وەک جاران گەمەی سێبەردان باو بوایە، ئێستا سێبەردەم بۆ فڕێ دەدا و دەمگوت شەڕی ئەم دواییانەی دوو زلحیزبەکەی ئەم پارچەیەی کوردستانیش هەر دەستی سەفەوی و عوسمانیەکانی تێدابوو.

بەڵام ئەوانە هیچکامیان کێشەی ئەمڕۆی ئێمە نین و کێشەی سەرەکیمان ئەم دوو پاشگرەی «وانێ» و «تن»ەیە. دیارە «تن» مەودای جوگرافیای بەکارهێنانی فراوانە و لە هەولێرەوە بە شنۆدا تێدەپەڕێت و تا گوندەکانی دەلۆ و دەربەند و سامۆرتێ و ڕەشەکانی سەر لێواری گۆلی ورمێ دەگرێتەوە و «وانێ»ش جاری وایە لە سلێمانییەوە تا بانە پەل داوێت. «تن» پیتی «ت»ەکەی لەو فرمانەوە دزیوە کە پێیەوە دەلکێت و هەر ئەم «دەلکێت»ەی ئێستا لە کیبۆردمان دەرپەڕێ، دەبێت بە « دەلکێ-تن». «تن» تەنیا بە فرمانی داهاتوو لە دۆخی سێهەم کەسی تاکەوە دەلکێت، بەڵام «وانێ» بە هەموو فرمانێکەوە دەلکێت. وەک دەلکێتەوانێ، دەلکانەوانێ، لکابوومەوانێ، چوومە وانێ، خواردمەوەوانێ و بردمەوانێ. پێش ئەوەی خەڵکی سلێمانی خاکی شارەکەیان بە باش و خراپەوە بکێشنەوانێ و گۆلی وانێی پێ وشک بکەن، واباشە لە هەڵشێلان و هەڵخلاندنی ئەم «تن» و «وانێ»یە چەکی «ناتونێ» بەرهەم بهێنین و هەتا پەتای تن و وانێ ڕۆدەمرکێت ئەم ناتونێ یە بخەینە دوای هەموو فرمانەکانەوە.

بە بۆنەی ئەم داهێنانە بێوێنەیە، سەری ساڵی تازە و بەهاری کوردەواری لە هەموولایەکتان پیرۆزبیتناتونێ و ئەم ساڵەش بە خێر و خۆشی بەرنەسەرناتونێ.

# جواناو

بێبەش

وەک چۆن کوێستانی کوردستان پڕ بە دڵی تۆوی لالە و ڕەنگی بەڕوو و چاوی کانی ڕاگرتووە؛

کوردیش یادت لە نێو دڵی پڕ باوەڕی ڕادەگرێ، ماسییە سوورە چاو ڕەشەکەی کانیی ئەوین!

تۆ کە.... تا دوایین هەناسە پڕ لە تاسەکانی ژیانی لێوڕێژ لە شانازییت گەرنی بەرزت وەک ملی چیا بە هەیبەت و شەوکەتەکانی کوردستان و وەک ئاڵای سێ ڕەنگی خۆر لەسەر سنگی نیشتمان بەرز و شەکاوە ڕاگرت، تۆ کە تەلەسمی سامی مەرگت هەر وەک پشتی دوژمن شکاند، دڵنیابە هیچ گابەردێکی نێو نشێوی فەرامۆشی، هیچ هەرەسێکی بێوەفایی و، هیچ دڕکە جاڕێکی جودایی وەک نەیانتوانیوە ناتوانن تیشکی ڕووناکی خۆری یاد و خۆشەویستیت لە بن بێنن.

هەر بەیانییەک تیشکەکانی خۆری یادت لە بن کێلی گەردن سووری سەر مەرقەدت دێنە دەرێ و سینگی شەوی ڕەشی نەمان کون کون دەکەن و بەتینی وەک گەرمیی دەستی یاری جێژوان کۆرپە لە خەو هەڵدەستێنن.

کۆرپە هەڵدەستن و بە بزەی بتاوێنی سەهۆڵبەندانی ناهومێدی گڕ دەخەنە هەناوی ئازادیویست و جوانی پەرستانی کوردستان و دڵەکان دەخەنە کوڵ. کوڵ تروسکە دەخاتە چاو، کوڵ هێز دەداتە دەست و پێ، کوڵ دەبێتە گەردەلوول و خرۆشانی رقی دەریا.

یادت دەریایە ئەی شەهید، لەبن نایە.

لە هەر جێیە جواناوی تۆی لێرژاوە گوڵە گەنمی لێ ڕواوە بۆیە کوردستانم هەمووی ، بست بە بستی وزەی ژینە.

خوێنت لە هەر شوێنێ ڕژا لالەیەکی لێ ڕوواوە، بۆیە خاکی وڵاتی من لالەجاڕە، لالەکانت قەت سیس نابن لالەکان قەت ناوەرن، وەک باڵای تۆ زۆر لە خەزان بەهێزترن.

چیا و دەشتم شینە لە شینی یادگارە چاو شینەکەت، لە شینی بووکە دڵ بە برینەکەت، لە شینی دایکە جەرگ سووتاو و سەر بەرز و قژ بەفرینەکەت بۆیە شێوەی یادەکەی تۆ کوردستانیش هەر دەریایە.

یادت دەریایە ئەی شەهید، لە بن نایە.

دوایین ئاخت لە ناخی خاک و لەسەر سینەی ڕەوەز و لە توێی باڵای درەخت و تەنانەت لە نێو دڵی سندەگڵی لای سەنگەرت وەک خۆی ماوە و بە زایەڵەی ڕەمز و ڕازی نەمرییت و هەزاران هەزار دیوان لە شێعری پڕاوپڕ لە خۆشەویستی بە عاشقان دەڵێتەوە . کام عاشق هەیە لە عیشقدا شان لە شانی شەهید بدا؟ نازانم... نا

نووری دوایین نیگاکانی پڕ لە حەزت زاوەتە نێو هەر رووباری لە کوردستان ڕێ دەبڕێ بەرەو زەریا، بۆیە رووبار هەموو ڕوونن، ڕوونن وەکو بەرچاوی ڕوونی پێشمەرگە. لە نووری دوا نیگای تۆیە رووبار شۆڕەکاتی شەو دەبڕێ و سینەی شوورەی بێ هیوایی وجەرگی بەندی ستەم دەدڕێ.

بۆ سوورە گوڵی لە تینوان ژاکاوی لێوت کانیاوەکان هاتوونە کوڵ، بە ئاهەنگی پڕ لە سێحری نەوەستان هەستی هەستان هەردەم زیاتر وەجۆش دێنن. دەڵێی دڵی دایکە دەکوڵن. دەڵێی چاوەی چاوی بووکی دڵبڕاون. دەڵێی دڵی پێکراون، هەستەکان هەر لە جۆشن، کانیاوەکان هەر لە کوڵن.

لە ئامێدی دژی بێدادی دەورانە حەزت بۆتە بەڵێنی گشت کیژ و کوڕان لەگەڵ گرشەی ئەستێرەی چاو دەیدەن بە یەک، کۆنە ساڵان دەیزێننە نێو بزەی کۆرپەو کۆرپەش ئارامی پێدەگرێ. حەزت بۆتە هەستی پەنجەی ژەنیارەکان تێکەڵاوە لەگەڵ خوێن و دڵی دڵدارە لاوک بێژەکان، لەگەڵ خوێنی درشت و ورد. بۆیە لاوک بوونەتە گڕ، گڕ بەربۆتە گیانی حاشاکەرانی کورد.

دەریای یادت لە قامیشلوو بۆتە تۆفان ، گرمەی پێیەو هەناوی دژ دەلەرزێنێ، تیپ تیپ شەپۆلی هێناوە و هەر شەپۆلە و قەڵای بیری سوپای بەعس و ورەی پاسدار دەڕوخێنێ.

بریسکەی پێیەو بریسکەکان سینگی هەورە ڕەش و نەزۆکەکانی بەر ئاسمانی شینی مانی کورد شەق دەکەن و باوەش باوەش تیشکی بوون و هەبوون و هەرمان داوێنە بەرچاوی ڕەقیب، دەخەنە بەر دیدەی جیهان.

ڕێژنەی پێیەو لەسەر خاکی پاک و بێ ناز لالە و گەزیزە دەروێنێ . خۆ دەزانی لالە هێمای خوێنی تۆیە ، ئاه.... گەزیزەش مژدەی هاتی بەهاری جوان.

یادت بەهارە ئەی شەهید. بەهاری ئەو جیهانەی هەر وەرزێکە. دائیم سەوز ، سەوز هەر وەک دوو چاوی کیژی هەڵەبجە.

سەوز وەک گەڵای گوڵی هەڵاوەسراوی چوارچرا، وەک ڕەپستەی باران، وەک شاڵی شێخی پیران ، وەک پەلکی سەروی ڤییەن، سەوز و هەمیشە سەوز ..

وەک چۆن کوێستانی کوردستان پڕ بە دڵی تۆوی لالە و ڕەنگی بەڕوو و چاوی کانی ڕاگرتووە ؛

کوردیش یادت لە نێو دڵی پڕ باوەڕیدا ڕادەگرێ ماسییە سوورە چاو ڕەشەکەی کانیی ئەوین. ئەی شەهید.

.

# کە ڕێت کەوتە بیابانێکەوە، هەرگیز شوێن پێیەکانت مەسڕەوە

شوێن پێی ماندوویەکی بێزاریش ئەگەر لە بیابانێکی بێ سنووردا بمێنێتەوە باشترە لەوەی ڕێبوارێکی هیوابڕاوی پشوو لێ بڕاو پێی وابێ جیا لەو کەسی پێدا نەڕۆیشتوە و ئەو یەکەم کەسە و نەجاتی نابێ ... ئەوەی دوای ئێمە دێ نازانێ ئێمە نەجاتمان بووە یان لەو خۆڵ و خاکەدا لەپێ کەوتووین و مردووین کە لەبن پێی ئەو دایە،،، ئەو دەتوانێ بیکاتە بیانوویەک بۆ دەربازبوونی خۆی و دڵی خۆی بداتەوە

بۆیە کە بە بیابانێکدا ڕۆیشتی هەرگیز شوێن پێیەکانت مەسڕەوە

ئەوەی بە دوای تۆدا ڕێی دەکەوێتە ئەوێ ئەوەی دوای تۆ شەقی ڕۆژگار فڕێی دەداتە ئەوێ

با پێی وانەبێ هەرگیز کەسی پێدا نەڕۆیشتووە

هەستی تەنیایی تاقەتپڕووکێنە و دەیکوژێ

بەڵام شوێن پێیەکانی تۆ هەنگاوی پتەوتر دەکاتەوە

ئەو کاروانە نابڕێتەوە بۆیە لە پێناوی کەسانی دوای خۆشتا هەنگاو بنێ یان لانیکەم هەنگاوەکانت مەسڕەوە ،،، هاوڕێم

تۆ بۆچی هەنگاو دەنێی؟
ئەو پرسیارە لە خۆت بکە چما هەر بۆ ئەوە نییە لە مەرگ نەجاتت بێ؟

دەی خۆ مەرگ لە پێش هەموومانە. لەو بیابانەش نەجاتت بێ بگەیتە شاریش لە نوێندا دەمری ... کە تۆ شوێن پێیەکانت بسڕیتەوە مەرگت مسۆگەرە بەڵام شوێن پێیەکانت ئەگەر بمێنن تەنانەت نەشگەیتەوە شار هەر نامریت و مەرگ زەفەرت پێ نابا

ئەوەتا حاجی قادر و نالی و وەفایی لە غوربەتیشا مردن و گۆڕ غەریبیش بوون بەڵام زیندوون و هەر ماون و ڕۆحیان لە دەمار و خوێنی بەرهەمەکانیاندایە و شوێن پەنجەی دیارە .

ڕەسوڵ سوڵتانی

KURDISTAN
The Organ of Kurdistan Democratic Party
NO: 580 4 April 2012

ماڵپەڕی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان، رۆژنامەی «کوردستان»، رادیۆ دەنگی کوردستان لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێت دا:

www.kurdistanukurd.com
info@kurdistanukurd.org info@kurdistanukurd.com
www.kurdch.tv Hotbird:6 MHz 11604
polarization: Vertical-SR: 27500 - FEC

www.radiokurdistan.net
dengikurdistan@gmail.com
Radiopdk_Iran@yahoo.com
Tel: 009647701597268

تەلەفوونی تەشکیلاتی نهێنی:
009647701901658
Kdp:Tashkilat@gmail.com
Tashkilat82@yahoo.com

## بەشداریی تیمێکی کۆنگفۆی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە پێشبڕکێیەکانی پارێزگای هەولێر



تیمێکی کۆنگفۆی سەر بە حیزبی دێموکراتی کوردستان لە پێشبڕکێیکانی پارێزگای هەولێر بەشداری کرد و پلەی سێهەمی بۆ خۆی دەستەبەر کرد.

لە ماوەی رۆژانی هەینی و شەممە ٢٦ و ٢٧ی رەشەمەدا تیمێکی کۆنگفۆی سەر بە حدک لە شارۆچکەی مەسیف بەشداری لە رکابەرییەکانی پارێزگای هەولێردا کرد.

ئەو پێشبڕکێیانە بە بەشدارای ١٠ تیمی سەر بە پارێزگای هەولێر و لە هۆڵی ئاراراتی شارۆچکەی مەسیف بەڕێوەچوون کە تێیدا ئەنسار ساڵحی لە کێشی ٧٠ کیلۆدا پلەی یەکەم، هەردی عەباس نیا لە کێشی ١١٠ کیلۆدا پلەی یەکەم و سەلاح خەلیل بەیگی لە کێشی ٦٥ کیلۆدا پلەی دووهەمیان دەستەبەر کرد و توانیان لە کۆی تیمەکان سێهەم بێنەوە.

## بەڕێوەچوونی فێستیڤاڵی وێنەکێشان بۆ منداڵانی کەمپەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە نەورۆزدا



ناوەندی منداڵپارێزیی رۆژهەڵاتی کوردستان لە یەکەم رۆژی نەورۆزدا فێستیڤاڵێکی وێنەکێشانی بۆ منداڵانی کەمپەکانی سەر بە دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان بەڕێوەبرد کە تێیدا منداڵان لەسەر کاغەزێکی ٥٠ میتری لە یەکێک لە سەیرانگاکانی شاری کۆیە وێنە دڵخوازەکانی خۆیان کێشایەوە و هەرکام بەجۆرێک ئاوات و پەیامی خۆی بۆ منداڵانی کوردستان دەربڕێ کە لە نێو پەیامەکانیاندا دەکرێ ئاماژە بەم پەیامانە بکرێ : نەورۆزتان پیرۆز بێ، ئێمە وڵاتێکی ئازاد و دوور لە شەڕمان دەوێ. وڵاتی ئێمە کوردستانە.

## یونسکۆ شاری ورمێ لە پێرستی شارە نێودەوڵەتییەکاندا تۆمار دەکا

رێکخراوی یونێسکۆی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان رایگەیاند لە مانگی داهاتوودا شاری ورمێی رۆژهەڵاتی کوردستان لە ریزی شارە نێودەوڵەتیەکانی جیهاندا تۆمار دەکات.

بە پێی یەکێک لە بەرنامەکانی رێکخراوی جیهانی یونسکۆ، هەزار شاری جیهان لە ریزی شارە نێودەوڵەتییەکاندا تۆمار دەکرێن کە شاری ورمێ یەکێک لەو شارانەیە.

یونێسکۆ بە ئامانجی زیاتر ناساندنی شارە دێرینەکانی جیهان کە چەندین کلتور و نەتەوە و ئایین لەنێویاندا ژیاون، بەرنامەی ناساندنی



هەزار شاری نێودەوڵەتیی تۆمارکراو لە رێکخراوەکەی پێشکەش کردوە.

شاری ورمێ کە ناوەندی پارێزگای ورمێ (ئازەربایجانی رۆژئاوا) یە لە رۆژهەڵاتی کوردستان و دەکەوێتە باکووری رۆژئاوای ئێران، دوو نەتەوەی سەرەکی کورد و ئازەری و چەندین کەمە نەتەوەی وەک کلدان، سریان، ئاشووری و ئەرمەنی تێدا دەژین و هەر لە کۆنەوە شوێنی پێکەوە ژیانی ئایینەکانی ئیسلام، مەسیحی، زەردەشتی، جوولەکە (یەهوودی) و ئەهلی حەق بووە.

ورمێ لە کەنار ئاوە سوێرەکان و دورگە دڵڕفێنەکانی دەریاچەی ورمێ هەڵکەوتوە. هەبوونی چەندین کلیسا و دێری مەزن و مێژوویی و هەروەها پێکەوە ژیانی چەندین ساڵەی کوردانی سوننی و ئازەرییە شیعەکان و بەکاربردنی چەندین زمانی وەک کوردی، ئازەری، سریانی و کەلیمی لە تایبەتمەندییە بەرچاوەکانی ئەو شارە دێرینەیە.

## بەڕێوەچوونی رێوڕەسمێک بۆ رێزگرتن لە یادی مەسعوود محەممەد

لە ١٠ ساڵەی کۆچی دوایی مامۆستا مەسعود محەممەد، نووسەر و زمانزانی کورد رێوڕەسمێک لە شاری کۆیە بۆ رێزگرتن لە یاد و بیرەوەریی ئەو کەسایەتییە ئەدەبی و روناکبیرییەی کورد بەڕێوە چوو.

لەو رێوڕەسمەدا کە رۆژی ١٣ ی خاکەلێوە بە بەشداریی کۆمەڵێک لە کەسایەتییە سیاسی، ئەدبی و روناکبیرییەکانی کوردستان و نوێنەرانی حیزبە سیاسی و لایەنەکانی دیکە لە سەر گڵکۆی نەمر مەسعوود محەممەد پێک هات، چەند کەسایەتیی سیاسی و روناکبیری و یەک لەوان شیخ چابوک، قایمقامی کۆیە، رەهبەر سەید برایم، بەرپرسی مەڵبەندی رێکخستنی کۆیەی یەکیەتیی نیشتمانی و مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەن زادە لە سەر لایەنە جیاوازەکانی ژیانی سیاسی و رووناکبیریی مامۆستا مەسعود محەممەد قسەیان کرد.

مامۆستا حەسەنزادە لە قسەکانی دا وێڕای ئاماژە بە چەند لایەنێکی بەرزی کەسێتیی مەسعوود محەممەد باسی ئەوەشی کرد کە مامۆستا مەسعوود محەممەد نە لە ژیان دا و نە دوای مردنیشی رێزی شایانی خۆی لێ نەگیرا و بەشداریی کەمی خەڵک لە رێوڕەسمی ١٠ ساڵی کۆچی دوایی بەڕیزیانی بە نموونە هێنایەوە کە دەبوا بە سەدان هەزار کەس لە خەڵکی کوردستان بەشدارییان تێدا کردبا.



## ژمارە ٣٣ی گۆڤاری «ژنان» چاپ و بڵاو کرایەوە

گۆڤاری ژنان کە گۆڤارێکی وەرزانەیە و یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان دەری دەکا، ژمارە ٣٣ی لە ژێر چاپ هاتەدەر.




ئەم ژمارەیەی گۆڤاری "ژنان"یش بە کۆمەڵێک وتاری جۆراوجۆری پێوەندیدار بە خەبات و دەسکەوتەکانی ژنان، پەیام و بەیاننامەکانی یەکیەتی ژنان لە پێوەندی لەگەڵ ٨ی مارس، ٦٥ ساڵەی دامەزرانی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان و کۆمەڵێک بابەتی ئەدەبی، کۆمەڵایەتی و... کەوتە بەرچاوی خوێنەران.




بەر لە ماڵاوایی

## نەورۆز و خەباتی نەتەوایەتی

وریا رەحمانی

ئەگەر بۆ نەتەوەکانی دیکەی غەیری کورد نەورۆز تەنیا نمادی نوێبوونەوە و دەسپێکی ساڵێکی دیکەی هەتاوی یە و زیاتر وەک نەریتێکی کۆنی فەرهەنگی و کۆمەڵایەتیی مێژوویی چاوی لێدەکرێ، ئەوا بۆ کورد و خەڵکی کوردستان هەر لە کۆنەوە و بەتایبەت لەم چەند دەیەی دواییدا وەک هێمایەکی بەرەنگاری و بەرخۆدانی نەتەوەیی و نیشتمانیی لێ هاتوە. نەتەوەیەکی زیندوو هەوڵ دەدا بەردەوام خۆی بە پێی هەلومەرجە جۆراوجۆرەکان و لەگەڵ هەر ئاڵوگۆڕێکی نوێدا نوێ بکاتەوە و هەروەها بۆنە و نەریتە جیاوازە مێژووییەکانیش لە دەروونی خۆیدا بە پێی بارودۆخەکانی سەردەم و زەروورەتەکانی زەمان بە شوناس و پێناسەیەکی گونجاو و نوێترەوە بەرهەم بێنێتەوە. بەتایبەت پاش کۆتایی هاتنی قۆناغی شەری سارد و پێکهاتنی فەزایەکی کراوەتری دەرکەوتن لە جیهاندا بەگشتی و لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستیشدا بەتایبەتی و هەروەها لەبار نەمانەوەی شێوازی خەباتی چەکداری لە بەشە جیاوازەکانی کوردستان بەگشتی و بەتایبەت لە رۆژهەڵاتی کوردستان و پەی بردن بە زەرفییەتە قووڵەکانی شێوازی خەباتی مەدەنی و جەماوەری بۆ گەیشتن و دەستەبەر کردنی ئامانجە رەوا و میللی_ دێموکراتیکەکانی نەتەوەیی کورد، نەورۆز و بەرز کردنەوەی ئاڵای کوردانەی نەورۆز لەم راستایەدا هەرچی زیاتر خۆی دەنوێنێ. بۆنەخوڵقێنی و بۆنە نرخێنی لە چوارچێوەی خەباتی مەدەنیی جەماوەریدا دەتوانێ دەورێکی کاریگەر و بەرچاوی هەبێ. زۆر گرینگە کە ئەحزاب و لایەنە سیاسییەکان و هەروها جەماوەری خەڵکی خەباتگێر و مافخوازی کوردستانەوە گرینگییەکی زیاتر بە نەورۆزی کوردەواری بدەن و بە دیدێکی فەزا نرخێنانەی موسبەتەوە لە نەورۆز بڕوانن و هەوڵ بدەن لە زەرفییەتە ئازادیخوازانە و دێموکراتیکەکانی ئەم نەریتە کۆنە کەڵکێکی دروست وەرگرن و بیکەنە بەستێنێکی لەبار بۆ بەرجەستە کردنەوەی ویست و داخوازییە نەتەوەییەکان و راکێشانی سەرنجی ناوچەیی و جیهانی بەرەو پرسی لەمێژینەی کورد لە رێگایەکی شارستانیانە و ئەکتیڤی ئەمرۆییەوە.

تا ئێستا دوای زمانی کوردی نەورۆز توانیویەتی دەورێکی هاوپێوەندییانەی باشی لە یەکگرتوویی و یەکبوونی نەتەوەیی کورد بەتایبەت لە ناوچە جۆراوجۆرەکان و پارچە جیاوازەکانی کوردستاندا هەبێ و ئەوە خود پووانێکی یەکجار بەنرخ و کاریگەرە کە کوردی لە پەرتەوازەیی و بێ مەیلی بە نیسبەت یەکەوە دوور خستۆتەوە. کورد لە هەر کوێیەکی دنیا بێ هەوڵی داوە بە نمادی کوردییەوە بەرەو پیری نەورۆز بچێ و جیاوازی و سەربەخۆیی نەتەوەیی خۆی لەم رەهەندەوە بەگشت جیهانیان و بەتایبەت نەتەوە باڵا دەستەکان و رێژیمەکانی وڵاتانی داگیرکەری کوردستان نیشان بدات. گرتنی جەژنی نەورۆز و بەڕێوەبردنی رێوڕەسمی تایبەتیی کوردی بەم بۆنەیەوە لە شوێن گەلێکی وەک قەزاقستان، ئەرمەنستان، خۆراسان، ئیستانبول، لوبنان و هەر چوار پارچەی کوردستان بە شیوەی جۆراوجۆر هیچ نەبێ ئاستی هەستی نەتەوایەتیی کوردیی راشکاوانە بەرزتر کردەوە و بازنەی بیری نەتەوایەتییشی بە شێوەیەکی حاشا هەڵنەگر بەرفراوانتر و بەرینتر لە جارانی خۆی کردۆتەوە. لە راستیدا دەرفەتە نەتەوەییە مێژووییەکان هەمیشە بە شێوەیەکی دڵخوازانە و لە بار، هەڵناکەونەوە و نەتەوەیەکی زیرەک و زیندوو ئەوەیە کە بە باشترین شێوازی مومکین کەڵکیان لێ وەردەگرێ. رەنگە هەمیشەش وا هەڵنەکەوێتەوە کە هێز و هەڵوێستی سیاسیی کوردی بتوانێ جەماوەرێکی مافخوازی بەبیر و باوەڕ لە بۆنەیەکی تایبەتدا لە دەوری یەک کۆ بکاتەوە. هەر بۆیەش پێویستە هەڵوێستی سیاسیی کوردی بەتایبەت هێز و لایەنە کاریگەرەکانی نێو بزووتنەوەی سیاسیی کوردستان هەوڵێکی جیددی بدەن بۆوەی کە بە باشترین شێوە و بە شێوازێکی ئاشتیخوازانە و مەدەنییشەوە لەو کۆبوونەوانەی نەورۆزانەی خەڵکی کوردستان لەپێناوی گەیشتن بە ئامانج و داخوازییە نەتەوەییە رەواکانی کورد کەڵکێکی زیاتر وەربگرن. پێویستە نەورۆز لەو تاک رەهەندییەی ئێستای دەربێنن و وێڕای پاراستنی شوناسە فەرهەنگی و مێژووییەکانی هەوڵێکی جیددیتر وەگەڕ بخەین بۆوەی بە تێگەیشتنێکی باشتر و ئەمڕۆییانەتر لە زەرفییەتە گونجاوەکانی، شوناسێکی خەباتگێرانە و مافخوازانەی، رەهەندی مەدەنی و جەماوەریی خەبات و بزووتنەوەی سیاسیی کوردستانیشی پێ ببەخشین. ئەمەش لە مەیداندا بوون، گەمەی بەردەوامی دەوێ. نەورۆز لەو باشترین هەلانەیە کە کورد دەتوانێ بۆ حزوور و گەمە سیاسییەکانی خۆی لە مەیدانی خەباتی نەتەوەیی بەرامبەر بە حکوومەتە داگیرکەرەکانی کوردستان کەڵکی باشی لێ وەرگرێ.